# قەڵەم

## گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتی سەربەخۆیە

## ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران _ تاراوگە دەری‌دەکات



**سەرنووسەر:**

فەڕۆخ نێعمەتپوور

**دەستەی نووسین:**

عەلی مەعروفی

حیشمەت خوسرەوی

ئیسماعیل کوردە رواندزی

جەمال ئەحمەدزادە

ئاوات مەحەممەد

فەرهاد نێعمەتپوور

ناسر سەلاحی

**ژمارە "٥" جولای ٢٠٠٥**

**خوێنەری ئازیز! گەر دەتەوێ لە گەڵ گۆڤاری قەڵەم هاوکاری بکەی، تکایە ئەم خاڵانە رەچاو کە:**

- وردبینیی پێویست لە رێنووس‌و رێزمان‌دا بەکار بێنە.
- بابەتەکەت نابێ پێشتر بڵاو کرابێتەوە.
- سەرچاوەو پەراوێز با ئاماژەیان پێ‌بکرێ.
- لە پێناو ماناو زمانێکی روونتر، گۆڤارێ قەڵەم بە مافی خۆێ دەزانێ کە بە گوێرەێ پێوێست دەستکاری بابەتەکان بکات.

**هەر بابەتێک تەعبیر لە رای نووسەرەکەی دەکات.**

# ناوەڕۆک:


پێشەکی ................................................ لاپەڕە ٣

**وتار:**

سێدارە، کردەیەکی مانا بزر لە ناو خەونی دادوەریدا .... ٨ فەرهاد نێعمەتپوور
خوێندنەوەیەک بۆ مودێلەکانی فیدرالیزم .................. ١٧ حیشمەت خوسرەوی
جیهانی ئیمڕۆو مەسەلە دیموکراتییەکان ...................... ٢٦ ئاوات محەممەد
چەمکی راگەیاندن ............................................... ٥٠ حیشمەت خوسرەوی

**ئەدەب:**

کۆپلەبیر ........................................ ٦٢ فەروخ نێعمەتپوور
لەزارەکییەوە بۆ نووسین ................. ٧٣ وەرگێڕ لە نەرویجییەوە: فەروخ نێعمەتپوور

**چیرۆک :**

فریشتەی منداڵێک .................. ٨٦ فەریدە نەقشی
گەڕانەوە ........................................ ٨٩ وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: هێرش هاشمی
تیری.لەی.لەم .................................. ٩٥ وەرگێڕ لە عەرەبییەوە:ئارام حەمە شەریف

# پێشەکی

**خوێنەری ئازیز!**



**تاریخی٢٠٠٥،٢٠،٠٢ حەوت ساڵ بـــە ســـەر دامەزرانـــدنی "" ئەنجومـــەنی قەڵـــەمی کوردســـتانی ئێـران _ تاراوگـە""دا تێپـەڕی. هـەر وەک لـە بەیاننامـەی دەسـپێکردنی هەڵسوڕانی ئەنجومەن‌دا هاتبوو، مەبەسـت لـە دامەزرانـدنی ئـەم رێکخراوەیـە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی رۆشنبیران، خزمەت بە ئەدەب‌و کەلتوری کـوردی، دروست‌کردنی دەنگی سەربەخۆی رۆشنبیری‌و ... هتد.**

ئەوەی راستی بێت ئەنجومەن توانی سەرەڕای هەموو کەم و کوڕی و گازندەکان، لە پراکتیزەکردنی ئامانجەکانی خۆیدا هەنگاوی باش هەڵبگرێ و دەوری تایبەتی خۆی بگێڕێ. بەڵام گرنگترین بوارو ئامرازی ئێمە کە هەر لەو کاتەدا ئامانجیشمان بوو، دەرکردنی گۆڤارێک بوو تا لەو ریگایەوە مانایەکی تەواو بە خەونەکانمان بدەین. بۆیە دوای ساڵێک، لە پاش هەوڵ و ماندووبوونێکی بێ وچان توانیمان دەست بە دەرکردنی گۆڤاری قەڵەم بکەین و تا بەهاری ٢٠٠١ پێنج ژمارەمان لێدەرکرد.

ناسەقامگیری ئەندامانی ئەنجومەن لە باری شوێنی ژیانیانەوەو کۆچی ژمارەیەکی بەرچاویان بەرەو هەندەران، دەرکردنی گۆڤارەکەی بۆ چەند ساڵێک راوەستان. بەڵام ئەمە بە مانای کۆتایی هاتنی تەمەنی ئەنجومەن نەبوو، بۆیە سەرئەنجام لە پاش خۆگرتنەوەو سەقامگیر بوونمان بیرمان لە درێژەدانی پرۆژەکە کردەوەو ئەوەی ئێستا لە بەردەستدان‌دایە ژمارەیەکی نوێی قەڵەم لە دەوری دووهەمی کارو هەڵسوڕانی خۆیدایە.

بێ‌گومان بارودۆخی نوێی ژیان چ لە باری مادییەوەو چ لە باری ئەزموون و سەرچاوەوە، ئەنجوومەنی خستووەتە ناو دۆخێکی لەبارترەوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا دوورکەوتنەوەو بەرین بوونەوەی مانای تاراوگە، ئەزموونی راستەوخۆی کێشەکانی لە ئێمە تا رادەیەک ئەستاندووەو رەنگە ئەمە کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر بابەت و نووسینەکان هەبێ، بەڵام دڵمان بەوە خۆشە کە هێشتا ژمارەیەکی ئەندامانی ئەنجوومەن لەوێ دەژین و جگە لەمە، ئومێدەوارین بەوەی کە خوێن و وزەی تازە بێتە ناومان و بەم شێوەیە نووسینەکان لە پەیوەندیەکی تۆکمەو نەپچڕدا بن لەگەڵ کێشەو خەون و خەمەکانی ئەو نیشتمان و ناوچەی کە ئێستا خاڵ و پنتی هەرە ناسەقامگیری دونیایە.

دیالۆگ و رەخنە، چەمکە هەرە گرینگەکانی ئێمە بوون. هەوڵمان دا کە لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە ببینین و بدوێین، بخوێنین و بپەیڤین، یا خود رامێنین و رۆنێین. لەوکاتەی‌دا کە لە فەزای پڕاوپڕ سیاسی‌دا جگە لە زمانی سیاسی،

هەموو زمانەکانی دیکە بزر یا خود گەلێک لاواز بوون، ئێمە لەم ڕێگایەوە ویستمان دەنگی تر بنیات بنێین. ئێمە پێمان وابوو کە سیاسەت بە تەنیا لەنگەو ڕێ دەرناکاو گەلێک لەم ڕێگا ئەستەمەدا تەنیایەو بووەتە پاڵەوانو بە داخەوە سەردەمی پاڵەوانەکانیش بە سەر چووە! ڕێگای درێژی کردەیەکی سیاسی کلاسیکی، چەقبەستوویی‌و نەبوونی پەیوەندێکی ئەورۆییانە لە گەڵ فیکرو سەردەمی نوێ، هەموومانی خستبووە بیرەوە. دروستکردنی مانایەکی نوێ لە "بەرامبەر"" پێویست بوو. بەرامبەر ئیتر تەنیا مانایەکی دەرەکی نەبوو، ئیتر تەنیا غەیری من نەبوو، بەڵکو ئێستا هەڵیدەدایە مانایەکی دەروونی‌و لە دوالیزمی من (چاک) ئەو (خراپ) دوور دەکەوتەوەو فەزا سادەکەی جاران دەبوو بە فەزایەکی ئاڵۆز. گەڕانەوە بۆ خود دەسپێکی ئەم جووڵەیە بوو. چوونە سەرەوەی ئاستی وشیاری‌و داواکاریەکانی کۆمەڵگاو کەڵەکەبوونی لە ڕادەبەدەری نەوتراوەکان، دەیخواست کە شاردراوەکان بدرکێن، دەیخواست کە ئەوەی هەموو دەیانبینی‌و بەڵام نەدەوترا، بگوترێت! دەیخواست کە ئازایەتی گوتن بێتە ئاراوە. یەکێک لە فورمەکانی ئەم گوتنە، فۆرمی سیاسی بوو، بەڵام فورمەکانی دی کە فورمی فیکرو ئەدەب بوون بەرە بەرە پێویستی خۆیان دەردەخست. فۆرمی سیاسی ئەم گوتنە، تا ڕادەیەک خۆی پیشان دەدا، بەڵام ئەوانی دی بزر بوون. لە ڕاستیدا فیکری گۆڕین کە هەموو عەوداڵی بوون بە بێ ئەم بەخۆداچوونەوە نەدەهاتە چێ کردن. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کۆمەڵگای ئێران لە ساڵی ۹۷ ەوە پێی نابووە ناو جووڵەیەکی ریفۆرمخوازی کە لانی کەم لە بواری فەرهەنگی‌و فیکردا لە مێژووی ئەم وڵاتەدا بێ وێنە بوو، وەها کە تەنانەت بەشێکی دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیشی لە گەڵ خۆی پەلکێش کردوو ئەوانیشی خست ژێر سریمەی خۆیەوە.

دووپاتبوونەوەکانی فەزای تاراوگە، جووڵەی بەرینی فەرهەنگی لە ئێران‌و ئەو فەزا ڕۆشنبیرییە چالاکەی کە لە کوردستانی عێراق پێکهاتبوو، ئێمەیشی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. فەزای کراوە، هەموومانی بەرەو کرانەوەو کردنەوە پەلکێش دەکرد. نزیک کەوتنەوە لە ژیانی شارنشینی‌و

دووركەوتنەوە لە فەزای میلیتاری، بەرە بەرە بواری تازەی دەرەخساند. نیازو پێویستیی چێکردنی فەزای فیکریو فەرهەنگی، راوەستان لە سەر توانای بیرکردنەوەو جولەی تاک، پێداچوونەوە بە نۆرمە باوەکانی شێوازی بیر کردنەوەو سەرئەنجام قورسایی بیری کۆمەڵی مەدەنی، دەروازەکانی بەرووی جیهانێکی دیدا دەکردەوە. دەرکەوتنی ئاسۆ نوێیەکان، خۆبەخۆ تێرامانێکی لە ئاست ئێستاو رابردوودا دروست دەکردو ئەمە دەبووە هۆی دەسپێکی شەڕێکی سپی، واتە شەڕێک کە لە سەر لاپەڕەکانو لە ئاستی وشەدا رووی دەداو تەنانەت بە مانا سیاسیەکەیشی بواری دیکەی خەباتی دەرەخساند. بۆ ئەوانەی بە شەڕی میلیتاری راهاتبوون، کردنەوەی ئەم بوارە زۆرتر وک گاڵتە دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئەمە رۆحی سەردەم بوو و وەک بینیمان تەنانەت لە کوردستانی ئێرانیش یەکجار پەرەی سەندو ئێستا لە ناوخۆ ئاستێکی بەرینی داگیر کردووە. هەڵبەت ئەگەر چی ئەو نەریتەی کە گۆڤاری قەڵەم لە ناو کوردەکانی ئێران لە کوردستانی عێراق داهێنەری بوو، نەبوو بە رەوتێک، بەڵام گۆڤاری قەڵەم پێش لە هەموو بڵاوکراوەکانی کوردی ئێرانی کە لەوێ دەردەچوون، رۆحی گۆڕانکارییەکانی فەرهەنگی لە ناوخۆی ئێرانو لە کوردستانی رزگارکراودا دەرک کردو قۆستیەوە. هەڵبەت ئەمە هیچ سەربەرزیو شانازییەکی تێدا نیە، ئەوەندەی کە مرۆڤ لە ئاست کەم جووڵەییو درەنگ وەخەبەرهاتنی پێشرەوەکان تووش دڵەراوکێو نیگەرانی دەکا!

++++++

کاتێک بە یەکێک لە دۆستانمان گوت کە خەریکی دەرکردنەوەی گۆڤاری قەڵەمین ، گوتی:" گەر گۆڤاری قەڵەم وەک جاران دەربچێت، لاوازە، بەڵام گەر وەک ئەمڕۆ دەربچێت، ئەوە بەهێزە!" بەڵام ئەو شتانە چین کە گۆڤارێک ئەمرۆیانە دەکا؟ بێگومان هۆکارەکان گەلێک زۆرن، بەڵام دوو هۆکاری هەمیشە گرنگ ئەمانەن: یەکەم پەیوەندی بەردەوام لە گەڵ فیکرە نوێیەکان، دووهەم خوێندنەوەی کۆمەڵگا لە ژێر تیشکیاندا. جگە لەمە

کۆمەڵگای کوردستان لە چاو شەش ساڵ لەوە پێش کە دەستمان بە دەرکردنی قەڵەم کرد، گۆڕاوەو ئەمە لە خۆیدا چەمکی نوێو دیکە لە گەڵ خۆیدا دێنێ. بۆ وێنە ئیتر خەباتی چەکداری دیاردەی سەرەکی نیەو رووداوەکان بە هێڵێکی دیکەدا تێدەپەڕن. کەواتە خۆ خڕکردنەوە لە سەر ئەم چەمکە گرنگیی خۆی لە دەست داوە. بەڵام هێشتا کۆمەڵی مەدەنیو گلوبالیزاسیۆن گرنگیی تایبەتی خۆیان پاراستووەو لە پاڵ ئەواندا دیاردەی دەستێوەردانی چەکدارانەی زلهێزەکانی دنیا کە جیلوەی سەربازیانەی گلوبالیزاسیۆن لە ناوچەکەدایە، هێشتا گرنگیەکی گەلێک زیاتری هەیە. شەڕێک کە دەتوانێ وەها بگۆڕێ (بەدەر لە لایەنە نیگەتیڤو پۆزەتیڤەکانی) کەواتە تەنیا مانای سیاسی نیەو دەکرێ گەلێک خوێندنەوەی دیکەی بۆ بکرێ. پەیوەندی ئەم شەڕە لە گەڵ هەموو ئەو بنەما فیکریو کەلتوریانەی رۆژئاوا کە ئەو هەمووە رۆشنبیریی کوردی لە چەندین ساڵی رابردوودا پێیەوە سەرقاڵ بووە، کێشەیەکی گرنگە، کەچی هێشتا ئاوەڕ نەدراوەتەوە سەری. رەنگە هۆکارەکەیشی ئەوە بێت کە ئەم رۆشنبیریە وەک لایەنەکانی دی کۆمەڵی کوردی بە تەواوی کەوتە ژێر کارتێکردنی سیاسیانەی ئەم دیاردەیەوەو بە هۆی حەپەسانیەوە ئەو دەرفەتەی پەیدا نەکرد.

بەهەرحاڵ دەتوانین لێرەدا ئەوەش زیاد بکەین کە ئاوەڵابوونی رێژەیی دەروازەی چەند زمانی دیکە بە رووماندا، دەتوانێ لە دەوری تازەی دەرکردنی گۆڤاری قەڵەمدا، تینو گوڕێکی دیکەمان پێ ببەخشێ. بەش بە حاڵی خۆمان هەوڵ دەدەین کە لە رێگای وەرگێڕانەوە، پردێکی دیکەی پەیوەندی لە نێوان کەلتوری رۆژئاواییو کوردیدا دابمەزرێنین.

❋

# ســـــــێداره،

## کردەیەکی مانا بزر لە ناو خەونی دادوەریدا



فەرهاد نێعمەتپوور

ئەو کەسەی کەلەپچەکراوەو تەنافی سێدارەی لە ملدایەو ئاخرین چرکەکانی ژیانی ئەزموون ئەکات، تاوانبار بێ یان بێتاوان، بەرەو مەرگ ئەچێت و ناچار ملکەچی کردەوەی توڕەو قوربانی توندوتیژیی یاسایە. بەڵام داخۆ ئەوانەی کە لەولاوە راوەستاونو بە خۆشحاڵیەوە چاوەڕوانی بەڕێوەچوونی بەناو عەدالەتی سێدارەن، ئایا کومەڵێك مرۆڤی ئاسایی بێ تاوانن؟

ئەو کەسەی لانکەی تۆڵەو ڕق‌و قین لە دڵو بیری خۆیدا ڕادەژەنێ‌و کۆرپەی مەرگ لە دەروونیدا گەورە ئەکات، وەها کە ئیتر هەستی شانازی تێیدا دەخولقێت، بە ڕادەیێک کە لە کاتی لە سێدارەدانی مرۆڤێکی‌تر خۆشی سەرتاپای دادەگرێ، ئایا مرۆڤێکی تەندروست‌و نۆرماڵە؟ ئایا ئەوەی کە سەندنی ژیانی تاوانبارێک وەکوو دەرمانێک بۆ ئازارەکانی خۆی دەبینێ، دەتوانێ ئینسانێکی شیاوی مانای ئینسان‌بوون بێت؟

ئەو تیۆرو بۆچوونەی کە دەڵێ سێدارە ئەتوانێ تۆقاندن‌و چاوترساندنێک بێت بۆ هەموو بکوژان و تاوانباران، هەر لە هەنگاوی یەکەم‌دا بە تووشی گەلێک کەندو کۆسپەوە دەبێ، چونکە کردەوەی لەسێدارەدان، خۆی خۆی نەفی ئەکاتەوە. چونکا سێدارەدان خۆی خوازیاری کوشتنی ئینسانێکی دیکەیە و بە شێوەیێک لە شێوەکان چەپڵە لێدانە بۆ مرۆڤ‌کوژی. ئەم تیۆرە بە درێژایی سەدەکان، کولتوری توندوتیژیی و کوشتن‌و بڕین‌و هەروەها ڕێز دانەنان بۆ گیانی ئینسانی زیندوو ڕاگرتوەو دیسانەوە توندوتیژی بەرهەم‌و بەرهەم هێناوەتەوە. هەموو ئەزانین کە لە فەرهەنگی توندوتیژی‌دا، تەنیا توندوتیژی لە دایک ئەبێتەوە، نەک ئاشتی و ئارامی.

"قصاص" لە دینی ئیسلامیشدا هەر درێژەدەری ئەم کولتورەیە و دینی ئیسلام نەیتوانیوە خۆی لە ئاڵۆزی لێکدانەوەی مەسەلەی تاوان و دانەوەی تاوان (سزا)، سەرکەوتوانە ڕزگار بکات و ئاسایی‌ترین شێوازی ڕەچاو کردووە کە هەمان کوشتنەوەیە. مرۆڤ دەبێ بەو ئەقڵییەت و قەناعەتە بگات کە سەندن و گرتنی گیانی مرۆڤ مافی هیچ کەسێک نیەو نابێ بە دەست مرۆڤ یان مرۆڤەکانی‌تر بێت. هەروەها هیچ قانون، شەرع‌و قۆناخێکی تایبەتی مێژو لەو ئاستەدا نین کە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی خۆیان گیانی مرۆڤ بکێشن.

هەر بۆیە ئەگەر رادەی تێگەیشتوویی مرۆڤـو کۆمەڵگا نەگاتە ئەم ئاستە، قەت ناتوانێت بڕیاری سێدارەش لە قانون و یاساکانی دەوڵەتەکاندا بسڕێتەوە. چونکا ئەو کولتوری تووڕەیی و توندوتیژیەی کە لە ناو کۆمەڵگادایە زۆر جار سەربەخۆ بڕیار ئەدات و تەنانەت چاوەڕوانی قانون و یاسا نامێنێت و لە سەندنەوەی تۆڵەی مەرگ بە مەرگ و کڕینەوەی شەرەف بە دەستی خۆی بۆڕی قانوون ئەدات و عیداڵەتی خۆی ئیجرا ئەکات کە وەکو زۆرینەی خەڵکیش ئەم عیداڵەتە بە ناحەق نازاندرێ و پشتیوانی لێ ئەکرێ.

ئەنگێڵس لە کتێبی بەناوبانگی "سەرچاوەی بنەماڵە، دەوڵەت و خاوەنداریەتی تاکەکەسیدا" سزای لە سێدارەدان نەفی ئەکاتەوەو دەنوسێت: "سزای لە سێدارەدان . . . تۆڵە سەندنەوە بە هەمان شێوەی کۆنە یانی شۆردنەوەی خوێن بە خوێن بەڵام ئەمڕۆ شکڵی گۆڕیوە."

بە لەبەرچاو گرتنی بڕیار و ئیرادەی وشیارانەی نووسەرانی یاسا، سزای لە سێدارەدانو ستاندنەوەی ژیانی تاوانبار، زۆر بێڕەحمانەتر و زۆر سەیرو سەمەرەتر لە تاوانی قەتڵ دێتە بەر چاو. چونکا نووسەرانی یاسای سزای ئێعدام لە بارو دۆخێکی ئاساییو بە بێ هیچ گوشارێکی دەروونیو دەرەکی بڕیاری کوشتنەوەی مرۆڤێک دەدەن. تاوانبار, مامۆستای سەرەکی نووسەری قانونی لەسێدارەدانە. بە واتەیێکیتر نووسەری قانون هەر ئەو شێوازەی قاتڵ بەکار دەهینێ، کەواتە ئەتوانین بڵێین ئێعدام خۆی تاوانەو خۆی مافی ژیان کردن پێشێل ئەکاتەوە.

پرسیارێک لێرەدا خۆی نیشان ئەدات: ئەی چ بکەین بۆ ئەوەی ئاستی سزا لەگەڵ تاوان یەکسان بکەین؟ چ پێوانەیەک بۆ تاوانی بکوژی بەکار بهێنین؟

زۆر لە مافناسان پێیان وایە کە جگە لە کوشتنەوە هیچ سزایێک ناتوانێ قەرەبوی تاوانی کوشتن بکاتەوە. بەڵام لێرەدا پێویستە بلێین کە ئەوان بەرپرسایەتی تاوان ئەخەنە ئەستۆی تاوانبارو لە هۆکارەکانی تاوان ناکۆڵنەوەو سەرنجیشیان ڕاناکێشێ. دەبێ ئێمە لە دەروازەیێکی گەورەترەوە بۆ کێشەکە بڕوانینو پێش نووسینی یاسای سزا بۆ تاوان، تاوانو سەرچاوەکانی بناسین.

لێرەدا پرسیارێکی وردتر خۆی دەخاتە روو: تاوان چەندەی لە ئەستۆی تاوانبارە (تاک) و چەندەی لە ئەستۆی کۆمەڵگا یان بەشدارانی ناڕاستەوخۆی کارەساتەکەیە؟

بە رای من هەر ئەم پرسیارەو بەشکردنی تاوان بەسەر تاکو کۆ، سزای ئێعدام لەسەر بکوژ دەسڕێتەوەو پلەیێک سزادان سووکتر ئەکا.

لەوانەیە لێمان بپرسن: ئەی مافی کوژراو چۆن دەستەبەر دەکری؟ چۆن ئەتوانین بیسەلمێنین کە بە نەکوشتنەوەی بکوژ دادپەروەری ئیجرا کراوە؟

هەروەک لە پرسیارەکەدا هاتووە، دادپەروەری خەمی سەرەکییەو هەر بڕیارو کردەوەیەک کە بە دوایدا دێت هەر بەم مەبەستە لەبەرچاو دەگیرێ، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە چەندە ئەتوانین لە ئیجرای عیدالەتدا سەرکەوتوو بین. هەروەک لەوەپێش وتمان پێویستە بۆ هەمووان روون بکرێتەوە کە تاوان سەداسەدی لە ئەستۆی تاوانباردا نیە. هەر بەو هۆیەش کوشتنەوەی تاوانبار

ناتوانێ ئیجرای سەداسەدی عیدالەت بێت. گەیشتن بەم قۆناخە یانی لیکدانەوەی دروستو رێکو پێک لە هۆکارەکانی خولْقاندنی تاوان کە لە ئەنجامدا بە دەستی تاوانبار پراکتیزە دەبێ (بە واتەیێکیتر تێگەیشتن لە رادەی پێوەندی تاوانبار



لەگەڵ تاوانەکەی)، پێوانەی ئێعدام بۆ قەتڵ ناعادڵانەیەو بەم شێوەیە سێدارە خۆی دادپەروەری پێشێل ئەکا.

گەڵاڵەو پلانی دروشمی "پێویستیی هەڵگرتنی سزای لە سێدارەدان" بۆ زیاتر لە سەدو پەنجا سال پێش دەگەڕێتەوە. دروشمێکی هیومانستی کە سۆسیالیستەکان و لیبرالّەکان هەموویان هەڵگری بوون، بەڵام هەروەک مێژوو بۆمان باس ئەکات بەشیکێ هەرە گەورەی ئەوان پشتیان لەم دروشمەی خۆیان کردو لێی دوور کەوتنەوە و هەردووکیان سەرەنجام لە بەرامبەر بزووتنەوەکانی سەوز و لێبوردنی نێونەتەوەییدا خۆیان بینیەوە.

تەنانەت هەندێک لە رێکخراوە سیاسیەکان ئێستاش لە دەستهەڵگرتنی بێ ئەملاو ئەولای سزای لە سێدارەدان بێدەنگیان کردووە. ئەم هێزە سیاسیانە کە خۆیان بە پێشرەو و نوێنەری کۆمەلگا دەزانن، ئەگەرچی لەسێدارەدانی هاوڕێیانی خۆیان بە دەست رژێمەکان مەحکوم ئەکەن، بەڵام بە هیچ شێوەیێک ئەو مافە بۆ دوژمنانی خۆیان قایل نین و تەنانەت زۆر بە راشکاوی بەڵێن بە خەڵک ئەدەن کە تاوانباران و دوژمنان بە سزای تاوانەکانیان دەگەیێنن. یانی

بردنەپێشەوەی سیاسەتی دوولایەنە. بەم جۆرە مێژووی ئینسان، مێژووی تۆڵە سەندنەوە بە خوێن و قصاص بووە. هەر بۆیە خولی بێپسانەوەی کوشتن و مەرگخوازی دووپات دەبێتەوە. بەم شێوەیە دەورەی توندوتیژینوواندن دووبارە بەرهەم دێتەوە و دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێتەوە.

رێژەی ئەو وڵاتانەی کە چوونەتە کاروانی دژایەتی سزای لەسێدارەدان لە سەد تێپەڕیوە، بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا وەک ئێران و لە وڵاتانی جیهانی یەکەمدا وەک ئامریکا ئێستاش ئێعدام، عادڵانەیەو وەک دیاردەیێکی ئاسایی چاوی لێدەکرێ.

دوواکەوتوویی یاساکان لە وڵاتانی وەک ئێران و چین لەوەدایە کە تەنیا بۆ تاوانی کوشتن، سزای کوشتن بەکار ناهێندرێت (لە ئامریکا تەنیا بۆ کوشتنی بە قەسد، سێدارە یان کورسی کارەبا بەکار ئەبردرێ)، بەڵکو بۆ هەندێک کردەوەی وەک سێکس، دژایەتی سیاسی، بیروبڕواو هەندێک تاوانی ئێکۆنۆمی سزای کوشتن و لەسێدارەدانیش رەچاو دەکرێ.

لایەنگرانی سزای ئێعدام چەند هۆ بە پێویست ئەزانن بۆ مانەوەی سزای لە سێدارەدان: بە مەبەستی هاتنە خوارەوەی رێژەی تاوان، بە بێ لەسێدارەدان کۆمەڵگا کۆنترۆڵ ناکرێ. بە واتەیێکیتر ئێعدام دادپەروەرییەو کۆمەڵگا دەپارێزێ. چونکا هۆی سەرەکی جینایەت و کریمینال، ژێنێتیکەو سێدارەدان ئەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا خاوێن بێتەوە، هەروەها ئێعدام ئەبێتە هۆی سارێژکردنی ئازار و برینی بنەماڵەی کوژراو.

بەڵام رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە لێکدانەوەکانی خۆی لە سەر سزای ئێعدام لەو وڵاتانەی کە دستهەڵگری سزای ئێعدام بوون لە رووی ئامار

و ژمارەوە، رايانگەياندووە کە بە هيچ جۆرێک دەست هەڵگرتن لە سزای ئێعدام و لابردنی سێدارە لە ياسای دەوڵەتی نەبۆتە هۆی زياد بوونی قەتڵو رێژەی تاوانبارەکان لەو وڵاتانەدا.

هەروەها ترساندنو تۆقاندنی خەڵکانی بە کوشتنەوە خۆی جێگای پرسيارە. ئەمە چ سيستەمێکی پەروەردە کردنە کە بۆ فێر کردنی خەڵک، ئەشێ تۆ لە سێدارە بدرێيت؟ قوربانی کردن هەر لە بنەڕەتدا ئەساسێکی لەرزۆکی هەيەو دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونە ئايينیو دينيەکانو لە سيستەمی پەروەردەو بارهێنانی ئەمڕۆييانەدا نەفی ئەکرێتەوەو شوێنەواری خراپ لە خۆی بەجێ دەهێڵێ. تەنانەت من لێرەدا باس لەوە ناکەم کە رەنگە ئينسانێک بە بێ‌تاوان لە سێدارە بدرێت.

بە داخەوە هەر لەم روانگەوەيە کە دووبارە پەروەردەکردن و بارهێنان بە کارێکی بێهوودە لە قەڵەم ئەدرێ و تەنانەت زيندانيش بە شوێنی ئازار و شکەنجە بۆ زيندانی لەبەرچاو ئەگيرێ، نەک جێگايەك بۆ چاک‌کردنەوەی رۆحی سەرلێشێواوی دەستکردی کۆمەڵگا.

سەرەڕای ئەو شتانەی کە باسمان کرد دەبێ لە خۆمان بپرسين کە ئايا سزادان دەتوانێ تاوان بسڕێتەوە؟ تاوان کە روو ئەدات ئيتر دەبێ بە رابردوو. کردەوەيەک کە ئيتر ناتوانين دەستکاری بکەينو لە باری زەمانيەوە گەڕانەوەی مومکين نيە. هەر بەم هۆيە سزادان قەت ناتوانێ تاوان بسڕێتەوەو تەنيا تەمبێ کردنی تاوانبارەو هەڕەشەيێکە بۆ داهاتوو و ئەو تاوانانەی کە هێشتا روويان نەداوە.

هـەمـو کۆمـەڵناسـەکـانی دنیـا لـەسـەر ئـەو بڕوایـەن کـە بێکـاری، نەخوێندەواری، فێرکردنی چەوتی بنکە تـەلـەفیزیۆنـەکان، هەژاری، گیروگرفتـی دەروونیو رۆحیو بنەماڵەیی سەر بەوان، لە هۆکارە گرینگەکانی سـەرهـەڵدانی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو ئێعتیـاد، دزی، خۆفرۆشـی، بێتـاوانکوژی و جینایـەت و تونـدوتیژین. هـەروەهـا ستەم و دووبـەرەکیە جۆراوجۆرەکـان وەکـو هەڵاواردنی جینسی و رەگەزیو نـەتەوەیو سـەرکوتکردنە سیاسیەکـان، دەوری سـەرەکی لە سەرهەڵدانی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیەکاندا ئـەگێڕن.

تاوانبارترین مرۆڤەکان لە کاتی منداڵی و مێرمنداڵیدا، بێتاوان و پاک بوونە. کەواتە تاوان و تاوانبار هۆکاریان هەیە نەوەک بۆخۆیان هۆکاربن. سیستەمی سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگایە کە دەبێ بکێشرێتە سەر مێزی لێکۆڵینەوەو سزا. کەواتە سێدارەدان نەتەنیا چارەی کێشە نیە بەڵکوو فێرکردنێکی چەوتە کە شوێنەوار و ئەنجامی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی زۆر نالەبار لەگەڵ خۆی دەهێنێ.

مارکس لە وتاریکدا بە ناوی "سزای لەسێدارەدان" ئەنووسێت:" ئەمە چ جۆر کۆمەڵگاییێکە کە بۆ پاراستنی خۆی جگە لە جەللاد کەرەسەیەکیتر بۆ خۆی نادۆزێتەوە؟ ئایا پێویست نیە کە بەجێی رێزلێنان لە جەللادێک کە تاقمێک تاوانبار لە سێدارە ئەدات بۆ ئەوەی جێگا بۆ تاوانبارانی دیکە بکاتەوە، زۆر لێبڕاوانە دەربارەی گۆڕانی ئەو سیستەمە بیر بکەینەوە کە جەللاد و تاوانباری وەها دەخوڵقێنێ؟ "

***


AHMET

# خوێندنەوەیەک بۆ مۆدیلەکانی فیدرالیزم



*بنچینەی ئاشتی مافەو هەبوونی فیدرالیزم بۆ دابینکردنی ئاشتی پێویستە.*

*"کانت"*

حشمەت خوسرەوی

سوید

چەمکی فیدرالیزم لەسەردەمی بە جیهانیکردن یان گلوبالیزمدا، بووەتە یەکێک لە سابجکتە گرنگەکانی سەنتەری خوێندنەوەو ئانالیزە ئەکادیمییەکانی بواری زانستی سیاسیو، بە هۆی کاریگەریی سەردەمیانەیەوە بووەتە چەمکێکی گشتگیر و یەکێک لە مۆدیلەکانی ئەدمینستراشوونی دەوڵەتی لە زۆر لە ولاتانی پێشکەوتوو و نیمچە پێشکەوتوودا.

لەم سەردەمە مۆدێرنەی جیهاندا، تەنانەت دەسەڵاتە توتالیتەرەکانیش کە خۆیان لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتێکی منتاڵی و عەقلانیدا دەبینن، هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە چیتر گوتاری خوێن و فرۆشتنی مرۆڤەکان لە پێناوی جیهادەکانی خوێندا ناتوانن لە گەڵ نورمە هزرییەکانی ئەم قۆناخە لە هەوڵەکانی

مرۆڤ بۆ دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودەو بە دور لە ئیمپراتۆرەکانی شەڕ یەکتر بخوێننەوە.

من لەم خوێندنەوەیەمدا هەوڵ ئەدەم راڤەی کۆمەڵێک پرسیار بکەم کە پێکهێنەری سەرەکی سیستەمی فیدرالیزمن.

## بۆچی فیدرالیزم؟

زۆر لە شارەزایانی بوارەکانی زانستی سیاسی ، ئەکادیمی و یاسایی لەسەر بۆچوونێکی هاوبەش کۆکن کە سیستەمی فیدرالیزم مەعقوولترین ئەڵتەرناتیڤە بۆ پێکەوە ژیان و بەڕێوەبردنی وڵاتێکی فرە چەشن و فرە کەلتووری، کە دواتر چەند دانە لەو بۆچوونانە بەرجەستە دەکەینەوە. گەورەترین فاکت بۆ سەلماندنی ئەم راسیانەش ئەو وڵاتانەن کە بە شێوازی فیدرالیزم دەسەڵاتی وڵات بەڕێوە دەبەن و زۆرینەی هاوڵاتی و تاکەکانی ناو کۆمەڵگا لە داڕشتنی مکانیزمەکانی چۆنیەتی بەرێوەبردنی هەرێمەکانی فیدرالیزمدا بەشدارن و ئیتر هاوڵاتی پلە دووەم و سێهەم لە وەها سیستەمێکدا مەفهوومی نیە. ئیتر خەبەرێک لە خەونە ئوتوپیاییەکانی ئیمپراتۆرەکانی باڵادەست بەسەر نەتەوە گچکەکاندا نیە.

هەڵبەت مۆدیڵەکانی فیدرالیزم پێ بە پێی گۆرانکارییە جیهانییەکان ئالوگۆڕی بەسەردا هاتووە. ڕاستە لە رووی خەسڵەتەکانی سابجکتیڤ و ئابجەکتیڤەوە ئەکرێ زۆربەی سیستەمەکانی فیدرالیزم لە جیهاندا هاوشێوە بن ، بەڵام لە راستیدا هەرکام لەو سیستەمانەش بەپێ مکانیزمەکانی ژئوپولوتیکی و ئیتنتیکی نەتەوەکان دارێژراون. فیدرالیزم ئەو چەمکەیە کە دەتوانێ کۆتایی بە حەیاتی سەرجەم ئەو دەسەڵاتە دینی و توتالیتەرانە بهێنێ کە ئێستا بۆ وێنە لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ژێر پاراستنی سێبەرەکانی دینو کەلتوری شەرقی کەوتوونەتە دەرەوەی زمانی دیالۆگی عەقڵانی و سەردەمیانەوە، زمانێک کە ئەوانی لەگەڵ نامۆ بوون، بە شەپۆلەکانی مۆدیرنیتەدا وەکوو گوندێکی تەریک کەوتووی جیهانی هێشتووتەوە.

فیدرالیزم ئەو چەمکەیە کە ئەتوانێ هاوڵاتی بەرەو کۆمەڵگایەکی سیڤیل ئاراستە بکات و پایەکانی دیموکراسی و بەشداری کردنی جەماوەر بە شێوازی دادپەروەرانە لە مودیرییەتی وڵاتدا گارنتی بکات و لەوەها جێگیربوونێکدا بیری یاخی بوون و هەڵاتن لە دەستی گوشارە ڕەوانییەکان بۆ سەر مرۆڤە نارازییەکان، جێگای خۆی ئەداتە پرنسیپەکانی پێکەوە ژیان و هینانی کەلتوری تولیرانس یان لێبوردن بۆ ناو سەنتەرەکانی بەرێوەبردن. ئەمجارە ئیتر ئوتوریتەی دەوڵەتی، حاڵەتێکی فرە چەشن بە خۆییەوە دەگرێت و جەوهەری دیموکراسی وەکوو پرنسیب ئەو فەزا ئازاد و دڵخوازە بۆ تاک و هاوڵاتی پێک دێنی کە بە بێ ترس بە سەر چارەنووسی خۆیاندا بریار بدەن.بە گشتی فیدرالیزم لە سەردەمی ئێستادا بۆ ئەو وڵاتانەی کە زیاتر لە چەند نەتەوەی جیا جیای تێدا دەژین، ئەشێت موناسبترین پرۆژەی پێکەوە ژیان بێت.

## مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی فیدرالیزم:

لەراستی دا سەرهەڵدانی چەمکی فیدرالیزم دەگەرێتەوە بۆ سەدەی شازدە و بیرمەندی بەناوبانگی جیهانی " یوهانس ئالتوزیوس" کە بۆ یەکەمجار لە نووسراوەکانی خۆیدا ، ئاماژەی بە دەستەواژەی فیدرالیزم کردووە، ناوبراو بە یەکەمین تیوریزانی ئەم بوارە دەناسرێت. لە لایەکی ترەوە لە فیدرالیزمی ئەمرۆکەدا دوو دەستەواژە بۆ پێناسەکردنی فیدرالیزم بە کار دەهێنرێن ئەویش

مـــــــەســـــــەلـــــــەی( عـــــــدم تـــــــراكم و عـــــــدم تمركـــــــز ).

**decentrolisation.deconcentration**

## پێناسەیەکی کۆنکرێت بۆ چەمکی فیدرالیزم:

ڕەنگە سادەترین پێناسە بۆ فیدرالیزم هەمان مەسەڵەی چەند شێوەبوونی دیموکراسی یان دابەش کردنی دەسەڵات بە میتودی ڤرتیکاڵ بێت. ئەمە بەو مانایە کە، مرۆڤ خاوەنی ئاستی جۆراوجۆرە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی دیموکراسیو لەو ڕێگاییەوە دەسەڵاتەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن. و لە هەمووی گرنگتر لە سیستەمی فیدرالیدا پۆستە گرنگەکانی دەوڵەتی بەپێ ڕادەی بەشداری پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگا دابەش دەکرێن.

بەواتایەکی شەفافتر فیدرالیزم، پرنسیپێکە کە لە لە سەر بناغەی پێکەوە ژیانی دڵخوازانە دامەزراوە، واتە پێکەوەلکاندنو یەکخستنی پراکتیکی ئەیاڵەتەکان بەڵام کارکردنیان بە شێوەی سەربەخۆ، واتە هەرکام لە ئەیاڵەتەکان سەربەخۆن و لە بڕیارداندا خاوەنی ئیختیاراتی تەواون.

## جیاوزاییەکانی فیدرالیزم لە ڕووی بەڕێوەبردندا:

لەڕاستیدا هەموو مۆدیلەکانی فیدرالیزم وەک یەک نیەن،بەڵکو لە سیستەمی فیدراڵیدا دەنگو ڕەنگی جۆراوجۆر هەیە. بەواتایەکی تر لە ناو سەرجەم ئەو وڵاتانەیدا کە بە شیوەی فیدرالی بەڕێوەدەچن تاقە سیستەمێک نابینی کە

لەوەی‌تر بچێت. لە پرنسیپە گشتیەکاندا یەکدەگرنەوە، بەڵام لە رووی مکانیزم و کارکردەکانی بەڕیوەبەریدا خاوەنی شێوازی جۆراوجۆرن.



لە سەردەمی هەنووکەدا، ئێمە شاهیدی ئەو راستییەن کە کۆمەڵیک وڵات بە شیوازی فیدرالی وڵاتەکانیان بەڕیوەدەبەن. دەسەڵات بەسەر چەند ئەیالاتی جۆراوجۆردا دابەش کراون کە لە راستی‌دا هەرکام لە ئەیاڵەتەکان تاکوو سنووری سەربەخۆیی رویشتوون. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیارترین نموونە بۆ ئەزموونی فیدرالی ئەکرێ ئیماراتی عەرەبی بێ، هەرچەند خاوەنی سیستەمێکی پاشایاتی‌یە، بەڵام لە ئۆروپاو ئەمریکادا خاوەنی کۆمەڵیک ئەزموونی بەنرخ و سەرکەوتووین لە پرۆسەی فیدرالیزم. لەراستی‌دا ئەشێت ئەم ئەزموونانە بە سەنتەری دەستپێکەری هەناسە سەرەتاییەکانی فیدراالیزم ناوزەد بکرێن یا خود بە پێکهێنەری عەقڵیەتی فیدرالیزمی بزانین.

حەز ئەکەم ئەوە بێژم کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەرچەند زیاتر بە شێوەی کۆنفدراتیو بەرێوە دەچن، بەڵام بە باشترین شێوە ئەو پرۆسەیەیان واتە پرۆسەی ئەیاڵەتی و پێکەوە ژیانیان تاقی کردۆتەوە. کە هەڵبەت ئەمەش دەگەرێتەوە سەر ئەو میژووە دوورو درێژەی کە ئەمریکییەکان سەبارەت بە فیدرالیزم هەیانە. شایانی باسە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆنترین و بە هێزترین سیستەمی فیدرالین لە جیهاندا.بۆ وێنە هەر کام لە ئەیاڵەتەکانی ئەمریکا بە شێوەی وڵاتێکی سەربەخۆ کار دەکەن و بڕیارئەدەن. کەواتە

بەرچاوترین قازانج لە ئەیالاتێکی فیدرالیدا مەسەڵەی سەربەخۆ بوونە تاکوو هەبوونی وەکوو ئەیاڵەتێکی بێ دەسەڵات.

زۆر لە شارەزا سیاسیو ئەکادیمیەکانی رۆژئاوایی پێیان وایە کە ئەیاڵەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وڵاتەکانی ناو یەکیەتی ئەورۆپا سەربەخۆترن چونکە ئەو وڵاتانە دەیانەوێ بۆ هەموو شتێک لە سۆنگەی بەرنامەکانی یەکیەتیکەوە بڕواننە کێشەکان.

دوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، کۆمەڵێک وڵاتی دیکەش بەشێوەی ئەیاڵەتی بەڕێوە دەچن وەکوو : کۆماری فیدراڵی ئەڵمان، کەنەدا، سویسو کۆماری فیدراتیوی بەرازیل، بلژیکو ئەسپانیا. لەو وڵاتانەدا خەڵک بە بێ کێشەی ئیتنتیکی دەژینو مرۆڤی پلە دووەم و سێهەم مانایەکی نیە. پتەنسیڵەکانی دەسەلاتی دەوڵەتی لە هێزی سەرەکی جەماوەر پێکهاتووە.

## روانگەی چەند بیرمەندی بەناوبانگی جیهانی لەبارەی چەمکی فیدرالیزم:

بیرمەندی بەناوبانگی جیهانی "منتسکیو" لەو باوەڕەدا بووە کە سیستەمی فیدرالیزم کۆنتراکتێکە کە تێدا چەند دەستە و گروپی جۆراوجۆری سیاسی رێکدەکەون کە ئەو مافە بدرێتە هاوڵاتیان کە بتوانن دەوڵەتی گەورەی خۆیان دامەزرێنن، تاکوو لەو رێگاوە خەڵک بە سەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵ بن.

پیر ژۆزف پرودون، ئاوەها پێناسەی فیدرالیزم دەکا:

"فیدرالیزم بە مانا گشتیەکەی دەستەواژەیەکە کە، یانی دروستکردنی ریفورم لە بواری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا. بە باوەڕی ناوبراو سیستەمی کۆمەڵایەتی هەرێمێکە کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک رێکەوتن و سیستەمی سیاسی . ئەم سیستەمانە ڕەوڵی دەوڵەت کەم دەکاتەوەو دەوڵەت تەنیا بۆ

هەندیک بواری دیاریکراو کە لەو سیستەمە سیاسیەدا باسی لێوەکراوە ، بە کار دەچێت. لەم حاڵەتەدا دەوڵەت دیاردەیەکی یاسایە نەک حوکمداریی.

بیرمەندیی جیهانی واتە پرودون لەو باوەڕەدایە کە فیدرالیزم دەبێت وەکوو ڕێکەوتن و ئاشتدانەوەی دەسەڵات و ئازادی ڕاڤەبکرێت. واتە سیستەمی سیاسی لە سەر بناغەی دەسەڵاتو ئازادی دابریژرێت. ناوبراو پێ وابوو کە سیستەمی فیدرالیزم بایەخی زیاتر بە ئازادی ئەدات.

دنیس دروکمونت پێوایە کە سیستەمی فیدرالیزم دەکرێ وەکوو سیستەمێک راڤە بکرێت کە لە هەوڵی یەکیەتیەک بێت کە تێدا سەربەخۆیی بۆ تەواوی گرۆپەکان دابین بکات کە لە هەوڵی گەیشتن بە سەربەخۆیین لە ریگای ئەو یەکیەتیەوە.

سۆزە پێ وایە کە فیدرالیزم سیستەمێکی حقووقی و دەوڵەتیە کە تێدا دەستەو گرۆپە جیا جیاکان واتە دەستەکانی قەومی و زمانی لە خۆ دەگریت کە، چیدی حیسابی کەماییەتی بۆیان ناکرێت بەلکوو وەکوو میلەتێک چاویان لێ دەکرێت کە دەبنە دامەزرێنەری دەوڵەت. کەواتە فیدرالیزم شێوازیکی پێشکەوتووە لە پێناوی پارێزگاریکردن لە سەرزەمینی گرۆپەکان.

داود ئلدنیز: پێ وایە کە ریشەی فیدرالیزم سەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆ لای چەمکی (فئودوس) ی لاتینی . لە لاتینیدا بە مانای رێکەوتن (معاهده) ڕاڤە کراوە. ئەوەبوو بۆ گەیشتن بە ئاشتی و رزگارگاربوون لە جەنگی هەزار ساڵەی دوای ئەوروپادا،لە سەدەی هەڤدەدا ، (ئیمانوئێل کانت) بەم شێوەیەی تیوری یەکی خۆی بەیان کرد:

گەیشتن بە ئاشتی و عەداڵەت . دەوڵەتەکانی میلی دەبێ بەشێک لە دەسەڵەتەکانی خۆیان بدەنە دەستی ئۆرگانێکی دەوڵەت. ناوبراو پێ وایە ، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵ چوار هۆکاری سەرەکی هەیە، واتە: دیموکراسی،

**خودموختـاری، مـەسـەڵـەی بـەشـداری لـە پرۆسـەی دەسـەڵاتو دابـەش کردنـی دەســـــەڵات یـــــان دیـــــسەنتراليـــــسەيـــــشن واتـــــە(عـــــدم تمركـــــز) پێویستە. decentrolisation**

## پەیڤی کۆتایی:

**بۆ تۆکمەکردنی خوێندنەوەکەم بە پیویستی دەزانم ئاماژە بەو راستی‌یە بکـەم کە ڕەنگە یەکێک لە خاڵە جەوهەرییەکانی فیدرالیزم، ئازادیی کارکردن بێ. واتـە تەواوی دەستە و گرۆپە نەتەوەیی و کەمایەتییەکان بتوانن بە شێوەی یەکسانی لە ناو کۆمەڵگا دا لە مافی بەرانبەری وەک یەک بەهرەمەندبن.**

**لە سیستەمی فیدرالیزمدا ، مەسەڵەی نەتەوایەتی دەبێتە سەرخـانی کۆمـەڵگـا و کۆتـایی بـە چـەوسـاندنەوەی نـەتـەوەیـی دەهێنێـت. لـەم سیـستەمـەدا دەولـەت ناروخێ، بەڵام کەمڕەنگ دەبێتەوە. واتە کۆمـەڵگا بەرەو ئاراستەیـەکی سیڤیڵ و مەدەنی دەچێت کە زۆربـەی نـاوەنـدەکـانی ئـەیاڵاتی فیـدرالی دەبنـە ئـەنجوومـەنـی مەدەنی کە خودی خەڵک دەبنە بەرێوەبەری ئەم ئەنجوومەنانە.**

**بە گشتی سیستەمی فیدرالیزم دەبێتە چەتری پاراستنی نەتەوە جیا جیاکـان بـۆ ئەوەی چیتر تۆمـەتـی یـاخیبوون و جیاوازیخوازی لێیـان نـەدرێت. لـە هـەمـووی گرنـگتر فیدرالیزم گارنتی‌یـە بۆ پاراستنی دەسـەڵاتـەکـانی بـەریـوەبـەری هـەرێمـی فیدراڵی.**

***

ژێدەر:

The rules of federalism

By: R.Daniel Kelemen

Designing of federalism

By: Mikhail Filippov

www.federalism.nu

# جیهانی ئەمڕۆو مەسەلە دیموکراتییەکان

# چۆن ببین بەدیموکراتی

### خوێندنەوەیەك بۆ هەندێك لەتێڕوانینەکانی ئالان تۆرین

### لەکتێبی دیموکراتیەت چییە؟



ئاوات محەمەد

یەکێك لە مەسەلە هەرە هەستیارەکانی رۆژگاری ئەمڕۆمان، کە مشتومڕی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە، مەسەلەی دیموکراتیەتە، ئەو چەمکەی هەموو هێزەکان بەو پەڕی تواناوە هەوڵدەدەن مانایەکی پێبدەن کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیاندا هاوتا ببێت. پێگەیەك، هێزێك یان سیاسیەك نادۆزیتەوە خۆی بەدیموکراتی نەزانێت، دیکتاتۆرێك نییە لەجیهاندا باس لەوە نەکات خاوەن دەسەڵاتێکی دیموکراتییە. هەمووان باس لەوە دەکەن باشترین چارەسەر بۆ

بەشداری گەل لەبڕیارەکاندا دیموکراتییە، لەبەرئەوە باشترە ئێمەش بەچاوێ تەماشای ئەم تێزە بکەین‌و ئەو پرسیارە هەنووکەییە لەخۆمان بکەین کە: ئایا چەکی دیموکراتی ئەو هێزە سیحراوییەیە کە هەموو کێشەکانی ئێمە چارەسەر بکات؟ ئایا دیموکراتی چەکێکی فکرییە یان پراکتیکێکە بۆ مومارەسەکردن؟ ئایا ئەقڵە یان ئەزموون، سیاسەتە یان کۆمەڵایەتی؟ چەکێکە تەواو خۆرئاوایی یان جیهانی، ئایا ئێمە دەتوانین دیموکراتی بین، یان تەنها تایبەتە بەخۆرئاوا؟ ئەمانەو چەندەها پرسیاریتر، کەپێویستە وەڵامی بدەیەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر ئاستی یەکێك لە تێگەیشتنە گرنگەکانی جیهان ئەم مەسەلەیە بدوێنین، باشترە بیرکردنەوەی ئەو بیریارە لەکتێبی "دیموکراتیەت چییە" وەربگرین‌و وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانەی پێبدەینەوە. ئەگەر تەماشای بیرکردنەوەی ئالان تۆرین بکەین، بەتایبەتی لەهەردوو کتێبە گرنگەکەی ﴿رەخنەگرتن لەمۆدێرنە﴾ و ﴿دیموکراتیەت چییە﴾، لەوە دەگەین ئەم بیرمەندە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات دیموکراتی هەمان بیرکردنەوەی ئەفلاتونی نییە بۆ کۆمەڵگای گریکی. ئەگەرچی بیری خۆرئاوایی لەماوەی پێنج سەدەی رابردوویدا بەتەواوەتی لەژێر کاریگەری بیر یان فەلسەفەی گریکیدا دەژیاو قسەی دەکرد، ئەم مەسەلەیە وای لێکرد چەکەکانی مەدەنیەت‌و دیموکراتی تووشی جۆرێك لەگشگیری لەپێناسەو مومارەسەکردندا بن، کە تافی تۆرین، یان ئەو تافەی تۆرین تێزەکەی خۆی سەبارەت بەدیموکراتی دێنێتە بەرهەم، کۆمەڵێك رەخنەی گەورە لەسەر ئەو سەدانە هاتنە بەرهەم، کەخۆرئاوا پێیدا تێپەڕیبوو، ئەو قەیرانە پۆزەتیفەی خۆرئاوا لەو دەورانەدا پێیدا تێپەڕی، ئەویش قەیرانی تێگەیشتن یان بیرکردنەوە بوو لەدیموکراتی‌و بنەماکانی کۆمەڵی مەدەنی، ئەو قەیرانەی کە رێگەی بۆ سەرهەڵدانی بیرکردنەوەی پۆستمۆدێرنەکان خۆشکردو وای کرد کە هەموو بیرکردنەوەی مۆدێرنە بخەنە بەردەم ئەو رەخنەیەوە کە مۆدێرنە نەیتوانیوە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی تەواو ئازاد تەماشا بکات، مەگەر لەناو پێکهاتە

کۆمەڵایەتییەکەیدا نەبێت.

بۆ ئەوەی نەچینە ناو ململانێیەکی ترەوە سەبارەت بەبیرکردنەوە یان تێگەیشتن لەچەمکی دیموکراتی، هەروەها بۆ دیاریکردنی بیرکردنەوەی خۆمان لەسەر بنەمای تێگەیشتنەکانی تۆرین، ئێستا دێمە سەر ئەوەی ئەم بیریارە چۆن لەمەسەلەی دیموکراتی دەڕوانێت، بەتایبەتی لەکتێبی (دیموکراتیەت چییە)، کەسەرەتا زۆر بەسادەیی پێناسەی دیموکراتی دەکاتو دەڵێت: "پێویستە فێری ئەوە ببین چۆن بەجیاوازییەکانمانەوە بژین، جیهانێك درووست بکەین هەمیشە کراوە بێت، بەڵام رادەیەکی باشی لەهەمەچەشنی تێدا بێت" تۆرین، (١٩٩٥-٧) لێرەدا لەو مانایە دەگەین کەدیموکراتی لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەوە دەخوازێت کە یەکەم بەو هەموو جیاوازیانەی نێوانمانەوە شێوازێك بۆ پێکەوە ژیان بدۆزینەوە کە ئەویش بریتیە لەقبوڵکردنی ئەوی‌تر، بەبێ بەکارهێنانی هیچ ستەمکارییەك. ئەم بنەمایە یەکجار بۆ کۆمەڵگای ئێمە بەو هەموو نەتەوەو مەزهەبو ئاینەوە پویستە، ئەگەر فێری پێکەوە ژیان نەبین، ئەوا فێری ئەوە دەبین چۆن یەکتری بسڕینەوە. مەسەلەی پێکەوە ژیان لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا وەك مەسەلەیەکی تەواو ژیانیی لێهاتووە، ئەستەمە لەناو ئەم پێکهاتە ئاڵۆزەدا بتوانین بەتەنها بژین، یان بەتەنها بتوانین کۆنترۆڵی ئەوانی‌تر بکەین، ئەم کارە زۆر لەوە نەشیاوترە بتوانین لەناو پێکهاتە مێژوویەکاندا بژینو هەوڵی گۆرانکاری نەدەین، ئەمە بریتیە لەو تراژیدیایەی زۆرێك لەهێزە سیاسیەکانی ئێمە تێیدا دەژین. ئەوەتا هێشتا بیرکردنەوەی پاوانخوازیو دروستکردنی پاشکۆکانی‌تر، ئەو راستیەمان لادروست دەکەن چۆن هێشتا ئێمە لەپێکهاتە فیودالیەکانو کۆمەڵگای سەردەستو ژێردەست رزگارمان نەبووە، ئەمە جگە لەو پێکهاتە سیاسیانەی ئێمە بەناوی مۆدێرنەوە کاری پێدەکەینو لەکۆمەڵە هێزێکی تەقلیدی زیاتر هیچی‌تر نیین. ئەوەی لەبیرکردنەوەی تۆریندا دەمانخاتە بەردەم تێڕوانیین ئەو بیرکردنەوەیە کەبۆ هەموو پێکهاتەکانی بەر لەخۆی کردوویەتی.

ئەوەتا وەك ئەزموون ئەو پێی وایە "بۆ ئەوەی دیموکراتی مانای خۆی لەدەست نەدات، پێویستە لەسەر دوو ئاست بجەنگێت، لەدژی مەترسی سەرهەڵدانەوەی نوێی رووکاریانەی ئایدۆلۆژی بووەستێت، کەلەخزمەتی دەسەڵاتی بەهێزەکاندا بێت. هەروەها لەلایەکی‌ترەوە ناوەکەی بۆ خزمەتی دەسەڵاتێکی سەرکوتگەری‌و زۆرەملێی بەکارنەهێنرێت" هەمان سەرچاوە(٨)، ئەگەر بەوردی تەماشای ئەم رستەیەی تۆرین بکەین دەکەوینە بەردەم ئەو راستیەی تاکو هەنووکە لای ئێمە هەموو هێزەکانی سەرگۆرەپانی ململانێی سیاسی تائەو شوێنە باسی دیموکراتی دەکەن، کەبزانن لەهەڵبژاردندا سەرکەوتنی موتڵەق بەدەست دەهێنن، ئەمە یەکێکە لەگرفتە هەرە کوشندەکانی مەسەلەی دیموکراتی لای ئێمەیە، لەبەر ئەوەی ئەو هێزانە وا تەماشای دیموکراتی دەکەن وەك ئەوەی تەنها هەڵبژاردنێك بێت‌و کۆتایی بێت، نەك ئەوەی لەهەموو ساتەکانی ژیانی رۆژانەماندا ئامادەیی تەواوی هەبێت. ئەگەر بەکەمێك ئاگاییەوە تەماشای گوتاری سیاسی هەندێك لایەنی سیاسی لەسەر گۆرەپانی سیاسی عێراقی بکەیت ئەم بیرکردنەوەیەت بەئاسانی بەرچاو دەکەوێت، بەشێوەیەك زۆرینەیەکی ستەمکار بەنیازە بەناوی دیموکراتییەوە بۆ تەنها یەکجار دەستی بەکورسی دەسەڵات بگات بۆ ئەبەد سندوقەکانی دەنگدان بخاتەوە ناو گەنجینەکانی حکومەتە تۆتالیتاریەکەی کەهێشتا درووست نەبووەو دواتر وەك دیکتاتۆری لەناوچوو، دەستبکاتەوە بە بەیعەو لەسەداسەدی دەنگەکان بەزەبری ئاگر بۆ خۆی مسۆگەر بکات، کەواتە بۆ ئەوەی بتوانین بەرگری لەدیموکراتی بکەین پێویستە بەر لەهەموو شتێك لەهەموو دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر بیپارێزین. ئەمەش وەك بنەمایەك بۆ مومارەسەکردنی دیموکراتی. هەروەها ئەبێت ئەوەمان لە بیرنەچێت دیموکراتی مانای دەسەڵاتی زۆرینە نییە، بەڵکو چۆنیەتی پاراستنی مافی کەمینەیە، کەبەوەی زۆرینە خاوەنی دەسەڵات بێت ستەم لەکەمینەکان بکەن‌و بەناوی مومارەسەکردنی دیموکراتیەوە، هەموو ئازادییەکانیان لێبگرن. هەروەها وەك

لەناونیشانی کتێبەکەوە هاتووە، زامنکردنی مافی کەمینەکانە نەك دەسەڵاتی زۆرینەکان. ئەو گوتەیەی سەرەوە ئەوەمان لارۆشن دەکاتەوە کە هێشتا ئەقڵی دیموکراتیو مومارەسەکردنی دیموکراتی بەبێترس لای ئێمە لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانیدایە، نەك ئەوەی هەنگاوی بەرچاوی برِیبێتو داوای خواستی نوێ بۆخۆی بکات. دیارە ئەم پرۆژەیەی تۆرین گرنگیەکەی لەوێوەیە کەتەنها باوەڕی بەوە نییە دیموکراتی مانایەك بیت بۆ خۆشکردنی ژیان، بەڵکو باوەڕی تەواوی پێی هەیە. ئەم تێزەش وەك هەموو بابەتو پێکهاتەکانی ژیانی مرۆڤایەتی پێویستی بەگۆرانکاری تەواو هەیە، واتە ئەوەندە گۆانکاری لەخۆبگرێت بتوانێت بەسەر هەموو بیرکردنەوەکانی تردا بکرێتەوە. ئەم بیرکردنەوەیە پێویستی بەکرانەوەی تەواو هەیە بەشێوەیەك وەك تۆرین دەڵێت "سیستمێکی کراوەیە لەرووی ئابوریو سیاسیەوە، مەرجی پێویستی دیموکراسیە، بەڵام ئەمە بەتەنها بەس نییە، راستە دیموکراتیەت بەبێبوونی ئازادی هەڵبژاردنی دەسەڵات لەلایەن حوکمکراوەکانەوە، بوونی نییە، یان بێ بوونی فرەیی سیاسی بوونی نییە، بەڵام ناشتوانین قسە لەسەر دیموکراتیەت بکەین، کەدەنگدەران تەنها ئەوەندە ئیرادەیان هەبێت، لەنێوان دووباڵی ئۆلیگارشی یان سەربازی یان ئامرازی دەوڵەتدا هەڵبژاردن بکەن." هەمان سەرچاوە (13:ئەم رستەیەی تۆرین بەتەواوەتی کۆمەڵگای خۆمان دێنێتە پێش چاو. ئێمە هەمیشە هەڵبژاردن لەنێوان دوو هێزی ئۆلیگارشیدا دەکەین، کەهەموو پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێتە گەمەیەك بۆ ئەوەی هەردووکیان هێندەی یەك دەنگ بهێنن، ئەمە یەکێکە لەو خەوشانەی ئەزموونی دیموکراتی لای ئێمە پێیدا تێپەڕ دەبێت، بەشێوەیەك خەریکە دەبێتە ئەقڵی کۆمەڵایەتی. هەروەها دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین لای ئێمە چ کارەساتێك بەناوی دیموکراسیەوە مومارەسە دەکرێت. ئەستەمترین کار ئەوەیە دوای یەکەم هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی تر رووبداتەوە، یان ئەوەی هێزەکان کاتێك رێژەی دەنگەکانیان لەهێزی بەرامبەر کەمتر بێت، ئەمەی پێقبوڵ بێتو خۆی بەدۆڕاو

نەزانێت، کەئێمە دەزانین لەناو پرۆسەی دیموکراتیدا هەرگیز هێزی براوەو دۆڕاو نییە، بەڵکو هێزێك هەیە جێگەی متمانەی زۆرینەیە. دەکرێت بەهۆی سیاسەتی چەوتەوە ئەو هێزە لەهەڵبژاردنێکی تردا ئەو دەنگانە بەدەست نەهێنێتو بچێتە دەرەوەی گەمەکەوەو خۆی بۆ دەورەیەکی تر ئامادە بکات. ئەمە لای ئێمە دەچێتە خانەی نەتوانینو نەشیاوەوە، لەبەر ئەوەی ئەو هێزانە لەوە دڵنیان تەنها یەك جار ڕێگە بەهەڵبژاردن دەدرێتو دووبارە نابێتەوەو، ئیتر دەبێتە ڕووداوێکی مێژوویی. دیارە کۆمەڵگای ئێمە ئەوەندەی گرنگی بەکاری چاودێری ئەوی تردەدات، ئەوەندە گرنگی بەکاری ئاشکراو سیاسەتی ڕۆشنو بەرچاو نادات، کەئەم کارە ڕێك پێچەوانەی بیرکردنەوەی کاری سیاسیو پێکهاتە دیموکراتییەکانە. مەسەلەی نەهێشتنی نهێنی بۆ بەڕێوەبردنی کاری سیاسیو ئیداری وڵات یەکێکە لەو مەرجانەی زۆرێك لەبیریارەکانی دنیا بڕوایان پێیەتی، وەك دۆلباخی فەیلەسوفی فەرەنسی بەرەگەز ئەڵەمانی دەڵێ: "لەسیاسەتی سروشتیدا ( لێرەدا قسەکردنە لەدۆخی سروشتیو دۆخی دنیای هەنووکەیی، ئەوەی ڕۆسۆو زۆرێك لەفەیلەسوفانی ڕۆشنگەری جەختیان لێیکردووە)لەناو سیاسەتی دروستو ڕاستدا هیچ کارێکی نهێنی یان سەروسرووشتی بوونی نییە" ڤۆلتین، (...:1981، لێرەوە لەوە دەگەین کە بۆچی هەموو بیریاران گرنگیان بەوەداوە کاری نهێنی لەناو بەرن. ئەوان دەرکیان بەوە کردووە، کەکاری نهێنی چ لێدانێکی کوشندە لەدیموکراتیو ئازادی دەدات، چۆن کارێك لەناو ئامرازی دەوڵەتدا ئەنجام دەدرێت هەمووان ئاگایان لێی نییە، تەنها دەستەبژێری دەسەڵات یان هێزی ئۆلیگارشی نەبێت. ئەمە بۆخۆی مانای هاوڵاتیبوون لاواز دەکاتو بنەماکانی بەشداری هەمووان لەکاری بەڕێوەبردندا تادوا ئەندازە لاواز دەکات. ئەمەی باسمان کرد بۆ بیرکردنەوەی ڕۆشنگەری دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەتا ئالان تۆرین لەهەمان کتێبدا جەغت لە هەمان مەسەلە دەکاتەوەو دەڵێت : "یەکێك لەو هۆکارانەی گەورەترین لێدان لەدیموکراتی دەدات، بوونی کاری نهێنییە. بەم شێوەیە دیموکراتیەت



ناچێتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانەوە، چونکە هەندێك پنتی نهێنی هەن کەرۆڵێکی کاریگەر دەگێڕنن. زۆرجار لەپشت شێوەکانی دیموکراتییەوە، حکومەتی تەکنیکارانو خاوەن ئامرازەکان پێکدێن." تۆرین، (15 :1995لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕۆڵە کاریگەرە بدەین، کەکاری نهێنی لای ئێمە پێی هەستاوە. باس لەو هەموو دەزگای کاری نهێنیە بکەین کەلەپشت دامەزراوە حیزبیەکانەوە هەیە. ئەو تێڕوانینەی ئەو لەمەڕ مەسەلە گرنگەکانی کۆمەڵگای تەکنەلۆژییە، نەك ئەم جۆرە لەکۆمەڵگا، کەلای ئێمە هەموو تافەکانی تێکەڵاو کردووەو پێکهاتەیەکی سەیری درووستکردووە، ئەوەی لەم گوتەوە دەستمان دەکەوێت، ئەوەیە تاچەند کۆمەڵگای ئێمە نادیموکراتییە، بەوەی ئەوەندەی کاری نهێنی تێدایە، ئەوەندە سیاسەت بەئاشکرا ناکرێت. هەروەها بەڕادەیەك مەسەلەکان تێکەڵاو بووە، ناتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین، کێ بەسەر کێوە چاودێرە. حیزبو حکومەت واتێکەڵاو ,بووە، ئەو کارەی حیزب دەیکات وادەزانین کاری حکومەتە، ئەو کارەی حکومەتیش دەیکات وادەزانین کاری حیزبە. ئەمە جگە لەوەی هەردوو دامەزراوەکە پڕن لەکاری نهێنی، تەنانە ئەوەندەی لەوڵاتی ئێمەدا زیندانی تایبەت بەحیزبەکان هەیە، ئەوەندە زیدانی رەسمی نییە. لێرە تەنانەت پێگەی دەوڵەتو حیزبو گرۆپە کۆمەڵایەتیەکان تێکەڵاو بووە. کام رۆژنامەنووس دەتوانێت بەئاشکرا داوای دۆسیە کراوەکانی دەزگا حکومیەکان بکاتو دەستی پێرابگات، چ تاکێکی کۆمەڵگا دەتوانێت دەستی بەزانیاریەکانی

دەوڵەت رابگاتو بتوانێت لێکۆڵینەوە یان توێژینەوەی لەسەر بکات، تاچ ئەندازەیەك دەزگاکانی دەوڵەت بەرووی هاولاتیدا کراوەیە؟ هەموو ئەمانە وامان لێدەکات بڵێین ئێمە لەناو دەزگایەکی تەواو داخراوی نهێنیدا دەژین. کەئەم کارەش بەپێی تێڕوانینی تۆرینو زۆرێك لەبیریارانی دنیا مەسەلەیەکە دژی دیموکراتی، جۆرێکە لەکۆمەڵگای سیاسی، سیاسەتێك تەنها یەك رەهەندی بۆ بیرکردنەوە هەیە، ئەویش ئەو دیدگایەیە، کەدەسەلات بڕوای پێیەتی. ئەم دیدگایە دەمانخاتە بەردەم ئەو حاڵەتەی چۆن رەخنە ئاراستەی بیرکردنەوەی سیاسیو دەسەلاتگەری خۆمان بکەین، کەهێشتا پێگەکانی مومارەسکردنی پنتەکانی نهێنی لەوپەڕی کاراییو بەربلاویدایە. .بنەمای رەخنە ئەو دەروازە نهێنیانەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کەتا هەنوکە دەسەلات بۆ خۆی قۆرغی کردووە. ئەو ئاستەنگیانەمان لەبەردەم دەکاتەوە، کەتاهەنووکە وەك داخراو وان. نەبوونی قسەکردنو رەخنەگرتن لەناو پێکهاتەیەکی لەو جۆرەدا ئەوەندەی تر مەسەلەکان ئاڵۆز دەکاتەوە، ئەوەندەی تر بەرەو حوکمی تاکرەوانەمان دەبات. ئەو حوکمەی وا تەنها بەرهەمی دیکتاتۆریەت دەهێنێت، نەك سستمێکی کراوە. یەکێك لەگرفتەکانی کۆمەڵگاکانی ئێمە ئەوەیە کەمترین قسە دەکات، کەمترین لێدوانی هەیە، کەمترین لێپرسینەوەی بۆ بەرامبەر هەیە. ئەم کارە وادەکات زۆرترین مومارەسەکردنی سەرکوتگەریانەی نهێنی سەرهەڵبداتو، زۆرترین کار لەدەرەوەی ئاگایی ئێمە بۆ مەسەلە گرنگەکان رووبدات، وەك ئەوەی لەمێژووی نوێی عێراقدا بەسەر گەلانی ناوچەکەدا هات، کە چۆن دەسەلاتی دیکتاتۆرانەی بەعس توانی ئەوەندە دامەزراوەی نهێنی درووست بکات کە هەمووومان بەنهێنیەوە لەگەڵ یەکتر قسە بکەن. ئەمە جگە لەوەی کە هەمووومان بەرامبەر هەمووومان سیخوڕ بووینو راپۆرتمان لەیەکتری دەدا. ئەم دۆخە جگە لەبەرهەمهێنانی ترسو تۆقین هیچیتر بەرهەم ناهێنێت. جگە لەمرۆڤی شکست هیچیتر بەرهەم ناهێنێت. ئەمە بیرکردنەوەیە دەمانباتەوە لای ئەوەی کاتێك ئێمە هەوڵێکمان بۆ فرە بیرکردنەوە

نییە، دواتر ئەم بیرکردنەوەیە چەندەها ئاستەنگی فکریو ئەزموونکردنی ژیانمان بۆ درووستدەکات، کەخۆ دەربازکردن لێی ئاسان نابێت. کەدواتر دێینە سەر بنەما فەلسەفیەکانی مومارەسەکردنی دیموکراتی، ئەو کات تێدەگەین کۆمەڵگاکانی ئێمە لەبەرچی ناتوانن مومارەسەی دیموکراتی بکەن، یان هەر بتوانن لەناو کایە ستەمکارییەکانی خۆیاندا جێگەی بکەنەوە. یەکێك لەو بنەمایانەی وای کردووە ئێمە زۆرجار دیکتاتۆر لەدوای دیکتاتۆر بەرهەم بهێنین، ئەم مەسەلەیە کە ئێمە ناتوانین دان بەبوونی جیاوازی لەناو خۆماندا بنێین. وەك تۆرین دەڵێت: "بیرۆکەی ئایینی دەوڵەت، مانای سەپاندنی کۆمەڵێك بنەمای ئەخلاقیو فکرییە لەلایەن دەوڵەتەوە، ئەمیان لەسەرو هەموو ئەو بیرکردنەوانەوەن، کەدژی دیموکراتین. "هەمان سەرچاوە(18 : لێرەدا وشەی ئایین بەهەموو رەهەندەکانیەوە باسی لێوەکراوە، بەمانای هەموو ئایدۆلۆژیەتێك کە خاوەنی یەك رەهەندی بیرکردنەوە بێت هاتووە. ئەوەی لەم پێناسەیەدا، یان لەم وتەزایەدا بۆمان رووندەبێتەوە ئەوەیە دیموکراتی ناتوانرێت لەناو یەك بیرکردنەوەی ئایدۆلۆژیدا بچوك بکرێتەوەو هەموو رەهەندەکانی لێوەربگیرێتەوە. ئێمە لەناو سەدەی بیستدا دنیایەك ئاینی دەوڵەتیمان بینی، هەموو هێزە دیکتاتۆرىو تۆتالیتاریەکان خاوەنی هەمان بیرکردنەوەن. ئەوان لەناو کایەکانی خۆیاندا ئەتوانن کارەساتی گەورە بخوڵقێننو بەناوی دیموکراتیەوە هەرهەموومان توشی گەورەترین شۆك بکەن. توشی ئەوەمان بکەن چۆن باوەڕ بەوە بهێنین ئێمە لەناو کایەیەکدا کار دەکەین خاوەنی یان هەڵگری بنەماکانی دیموکراتییە! ئەوەی تۆرین لێرەدا ئاماژەی پێدەدات بریتیە لەبوونی ئاینێك بۆ دەوڵەت، بوونی تاکە یەك دیدگایە بۆ مومارەسەکردنی ژیان. ئەم وتەیەی تۆرین ئێمە زۆر بەئاسانی لەهەر کۆمەڵگایەکی تر دەتوانین هەستی پێبکەین. دەتوانین لێیتێبگەین، لەبەرئەوەی ئێمە ئەم جۆرە دەوڵەتەمان ئەزموون کردووە. ئێمە لەناو دەوڵەتی ئاینیدا، یان ئەو دەوڵەتەی ئاینێکی

دیاریکراوی بۆخۆی دروستکردووە، ژیاوین. لەبەرئەوە ئاساییە ئەگەر لەوە تێبگەین مانای دەوڵەتی ئاینیو ئاینی دەوڵەتی چییە. ئەم بیرۆکەیە بنەماکەی بۆ خودی مۆدێرنە دەگەڕێتەوە، بۆ هەموو ئەو پێکهاتەیە دەگەڕێتەوە کە ئێمە لەناو کایەی ژیاری خۆماندا کارمان پێکردووە. هەست بەهەموو ئەو جومگە ناشرینانە دەکەین، کەئایدۆلۆژیا لەناو خۆیدا هەڵیگرتووە، ئەو دەوڵەتەی ئێستا ئێمە ئاماژەی پێدەدەین رێك پێچەوانەی دەوڵەتی دیموکراتییە. وەك تۆرین دەڵێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیمان هەبێت، پێویستە تائەوپەڕی رێز لەئازادی تاکەکان بگرینو کۆمەڵگایەکمان هەبێت لەچاوی زۆرینەدا دادپەروەر بێت. کەئەم وتەیە رێك پێچەوانەی هەموو بنەماکانی دەسەڵاتە لای ئێمە،پێچەوانەی هەموو ممارەسەکردنێکی سیاسەتە لەلایەن نوخبەی دەسەڵاتەوە، لەلایەن ئەو هێزانەی کە دەتوانین بەهێزی قەدەری یان هەمیشەیی ناودێری بکەین. ئەوە زۆر لەگەڵ کۆمەڵگای ئێستای ئێمەدا شیاوە. وەك ئەوەی تۆرین ئەو رستەیەی بۆ ئێمە نوسیبێتو ئاگای لەئەزموونی ئێمە بێت کە بەچ شێوەیەك ممارەسەی دیموکراتی دەکەین. تۆرین دەڵێت: "دیموکراتی بۆ کۆمەڵێك گرێنتی دەستوری، یان ئازادی نێگەتیف کورت ناکرێتەوە، بەڵکو خەباتێکە خودی تاکاکان لە ناو کایەی رۆشنبیریدا پێی هەڵدەستنو بەئازادانە لەدژی باڵادەستی سستم کاردەکەن. ئەمە سیاسەتی خودییە)[هەمان سەرچاوە(20:، ئەم تێڕوانینە سەبارەت بەدیموکراتی بۆ ئەو هەقیقەتە دەمانگوازێتەوە، کەئەم چەمکە جگە لەوەی لەناو پێناسە خودییەکاندا ماناکانی خۆی دەدۆزێتەوە، لەلایەکی ترەوە هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ئەو ئاستەنگیانەی بەرەو رووی دەبنەوە. ئەوەی لەم پرۆسەیەدا جێگەی تێڕامانو لێوردبوونەوەیە، ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانین دیموکراتی لەناو پێناسەدا کورت بکەینەوە. هەروەها ، ئەگەر نەتوانین ئەقڵێکی دیموکراتیانە بەرهەم بهێنین ناتوانین زامنی بەردەوامبوونی بکەین. لێرەوە ئالان تۆرین دەخوازێت ئەوەمان پێبڵێت کە تاکە زامنکەری دیموکراتی خودی بەشداری

کۆمەڵو ئەو مومارەسانەن کەکۆمەڵگا بۆ راییکردنی ژیانی رۆژانەی خۆی بەکاریدەهێنێت، نەك ئەوەی ئێمە بەپێی بنەماکانی دەستوور یان هەر شێوەیەکی تری گرێنتیدان کورتی بکەینەوە. وەك ئەوەی ئێستا لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا دەگوزەرێت، کەهەموو هەوڵەکان بۆ دانانی دەستورێکی دیموکراتییە. بۆ گەلێك کە بەهەموو تەمەنی هاوچەرخی نەیزانیووە دیموکراتی چییەو هەرگیز بۆ یەك چرکەش مومارەسەی نەکردووە، ئەو زەمانەتە دەستوریانەی ئێمە بەنیازین بۆ پاراستنی دیموکراسی داینێین نابنە هیچ، نابنە ئەوەی ئێمە دەوڵەتێکی دیموکراتیمان دەست بکەوێت. لێرەدا ئەتوانین بەعسو دەستوورەکەی وەك نمونەیەکی زیندوو بهێنینەوە، ئەو دەستورەی هەموو جۆرە ئازادییەکانی تێدا نووسرابوو، بەڵام کێ وێرای بۆ یەك چرکەش مومارەسەی بکات؟ دیارە ئەم رستەیەی تۆرین لەم جۆرە ئەزمونانەوە ئەفرێندراوە. خوێندنەوەیە بۆ هەموو ئەزموونەکانی دنیا. چۆنو بەچ ئاراستەیەك مومارەسەی دیموکراتی کراوە، ئەو بنەمایانە کامانەن دەبن بەهۆی ئەوەی ئێمە دیموکراتی بین، یان نەتوانین بچوکترین داواکاری خۆمان بخەینە بەردەم دەسەڵات، لەبەرئەوەی دەسەڵات جگە لەبیرکردنەوەی خۆی هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەکی تری قبوڵ نییە. ئەمە گرفتی سەرەکی ئایندەی ئێمەیە. ئەمە دووبارە بوونەوەی ئەو گاڵتەجاڕیەی دیموکراتییە لای ئێمە. ئەبێت ئەوەمان لەبەرچاو رۆشن بێت کە ئایندەی ئێمە ئایندەیەکی دیموکراتی نییە، ئەگەر هەوڵ نەدەین ئەقڵی قبوڵکردنی ئەوی تر بەرهەم بهێنین. ئەو ئەقڵەی قبوڵی بێت قسە لەسەر هەموو مەسەلەکانی ناو ژیانی مرۆڤ بکرێت، ئەو ئەقڵەی بەناوی بەها پیرۆزەکانەوە بەهانەیەك بۆ دانانی سنوورە سوورەکان نەهێنێتەوە، ئەو ئەقڵەی رازی بێت قسە لەسەر هەموو پیرۆزیەکان بکرێت، ئەمیش بۆ وەڵامدانەوە تەنها پەنا بۆ دایەلۆگو وتووێژ بەرێت، نەك ئەوەی بۆ ساغکردنەوەی بچوکترین مەسەلە پەنا بۆ هێزی چەك یان هەر شێوازێکی زەبرو زەنگو تۆقاندن بەرێت. ئەمەیە سیفەتی یان زامنکاری

**ديموكراتى، نەك هەندێك گرێنتى دەستوورى يان بنەماى ياسايى.**

**داخۆ چۆن دەتوانين ئەم داواكارييە بەدەست بهێنين؟، بۆئەوەى بەشێوەيەكى ورد وەڵامى ئەم پرسيارە بدەينەوە، پەنا بۆ ئەو رستەيەى تۆرين دەبەين‌و دواتر هەڵوەستەى لەسەر دەكەين. تۆرين لەم بارەيەوە دەڵێت: "رژێمى ديموكراتى، شێوازى ژيانى سياسيانەيە كەئازادى بۆ زۆرينەى تاكەكان دابين دەكات، ئەو شێوازەيە زۆرترين فرەيى دەپارێزێت‌و دانى پێدادەنێت." هەمان سەرچاوە(21:، ئايا ئەمە سيفەتى كۆمەڵگاى ئێمەيە، ئەو كۆمەڵگايەى ساڵانێكى درێژە باس لەديموكراتى بوون دەكات؟ لەڕاستيدا زۆر بەداخەوە دەڵێين نەخێر. تاكو هەنووكە لەناو رێكخراوە پيشەييەكاندا ئەقڵيەتى رێكخراوەى سەرتاسەرى بريتيە لەو ئەقڵيەتەى هەموو نوخبەكانى ناو كۆمەڵگاى ئێمە كارى پێدەكەن. هەموويان هەوڵدەدەن يەك رێكخراويان بۆ هەر پيشەيەك هەبێت. يەك رێكخراو بۆ نووسەران‌و هونەرمەندان‌وكرێكاران‌و ئەندازياران‌و رۆژنامەنووسان‌و...هتد، هەبێت. ئەمە يەكێكە لەگرفتە هەرە گەورەكانى ناو كۆمەڵگاى ئێمە. بۆ توێژە هەروە دەستەبژێرەكان هەموو كات هەڵبژاردنى ليژنە باڵاكان بەليستێكى پێشوەخت دياريكراوە. هەركەس ئەيەوێت بادەنگ بدات بەم ليستە، نەك ئەوەى كۆمەڵێك تاكى چالاك هەبن بتوانن لەم پرۆسەيەدا خۆيان بپاڵێون‌و چانسى بەدەستهێنانى دەنگى پێويستيان هەبێت. راستە دەسەڵات يان حيزبى زۆرينەكان بانگەوازى ئەوە دەكەن كە رێگە لەكەس نەگيراوە، بەڵام ناكرێت ئەوە لەبەرچاوى خۆمان ون‌بكەين، كەحيزب بەهەموو هێزى خۆى بەهەموو جەبرووتى خۆى لەپشت ئەم پرۆسەيەوە نەوەستاوە. ئەمە جگە لەوانەى لەم كارانەدا بەشدارى دەكەن، ئەندامى ئەو حيزبە زۆرينانەن، كەئەمان بەشێوەيەك لەشێوەكان لەلاوازى تێگەيشتنيان بۆ ديموكراتى وەك پرۆسەيەكى تەواو ديموكراتى تەماشاى ئەم گەمەيە دەكەن، كەدواجار ئەم گەمەيە دووبارەكردنەوەيەكى ترى رێكخراوە گشتگيرەكانى دنياى ناديموكراتييە. باڵەم**

بارەدا دەستوورێکی دیموکراتیشمان هەبێت، ئێمە کە باس لەدیموکراتی دەکەین، تاك بەهەند وەرناگرین، بەڵکو ئەوەندەی دەستەجەمعیەکانمان لاگرنگە تاك هیچ بوونێکی نییە. تاکێکی ئەکتیف لەدەرەوەی هەموو پرۆسە بەکۆمەڵەکان هەرگیز ناتوانێت بگاتە ئەو شوێنەی کەپێویستە لێیبێت. ناگاتە ئەو ئاستەی ئەم دەتوانێت کارایی خۆی تێدا ئەنجام بدات. ئێمە نەمانتوانیووە ئازادی بۆ زۆرینەی تاکەکان مسۆگەر بکەین. لەپێناو رێزگرتن لەگروپێك هەموو کات مافی گروپێکی تر پێشێل دەکەین. بەناوی پیرۆزییەوە زۆر شوێن هەن ئەستەمە ئێمە پەی پێبەرین. زۆر خاڵ هەن قسە لەسەرکردنی کارێکی ئەستەمە. هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ئێمە نەتوانین ببین بەخاوەنی دیموکراتییەتی راستەقینە، یان نەتوانین لەناو کایەکانی ژیاندا مومارەسەی ئەو شتە بکەین ناوی مافی تاکەکەسە. بۆ ئاینیەکیەکان هەیە هەموو سروتەکانی خۆیان ئەنجامبدەن، بەڵام ئەنجامدانی هەر سروتێکی تر بۆ هەر گروپێکی ترحەرامەو دەچێتە بواری



قەدەغەکانەوە. هەموو ئەمانە لەناو کایەی سیاسی ئێمەدا بەڕێوە دەچن. ئێمە هەمیشە هەوڵدەدەین زۆر لەیەکتری بچیین، کەمترین جیاوازی بکەوێتە نێوانمانەوە، هەوڵدەدەین فرەییەکانمان بۆ هەندێك مەسەلەی گشتگیر کورت بکەینەوە. ئێمە زۆرجار لاسایی دەوڵەتە تۆتالیتاریەکان دەکەینەوە. هەموو دەمیش قسە لەسەر شێوازی سیاسی ئەوان دەکەینو بەشێوەیەکی ناچیزەو ناشرین دەیچوێنین، بەڵام ئێمەش لەنەستماندا هەمان پرۆسە دووبارە دەکەینەوە. ئەوەی لەسەر رێکخراوە گشتگیرەکان باسمانکرد، نمونەیەکی تری ئەو کارەیە. بەڕاشکاوانە ئەوەی دیموکراتیەتی لەسەر پێكدێت بریتی نییە لە کۆمەڵێك یاسا یان ئەوەی زۆرینەیەك دەسەڵات بەدەست دەهێنن، بەڵکە دیموکراتی بەر لەهەموو شتێکبریتیە لەرۆشنبیری یان

هوشیاریەکی سیاسی. بوونی دامەزراوە نابێتە دڵنیایی بۆ مسۆگەر بوونی دیموکراتی، بەڵکو بوونی پرۆژەی تاكو کۆمەڵ ئەم مەسەلەیەمان بۆ دیاریدەکەن. بوونی ئازادی تاکەکەسو هەماهەنگی ئەم ئازادییە لەگەڵ کارە بەکۆمەڵەکانو سەرهەڵدانی گروپە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا زامنکەری ئەم رەوتەیەیە. هەرلەبەرئەوەیە لەرۆژگاری ئەمرۆماندا کاتێك باس لەدەسەڵاتە میللیەکان دەکەین، دەزانین ئەمانە چ هەڕەشەیەکن بۆ سەر دەسەڵات. لەبەرئەوەی ئەم دەسەڵاتە میللیانە زۆرێك لەمەسەلە ئەقڵانیەکان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردەهێنن، تاکو بۆ هەموو وابەستەییە دەستەجەمعیەکانو ئاماژە گشتگیرەکان. ئەوەی وادەکات لەلای دەسەڵاتی میللی ستەمکاریو نادیموکراتی رووبدات، ئەوەیە ئەم دەسەڵاتانە بەدەرن لەبوونی متمانە، متمانە بەخۆیانو بەوانی تر، هەمیشە هەموو بەوە تاوانبار دەکەن، کەهەڕەشەن بۆ سەر دەسەڵاتی ئەم. ئەم مەسەلەیە هەرلەخۆڕا نەهاتووە، بەڵکو دەرئەنجامی ئەو شۆڕشانەیە، کەزۆرێك لەوڵاتانی تازە دەرکەوتوو پێی هەستاون. ئەمڕۆ زۆرێك لەشۆڕشەکان بەناوی رزگارکردنی دیموکراتییەوە ئەنجامدەدرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم شۆڕشانە دواجار لەو کاتەی دەسەڵات وەردەگرن، خۆیان دەبن بە هێزی نادیموکراتی. لەم بارەیەوە ئالن تۆرین دەڵێت: "هەندێك شۆرش زۆرجار هەوڵی رزگارکردنی دیموکراتیان لەدوژمنەکانیان داوە، بەڵام دواجار خۆیان بوون بەرژێمێکی دژە شۆرشو کاتیك دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە، بانگەوازی یەکێتی نیشتمانیو وابەستەیی کۆمەڵایەتیان کردووە، نەیارەکانیان سڕیووەتەوەو، نەیانهێشتووە لەگەڵیاندا بژینو بەخیانەتکار لەقەڵەمیان داون. لەبری ئەوەی واتەماشایان بکەین، دەبی بزانین ئەمانە کۆمەڵێك کەسانن خاوەنی بەرژەوەندیو بیرکردنەوەی جیاوازن." هەمان سەرچاوە(23-22:، ئەمە سیفەتی زۆرێك لەشۆڕشەکانی ئێمەیە. ئەم بارەتەنها لە پاش وەرگرتنی دەسەڵات دەرنەکەوتووە، بەڵکو لەتافی شۆڕشگێڕیشدا هەمان ئەخلاقیات هەبووە. هەروەها بۆ راستی ئەم قسانە دەتوانین

بەعس بەنمونە بهێنینەوە. بەرلەوەی بەعس دەسەڵات بەکودەتایەکی خوێناوی بەدەستەوە بگرێت، لافی ئەو پەڕی چەپبوونو دیموکراتیبوونی لێدەدا. بەرەی لەگەڵ هێزە نەتەوەییەکانو شیوعیەکانو هێزەکانی تردا درووست دەکرد، بەڵام پاش ئەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست، هەموو ئەم هێزانەی لەناوبرد، زۆریانی بەدڕندانەترین شێواز سڕیەوە، دواتر کەوتە پاکتاوکردنی ریزەکانی خۆشی، هەموو ئەمانە بنەمای کارەساتی بەعس بوون بۆ ئەم وڵاتە، هەروەها بەعس بووە ئەو ئەخلاقەی رۆژانە بەچەندەها شێوە دووبارە بێتەوە، لەنێو چەندەها فۆرمو کرۆکدا دروست ببن.

لێرەدا دێینە سەر چەمکی تاکو تاکگەری لەناو پرۆسەی دیموکراتیدا. ئێمە دەزانین تاك چ رۆڵێکی گرنگ لەناو کۆمەڵگای هاوچەرخدا دەبینێت. چۆن تاك تەنها بۆ هاوڵاتی کورت ناکرێتەوە، کۆمەڵێك بنەما هەن تاکی لەسەر دروست بووە، بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین تاك بنەمایەکی گرنگی ژیانی رۆژگاری ئەمڕۆمانە، لەبەرئەوە ناکرێت بەو شێوە باوە تەماشای تاك بکەین، وەك ئەوەی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی یان تەنها هاوڵاتییەك بێتو تەواو. ئەو پێناسەیەی سەرەوە رێك لەگەڵ هەموو شێوازەکانی حوکمڕانی لەم ناوچانەدا هاوتایە. ئەوەندەی ئەم رژێمە تۆتالیتاریانەی ئێمە سەرقاڵی دروستکردنی یەکتاین، ئەوەندەی حەزی لەناو بردنی ئەوەیترمان لاهەیە، ئەوەندە بەدوای دروستکردنی ئەوی ترەوە نین، یان بەدوای گوێگرتن لەوی ترە نین. هەموو ئەمانە ئەو بنەمایانەن تێزی نیشتمانپەروەرو خیانەتکار بەهێز دەکات. باپرسین خیانەتکار کێیە؟ لەناو بیرکردنەوەی ئێمەدا ئەو کەسەیە وەك ئێمە بیرناکاتەوە، وەك ئێمە قسە ناکات. لەوانەیە زۆرجار بیرکردنەوەی خیانەتکار زۆر لەبیرکردنەوەی دەسەڵات باشتر بێت، لەبەرئەوە ناڵێم هەموو کات، تاکو نەکەومە ناو ئەو ئاستەنگییەی هەندێك پێیان وایە ئەبێت ئێمە لەسەر یەك مەسەلە هەمموومان وەك یەك بیربکەینەوە. بۆ نمونە هەموو بەرهەڵستکارێك یان نەیارێك یان

ئەوانەی رەخنەیان لەدەسەلاَت هەیە، زۆرجار لەناو کایەی سیاسی ئێمەدا بەخیانەتکار ناودێر دەکرێن. ئەمانە ئەو بنەمایانەن کەمرۆڤی ئێمەی بەکۆیلەیەتی پێمەحکومە. ناتوانێت گوزارشت لەبۆچوونەکانی خۆی بکات. هەروەها هەمیشە مەترسی سەرکوتکردنو ستەمکاری لەسەرە. ئەمەیە نمونەی



دەسەلاَت لای ئێمە، هەمیشە هەوڵدەدات دوا وتە لەهەموو مەسەلەکاندا لای خۆی بمێنێتەوە. ئەم بیرکردنەوەیە بەشێکی گرنگە لەبیرکردنەوەی سیاسی ئێمە، بەشێکە لەهەموو ئەو پێکهاتانەی کایەی مومارەسەکردنی دەسەلاَت لای ئێمە لەناو خۆیاندا جێگای دەکاتەوە. لەبەرئەوە ئاساییە ئەگەر باس لەوە بکەین کە کۆمەڵگای ئێمە  تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ هەموو بنەما دیموکراتیەکاندا ناکۆکە، سیاسەت لەناو ئێمەدا تاکو ئەم چرکەساتەش بریتیە لەبیروڕای ئۆلیگارشیەتی دەسەلاَت. بریتیە لەو بیروڕایانەی نوخبەی دەسەلاَت هەیانە. لەدەرەوەی ئەم بیرکردنەوەیە هەموو بیرکردنەوەکانی تر وەك بیری چەواشە یان پیلانی دوژمن یان هەوڵدان بۆ خیانەتکردن تەماشا دەکرێت. ئەمەیە گەورەترین ئاستەنگی بیرکردنەوەی ئێمە لەبەردەم هەر کرانەوەیەکدا کە بمانەوێت لەناو ئەم کایە قەیراناوییەدا بەدەستی بهێنیین. بەعسیەکان لای ئێمە سێ دەیە زیاتر بەم شێوەیە حوکمی ئەم وڵاتەیان کرد، کەسێك نەما لەناو عێراقدا ناوی بەرهەڵستکار بێت، هەمووومان لەبەردەم سەدامی دیکتاتۆردا خاوەنی تەنها سەر لەقاندن بووین. ئێمە خاوەنی کەسەیاتییەك نەبووین بتوانین یەك وشە لەبەرامبەر ئەفسەرێکی نەخوێنەواردا بڵێین، نەماندەتوانی بچوکترین رامان هەبێت، یەکسەر بەدوژمنی

گەلو شۆڕشیان دەیانناساندین. ئەوەشی دوژمنی گەلو شۆڕش بووایە، مەرگی حەتمی نسیبی بوو. ئەم رستانەی تۆرین ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ئەزموونی ژیانی مرۆڤایەتی بەشێکی گرنگە لەوەی چۆن بتوانێت گوزارشت لەکایەیەك بکات کەخۆی تێدا ناژی، بەڵکو لەئەنجامی کارەکانییەوە هەست بەو حاڵەتە دەکاتو خوێندنەوەی بۆ دەکات. ئەوەی ئەزموونی ژیانی ئێمەی گۆتکردبوو، وە لەئێستاشدا سەرەتاکانی بەدەرکەوتوونو بەنیازن جارێکیتر گۆتی بکەنەوە، پەنابردنە بۆ تایەفەو بیرکردنەوەی تایەفەگەریو ئەقڵی خێڵ ببێتە ئەقڵی دامەزراوەی ناو کایە مۆدێرنەکان. کەئەم حاڵەتە زۆر بەئاسانی لەوڵاتانی دەورو بەرمان بەرچاومان دەکەوێت. تۆرین لەم بارەیەوە دەڵێت: " پەنابردن بۆ تایەفەگەری دیموکراتییەت لەناو دەبات، وەك چۆن پەنابردن بۆ رۆشنبیرییەکی تایبەت، دەبێتە هۆکاری جێگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی دیاریکراو. هەروەها دەبێتە هۆی لەناو بردنی سەربەخۆیی سیستەمی سیاسی، بەمەش پەیوەندی راستەوخۆی نێوان دەسەڵاتو رۆشنبیری دەسەپێت، بەتایبەتی لەنێوان دەوڵەتو ئاییندا."[هەمان سەرچاوە(26:، ئەوەی لێرەدا پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە تۆرین جیاوازی نێوان تایەفەگەریو رۆشنبیریەکی دیاریکراومان بۆ ناهێڵێتو هەردووکیان لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دەخاتە ناو یەك کایەوە، ئەویش کایەی تایەفەگەرییە. تایەفەی کۆمەڵایەتیو تایەفەی رۆشنبیری، ئەم بارە لەناو کایەی نوێدا لەوەدا جیاوازییان نییە، هەردووکیان رژێمێکی یەك شێوازی تەواو دیکتاتۆری بەرهەم دێننو کوڕەکان لەحوکمڕانیدا جێگەی باوکەکان دەگرنەوە. کەئەم بارە لەناو سیستمە نوێیەکانیشدا بەرچاو دەکەوێت، کە رەسیدی باوك دەبێتە بنەمایەك بۆ سەرکەوتنی کوڕەکان، بەڵام مەسەلەکە لەناو کایەی ئێمەدا تەواو جیاوازترە. ئێمە هێشتا ناتوانین رەخنە لەباوك بگرین، چ جای ئەو کوڕەی لەباوك دڕندانەتر دێتە سەرحوکم. هەموو ئەمانەش وەك بەشێك لەکایەی نوێی حوکمڕانی تەماشا دەکەین، ئەوەتا بۆ هاتنە سەر حوکمی کوڕ لەوڵاتێکی

دیکتاتۆری وەك سوریادا، دەستور بەپێی تەمەنی کوڕ بۆ سەرۆك کۆماری دەستکاری دەکەن. ئەو دەستوورەی تەنها بۆ ئەم دەستکاریکردنە کاری پێدەکرێتو دوایی دەخرێتە ناو دۆلابە داخراوەکانی دەزگای سەربازیو دیکتاتۆرەوە. ئەمەیە گرفتی بیرکردنەوەی نوێ لەبەردەم ئەم دیاردە سەمەرانەی سەراپای حوکمی ئەم ناوچەیەی گرتووەتەوە. ئەو ناوچەیەی تاکو ئێستا بەتێزی باوکی پیرۆز کاردەکات. ئەوەی ئێستا لەناو واقیعی ئێمەدا دەگوزەرێتو پڕیەتی لەبێمتمانەیی بەرامبەر یەك. ئەم بنەمایەیە کە تایەفەگەریو هێزی تاکڕەوی لەناو کایە سیاسیەکاندا بەزەقی کاردەکاتو هەوڵ بۆ زاڵکردنی گوتاری خۆی دەدات. ئەوەی ئێستا لەم ناوچەیەدا دەگوزەرێت رێك هاوتای ئەم گوتەیەی تۆرینە. لەبەرئەوەیە جۆرێك لەڕەشبینیمان بەرامبەر هێزە سیاسیەکان هەیە، کەبتوانن شتێك بەدەست بێنن ناوی دیموکراتی بێت. ئەوەی لای ئێمە دەگوزەرێت، تایەفەیەك یان مەزهەبێکی دیاریکراوە کە دەیەوێت بەناوی خۆیەوە هەموو ئەو بنەمایانە بسەپێنێت کەخۆی بڕوای پێیەتی. لەهەندێك جاردا جیهانیش ناچار دەکات وەڵام بەم خواستەی بدەنەوە. گرفتی سەرەکی ئێمە لێرەدایە، هەرلەبەرئەوەیە هەست دەکەین دۆزینەوەی هەر ئەڵتەرناتیفێك بۆ دەسەڵات لای ئێمە بەو ئاراستەیەدا دەڕوات کەدەبێتە هۆی لەناوبردنی دیموکراتی. لێرەدا ئەو پەیوەندیە راستەوخۆیەی نێوان تایەفەو دەسەڵات یەکانگیر دەبێتو دەچەسپێت. ئەمە وادەکات هەموومان گومانمان لەهەنگاوەکانی خۆمان بێت، بەشێوەیەك متمانە بەدەستورو یاساکانی یەکتریش نەکەین. ئەمە وادەکات لەگەڵ تۆرین بڵێین: " ناکرێت سیفەتی دیموکراتی بەهەندێك رژێمی دەسەڵات ببەخشین کەدەستی بەسەر میراتی جوڵانەوەی رزگاریخوازیدا گرتووە، هەروەها ناشتوانین بڵێین ئەو وڵاتانەی هەژاریو پاشکۆیەتیو کێشەی ناوخۆیی تێدایە، دیموکراتیەت تێیدا نەشیاوەو توانای بەدیهاتنی نییە. دیموکراتییەت بریتیە لەدۆزینەوەی سستمێکی سیاسی، کە رێز لەئازادییە سەرتاییەکان

بگرێت."هەمان سەرچاوە(27: ئەوەی لەم وتەیەدا جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، ئەویە دیموکراتی لەهیچ شوێنێکدا بەهەر بیانوویەك بێت نەشیاو نییە، بەڵکو دەتوانین لەهەموو پێگەیەکدا بەدابینکردنی ئازادییە سەرەتاییەکان، دێتە دی. جا با ئەو دەوڵەتە لەرووی ئابووریشەوە پێشکەوتوو نەبێت. ئەمە رێك پێچەوانەی ئەو تێڕوانینەیە کەدەربارەی جۆری دەسەڵاتو ئەو هۆکارانەی ئەم دەسەڵاتانە دەهێڵنەوە، گوایە ئەم وڵاتانە بەهۆی پاشکۆیەتیو هەژارییەوە پێویستی بەدەسەڵاتی دیکتاتۆریو تاکڕەوانە هەیە. یان ئەوەی کە دەڵێن ئەم وڵاتانە بەهۆی هەژارییەوە خەڵك نایپەرژێتە سەر دیموکراتیو شتی لەو بابەتە. ئەوەی لەبەردەم بەدەستهێنانی ئەم خواستە یان رەوەندەدا رێگرە، تەنها خودی ئەو دەسەڵاتانەیە کەبەناوی شۆڕشو هێزی رزگاریخوازییەوە بوونی خۆیان بەسەر ئێمەدا دەسەپێنن. ئەوەی ئێمە لەبەعس بینیمان هەمان بیرکردنەوەیە سەبارەت بەدەسەڵاتی شۆڕشو حیزبی سەرکردەو باوکی گەورەو چەندەها ناوی تریش. کەمێژووی نوێی ئەم وڵاتە پڕیەتی لەم جۆرە دەسەڵاتە. سەرکردەیەکی ئەم وڵاتە نەبووە کە نەبیتە خاوەنی دەیەها ناوی شکۆمەندکراو. ئەمانە هەمووی پەیوەندی بەئاستی ئابوورییەوە نەبووە، بەڵکو پەیوەندی بەجۆری دەسەڵاتو ئەو کەلتوورەوە هەبووە کەدەسەڵات بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی خۆی دەیگرێتەبەر، دەتوانین هۆکاری ئەم حاڵەتە بگەڕێنینەوە بۆ پێکهاتەی دەوڵەتی نوێ لەم ناوچەیەدا کەچۆنو بەچ میکانزمێك سەریهەڵداوە. دەتوانین بۆ پێناسەی ئەم حاڵەتە، یان بۆ باشتر تێگەیشتن لەم دۆخە بۆ ئەو گووتەیەی فالح عەبدولجەبار بگەڕێینەوە کەدەڵێت:" لەخۆرئاوادا گواستنەوەی دەسەڵات لەدامێنەوە بۆ سەرەوە روویداوە، لەخودی کۆمەڵگاوە بۆ دەوڵەت بەرز بووەتەوە. جائەویش بەزۆر بێت یان بەخوایشت، تووشی گۆڕان بووە، چ بەگونجاندنی ریفۆرمیی بێت یان بە رماندنی شۆڕشگێڕانەی توندوتیژ بێت. بەڵام لەجیهانی عەرەبیدا گواستنەوەکە بەهەڵەوگەڕاوەیی روویدا. واتە لەلوتکەوە، لەدەوڵەتەوە دابەزیووەتە خواری بۆ

ناو کۆمەڵگای کۆنەکار. کەواتە لەخۆرئاوادا کۆمەڵگای مەدەنی خوڵقێنەری دەوڵەتی نوێیە، بەڵام لەجیهانی عەرەبیدا دەوڵەت کۆمەڵگای نوێ دروست دەکات." عبدولجەبار،(53 :2001 ئەمە ئەو ئاستەنگییەیە، کەکۆمەڵگای ئێمە بەدەستیەوە دەناڵێنێت، هۆکاری ئەم حاڵەتە وایکردووە جۆری دەسەڵات لای ئێمە بەو ئاقارەدا بڕوات کەدەیەوێت هەموو بڕیارەکان لەدەستی خۆیدا کۆبکاتەوە. ئەوەندەی ئەم کۆمەڵگایانە بەدەست ئەو وتانەی دەسەڵات سەبارەت بەدیموکراتی دەیهێنن، دەناڵێنن، ئەوەندە دەسەڵات گرنگی بەمەسەلەی رای گشتی نادات. دەسەڵات لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا ئەوەندەی بەخشەرەو هەموو شتەکان وەك خێر دەبەخشێتە ئێمە، ئەوەندە مافی ئازادی بەئێمە ڕەوا نابینێت. هەموو دەڵێن من چەندە دیموکراتیم! بەلام کۆمەڵگا بەهەموو شێوەیەك دەخاتە دەرەوەی هاوکێشەکان. هەر ئەم حاڵەتە وادەکات دەسەڵات لای ئێمە بۆخۆی خوڵقێنەری کۆمەڵگای نوێ بێت. هەرخۆشی ئەو پێگانە دیاری دەکات کەناوی کۆمەڵگای نوێی لێدەنێت. ئایا کۆمەڵگای ئێمە توانیوویەتی لەبچوکترین بڕیاردا رای تایبەتی خۆی هەبێت؟ ئێمە هەمیشە بەوە مەحکومین کە دەسەڵات بەناوی هەموومانەوە قسەی کردووە. ناتوانین لەناو کایەی سیاسی خۆماندا حیزبو حکومەت لەیەکتری جیا بکەینەوە. زۆرجار حکومەت بەتەواوەتی دەبێتە حیزب. ئەم کارە گەورەترین زیان لەدیموکراتی دەداتو کۆمەڵگا بۆ دۆخی دیکتاتۆری دەگوازێتەوە. ئەوەی گرنگە ئێمە لەم باسەدا ئاماژەی پێبدەین پەیوەندی نێوان دیموکراتیو دەسەڵاتی گەلە، کەچ پەیوەندیەکی دیالێکتیکیانە لەنێوان ئەم دوانەدا هەیە. تۆرین لەم بارەوەیە رای وایە:" دیموکراتییەت هەرگیز مانای دەسەڵاتی گەل نییە. ئەم دەستەواژەیە ئەوەندە تەمومژاوییە، دەتوانرێت بەچەندەها شێوە راڤە بکرێت. زۆرێك لەدەسەڵاتە سەرکوتگەرەکان شەرعیەتی خۆی لێوەردەگرن. دەسەڵاتی نەتەوەیی یان ناوخۆیی کە ڕاستەوخۆ لەخزمەتی رای گشتیدایە، زۆرجار دەرئەنجامی ناخۆشو دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە...، حیزبە جەماوەرییە گەورەکان

لەهەموو شوێنێك مەترسی بوون بۆ سەر دیموكراتین، زیاتر لەوەی بەرگری لێبكەن[." تۆرین(61: ئەوەوی تاكو ئەم چركەیەش لای ئێمە باوە ئەوەیە دیموكراتیەت مانای حوكمی گەل دەگەیەنێت. حكومەتی ئۆلیگارشیەتی دەسەڵات بەناوی هەموومانەوە قسەی كردووە، بەناوی هەموومانەوە هەموومانی سەركوتكردووە. هەروەها ئەم گوتەیە بووەتە هۆكاری ئەوەی هەمیشە كەمینەكان لەژێر فشاردا بن‌و بچەوسێنرێتەوەو بەكۆمەڵ بكوژرێن. ئەمە واقعی ئێمەیە كە حیزبی گەل بۆ پاراستنی بەرژوەندی گەل، بەكۆمەڵ پاكتاوی نەتەوەیی لەگەڵ ئێمەدا بەكاردەهێنا. لەكاتێكدا سادەترین بنەمای دیموكراتی بریتیە لەپاراستنی مافی كەمینەكان. لێرەدا مەبەستمان كەمینە سیاسیەكان نییە، بەڵكو كەمینە نەتەوەیی‌و ئەتنی‌و مەزهەبیەكانە. ئەوەی ئاشكرایە، لەناو كایەی دیموكراتیدا ئەوەی ئەمڕۆ كەمینەی سیاسی پێكدەهێنێت، ئاساییە لەداهاتوودا زۆرینەی سیاسی بەدەستبهێنێت‌و لەڕێگەی سندەقەكانی دەنگدانەوە بێتە سەر كورسی دەسەڵات. ئەوەی لای ئێمە رۆشن نییە پێكهاتەی دەوڵەت‌و حكومەتە لەناو كۆمەڵگادا. ئایا كامیان دەتوانن دیموكراتی بن‌و كامیان ناتوانن دیموكراتی بن. بەپێی تێڕوانی تۆرین، پێویستە خودی كۆمەڵگا خۆی بەشێوەیەكی ئەكتیف رێكبخات‌و بەشداری تەواو لەهەموو ئەو چالاكیانەدا بكات كە پەیوەندیان بەخودی ژیانی ئەوانەوە هەیە. تۆرین سەبارەت بەدەسەڵاتی دەوڵەت دەڵێت:" دیاریكردنی دەسەڵاتی دەوڵەت دوو مەرجی هەیە :دان‌نان بەكۆمەڵگای سیاسی، لەهەمان كاتدا ئازادبوونی ئەو كۆمەڵگایە. ئەم كارەش لەبەرامبەر دەوڵەت‌و كۆمەڵگای مەدەنی، كەزۆرجار بەتەواوەتی تێكەڵاو دەكرێن. دەوڵەت وەك خۆی هەرگیز دیموكراتی نابێت، كاری دەرەكی ئەو بەرگریكردنە لەیەكێتی كۆمەڵگای نەتەوەیی‌و بەرگری‌كردن لە دژی دەوڵەتانی بیانی." هەمان سەرچاوە(65: ئەمە ئەو بنەمایەیە كەكۆمەڵگای ئێمە بەدەستییەوە دەناڵێنێت. هەمیشە ئەو گلەییەمان هەیە دەوڵەت بۆ دیموكراتی نییە. ئێمە دەزانین هەموو دەسەڵاتێك

کێشمەکێش لەپێناو مانەوەی خۆیدا دەکات. هەروەها لەناو کۆمەڵگای کراوەدا هێزە سیاسیەکان لەبەرامبەر یەکدا لەکێبڕکێدان بۆ بەدیهێنانی دەسەڵات، ئەو دەسەڵاتەی کە پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. جا لە پێگەیەکدا هێزە سیاسیەکان لەبەرامبەر هێزی دەسەڵاتدا هەست بەلاوازی بکەن، ئاساییە دیموکراتیەتو بەشداری سیاسی کۆمەڵایەتی توشی ئاستەنگی بێتەوە. یان کاتێك کۆمەڵگا توانای بەرهەمهێنانی زیاتر لەهێزێکی سیاسی نییە، ئاساییە دەوڵەتێکی ستەمکارمان دەستبکەوێت. هەروەها ئەوەی جێگەی سەرنجەو وەك بەشێك لەبیرکردنەوەی نوێ، دەوڵەتی نوێ هەموو پنتەکانی ناو دەسەڵاتی لەدەستی خۆیدا کۆدەکردەوە، لەبەرئەوە کۆمەڵگای نوێی لەدەرئەنجامی دروستبوونی دەوڵەتی نوێوە هاتووە مرۆڤ تووشی ئەوە دەبێت هەمیشە چاوی لەدەستی دەوڵەت بێت بۆئەوەی ژیانی بۆ مسۆگەر بکات. دەوڵەتیش بەوەی هێزی سیاسی بەرامبەر رەتدەکاتەوە، تواناکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا زیاتر دەکات. نەبوونی هێزی سیاسی بەرامبەر لەهەندێك باردا بۆ بوونی کەلتورێکی ستەمکارانە دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ ئەو بەشداریە ئابووریەش دەگەڕێتەوە کەکۆمەڵگا هەوڵی بۆ دەدات. بوونی ستەمکاری ئەوەندی پەیوەندی بەخودی دەسەڵاتەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندی بەئێمەوە هەیە. چەندە ئامادەین هێز بدەینە بەرامبەرەکەمان بۆ بەشداریکردنی لەکەمکردنەوەی ستەمکاری؟ کەواتە باشترە واتەماشای مەسەلەی ستەمکاری بکەین کە بەشێکە لەفەلسەفەی کۆمەڵگا، نەك بەتەنها دەسەڵات. راستە کۆمەڵگای هاوچەرخ هەموو مەسەلەکانی ژیانی بەمیتۆدو سستەم کردووە، بەڵام کاتێك ئەم کارانە کارا دەبن، کەبەشداری کۆمەڵگا لەڕادەیەکی ئێجگار نزمدا بێت. ئەوەی لەناو کۆمەڵگاکانی ئێمەدا بەرچاو دەکەوێت بوونی بیرکردنەوەیەکی رەهایە لەژیان، بیرکردنەوەیەك تادوائەندازە بەدەر لەهەموو گۆڕانکارییەك. ئەوەی تاکو ئێستا لای ئێمە بڕوای پێنەهێنراوە بیرکردنەوەی نیسبیە لەژیان، بەڵکو ئەوەی تاکو هەنوکە کاری پێدەکرێت ئەو بیرکردنەوە رەهایە کەپێی وایە

یەك بۆ هەموو شتەکان دوا مانایە، یەك حیزب، یەك سەرکردە، یەك جۆر حوکمڕانی، یەك سەندیکا، یەك سستمی پەروەردە، یەك سەنتەر بۆ هەموو شتەکان، یەکەکان ئەوەندە زۆرن، دواتر هەرهەموویان لەیەك خاڵدا یەك دەگرنەوەو دەبن بەیەك یەکە. ئەمە ئەو بیرکردنەوە سەنتەریالیزمەیە کەپێی وایە هەموو بیرکردنەوەیەك لەدەرەوەی ئەو، جۆرێکە لەحەرام. جۆرێکە لەگوناه. ئەم بیرکردنەوەیە بەرەو ئەوەمان دەبات کە لەبەرچی تاکو ئێستا ئێمە ناتوانین دیموکراتی لەناو خۆماندا جێگە بکەینەوە؟ ئەستەمە سەراپای کۆمەڵگایەك خاوەنی یەك بیرکردنەوە بێتو پێیبڵێین دیموکراتی. لێرە دەوڵەت نوێنەرایەتی هەمووومان دەکاتو پێویستی بەوەش نییە بۆ هیچ مەسەلەیەك بۆ خەڵك بگەڕێتەوە. ئەوەی لەناو ئەم دەسەڵاتانەی نمونەی کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە، وەك چۆن وتمان یەك حیزبو ئەوانی تر هەن، لەهەمان کاتدا یەکجاریش هەڵبژاردن دەکرێت. دواتر ئەوەی لەو گەمەیەدا براوە بوو، بۆ هەمیشە کورسی دەسەڵات بۆخۆی قۆرخ دەکات. ئەمانە هەرهەمووی ڕێگریەکانی بەردەم گەشەکردنی بیرکردنەوەی دیموکراتین. ئێمە لەناو کایەیەکدا دەژین کە هەمیشە حیزبێك هەیە لەوانی تر گەورەترو هەمیشەش هەروا دەمێنێتەوە. هەموو ئەوانی تر ئەبێت ئەم تەواو بکەن. راستە بە بێ بوونی حیزب دیموکراتی مەحاڵە، بە بی ٚبوونی هێزی کارای کۆمەڵایەتی کارا بوونی دیموکراتی شیاو نییە. تۆرین دەڵێت." گومانی تێدا نییە بە بیٚبوونی حیزب دیموکراتی بوونی نییە، یان بە بێ بوونی هێزی سیاسی کارا مرۆڤ ناتوانێت بەوپەڕی جدیەت قسە لەسەر دیموکراتی بکات. کاتێك مەسەلەی حیزبۆکراتی مەسەلەی دیموکراتی لەناو دەباتو سیفەتی نوێنەرایەتی لێ دەکاتەوە، ئەو کات یان ئەوەتا بەرەو گێرەشێوێنی دەمانبات، یان ئەوەتا بەرەو باڵادەستی کۆمەڵێکی ئابووری دەسەڵات دەمانبات. ئەو کات هەموو چاوەڕێی دیکتاتۆرێك دەکەین." هەموو ئەم وتانەی تۆرین بۆ واقعی ئێمە شیاون. ئێمە ئەوەندەی بەدەست تاکە حیزبو بیرکردنەوەی نادیموکراتیانەی حیزبەوە

دەناڵێنین، ئەوەندە بەدەست مەسەلەکانی تری کۆمەڵگاوە ناناڵێنین. حیزب جێگەی ئاینی گرتووەتەوە. نەك ئەوەندە کە زۆرجار موتڵەقتریش دێتە پێش چاو. لەکۆتایی ئەم خوێندنەوە کورتەمدا بۆ دیدی ئالان تۆرین، یەکێك لەڕستە گرنگەکانی ئەم کتێبەی دەکەمە پرسیارێك بۆ تەواو کردنی ئەم وتارە. تۆرین دەڵێن:" دیموکراتیەت جارێکی تر بەهاوسەنگی ئەم سێ بنەمایە دێتەدی: دیاریکردنی دەسەڵات، سیفەتی نوێنەرایەتیو هاوڵاتیبوون. نەك بە بوونی زەبروزەنگی یەکێکیان بەسەر ئەوانی ترەوە[."هەمان سەرچاوە(123: ئایا ئەم سێ بنەمایە لای ئێمە بەتەواوەتیو پێکەوە بوونیان هەیە؟ ئایا هەمووکات لای ئێمە دەسەڵاتی دیاریکراو بەسەر هەموو ئەوانیتردا زاڵ نییە؟

سەرچاوەکان:

٨ تۆرین،ئالان، ماهی الدیموقراگیە، حکم الاکپریە ام ڤمانات الاقلیە، ترجمە حسن فبیسی، دار الساقی،الگبعە الاولی،1995

٩ ف .فولتین، ترجمە هنرییت عبودی، دار الگلیعە للگباعە والنشر، بیروت، الگبعە الاولی،1981

١٠ فالح عەبدولجەبار ، دەوڵەت، کۆمەڵگای مەدەنیو وەرچەرخانی دیموکراسی لەئێراقدا، وەرگێڕانی ئاوات ئەحمەد، لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری مەدەنیەت، چاپە یەکەم، .2001

# چەمکی راگەیاندن

## و

## خوێندنەوەیەکبۆ

## راگەیاندنی کوردی لە نێوان پاشکۆ و رەهابووندا

حشمەت خوسرەوی

**لە سەردەمی ئێستای بە جیهانیکردندا، چەمکی راگەیاندن یان میدیا بووەتە یەکێک لە گرنگترین چەمکەکانی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و گواستنەوەی هەواڵو رووداو. وەک دەزانین بە هۆی داهێنانە مودیرنو تازەکانەوە ئەو چەمکە پانتاییەکی زیاتری بۆ خۆی داگیرکردووە.**

**راگەیاندن وەکوو تیورێکی زانستی سەردەمیانە،پێ بە پێی تازەگەرییە جیهانییەکان لە گۆڕانی خێرادا بووەو، بە لەبەرچاوگرتنی پێویستیەکانی رۆژگار میتودەکانی راگەیاندن ئانالیزی فرە رەهەندی لەسەری کراوە.**

هەروەها لە سەردەمی ئێستای بە دیموکراسی کردنی کۆمەڵگاکاندا، راگەیاندن بووەتە یەکێک لە کۆڵەکە کاریگەرەکانی ناوەندەکانی ئەکادیمی، زانستی و مەعریفی‌یەکانی جیهان.یەکێک لە چەمسەرە گرنگەکانی راگەیاندن دەسەڵاتی چوارەمە. لەم خوێندنەوەدا هەوڵ دەدەم زیاتر تیشک بخەمە سەر رەوڵی ئەو چەمکەو، ئەرکو کاریگەرییەکانی لە روویی بابەتی رەخنەی و ئاشکراکردنی چەواشەکارییەکانی دەسەڵات و سیستەمە نیگەتیڤەکان لە کۆمەڵگادا.

دەسەڵاتی چوارەم بە یەکێک لە ڕەمزە سەرەکییەکانی ماسمێدیا دەژمێردرێت و تاکوو ئێستا وەکوو چەکێکی سەردەمیانە ،زمانێک بووە بۆ ئاشکراکردنی راستیی‌یەکانو هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە بارەی رووداو گۆرانکارییەکانو هەروەها رۆڵێکی ئەکتیڤی گێراوە لە رووی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و بە گشتی هاندەرێکی زیندوو و،بەردەوام بووە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت و ئێتیکی نەتەوەیی.

لەراستیدا ئێمە ناتوانین ئانالیزێکی شەفافو رۆشەن لە سەر چەمکی راگەیاندنبەگشتی و دەسەڵاتی چوارەم بەتایبەتی پێشکەش بکەین ،ئەگەر کورتە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم بیروکەیە نەخەینەروو. واتە لە پێشدا دەبێ شوێن و کاتی سەرهەڵدانی ئاماژە پێ بکەین، پاشان رەهەندەکانی دیکەی دەخوێنینەوە. ئەو کات لەناو ئەم خوێندنەوەیەدا باس لە دوو پرسیاری گرنگ دەکەم: یەکەم، کاریگەریی راگەیاندن یان  دەسەڵاتی چوارەم لە کۆمەڵگای کوردستاندا و، دووەم ئایا ئێمە شتێک بە ناوی راگەیاندن یاخود دەسەڵاتی چوارەمی سەربەخۆمان هەیە ؟ یان ئایا لە کوردستان رۆژنامەنووسی، حیزبیە یان زمانی جەماوەرە؟

## مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی ڕاگەیاندن:

لە ڕاستیدا مێژووی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەم لە بەریتانیا و فەرانسە.

بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بیرمەند و سیاسەتکاریی بەریتانیایی واتە(ولیم هازلێت) لە کاتێک خەریکی قسەکردن بوو لە پەرلمانی ئەو وڵاتەدا، دەستەواژەی ڕاگەیاندن یان دەسەڵاتی چوارەمی بە کارهێنا و دواتر ڕەنگێکی جیهانی پێ بەخشی کە تاکوو ئێستا بووەتە دەستەواژەیەکی جیهان پەسەندو هەروەها بووە بە ناونیشانێک بۆ ڕۆژنامە.

ناوبراو لە میانەی قسەکانیدا لە پارلەمانی ئەو وڵاتەدا گووتی:" ئەمڕۆ لەمساڵۆنەدا سێ دەسەڵاتی سەرەکی هەیە، واتە(شا،کەنیسە و پەرلمان) و، ئەو پەیامنێرەش کە هەواڵەکانی ئەم ساڵۆنە دەگەینێتە دەستی جەماوەر،ئەوە دەسەڵاتی چوارەمە. لەو کاتەوە تاکوو هەنووکە ڕۆژنامە وەکوو دەسەڵاتی چوارەم لە کۆمەڵگادا ناسرواە. هەڵبەت دواتر لە سەدەی نۆزدەیەمدا ئەم بیروکەیە پەرەی سەندو بوو بە ناونیشانێک بۆ ڕۆژنامە.

پاشان چەند نووسەرێکی ناسراوی دیکەی جیهانی وەکوو(تیمونزبیرک،تۆمەس کارلیك) توانیان لە ڕێگای نووسینەکانیانەوە جورێک لە جۆرەکانی متمانە بۆ ئەو دەستەواژەیە ببەخشن و ببنە پاڵپشتێکی بە هێز بۆ بەجیهانی کردنی دەسەڵاتی چوارەم لە هەموو ناوەندە فەرهەنگیو کۆمەڵاییتیەکانی مرۆڤایەتیدا. لە لایەکی دیکەوە بیرمەندی بە ناوبانگی جیهانی واتە(جان جاک ڕوسۆ) پێی

وایە کە جەماوەر سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانی ناو کۆمەڵگایە و هەروەها باس لە خەتێکی سوور دەکات لەبەردەم دەسەڵات و سیستەمە دیکتاتۆرەکاندا.



لە لایەکی دیکەوە دوو بیرمەندی گەورەی یونانی واتە(ئەفڵاتوون و ئەرستو) دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەم فیکرەوە و لەو باوڕەدان کە پێویستە سنوورێک دابنرێت لە نێوان دەسەلات و کاراکترە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگا بۆ ئەوەی هیچ کەس پێنەخاتە ناو سنووری لایەنی دیکەوە. ئەوان هەروەکوو بیرمەندەکانی پێش خۆیان دەسەڵاتی چوارەمیان بە پێویستی سەردەم زانیووە.

رەنگە گرنگترین مەبەستی ئەو دوو بیرمەندە لە دانانی خەتی سوور، جۆرێک لە کونترۆڵکردنی دەسەڵاتەکان بێ بۆ ئەوەی نەتوانن تەواوی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتو دامەزراوە مەدەنیەکانی کۆمەڵگا لە دەستی خۆیاندا مونوپۆل بکەن. هەربۆیە دەبینن ئەمرۆکە رۆژنامەنووسێک یان راگەیاندن ئەتوانێ بەو چەکە چاو نەترسەیان، رۆژێک بەرپرسانی باڵای حکوومەتێک ناچار بە کشانەوە لە دەسەڵات بکەن، یان لە ژێر کاریگەری نووسینەکانیان وا جەماوەر هان ئەدەن بۆ ناو شەقامەکان کە دەتوانن سیستەمێک لە پاشایەتیەوە بگۆڕدرێ بۆ کۆماری. بە کورتی چەمکی رۆژنامەنووسی وەکوو بەشێک لە راگەیاندن لە سەر دەستی رۆژئاواییەکان پەیدا بووە. ئەم چەمکە لە سەدەی ناوەراستدا وەکوو پێویستییەکی مێژووی لە ئەوروپا سەری هەلدا لەدەرئەنجامی کێشە

کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کاتی رۆژئاوا. ئەگەر چاوێک لە گۆرانکارییەکانی سەردەمی رێنسانس (نۆژنکردنەوە) پاشان رەوشەنگەریی و مودرنیتەش بکەین دەزانین کە قەڵەمەکانی دەستی ئەو کەسانەی کە لە بواری راگەیاندا لە کۆمەڵگادا کاریان‌کردووە ،چەندە توانیوویەتی لە پێناوێ بە عەقڵانی کردنی دەسەڵاتەکانی رۆژئاوایدا کاریگەریی هەبێ؟

راگەیاندنی ئەمرۆی رۆژئاوا ئەو قەڵەمانەن کە قوناخی زیندان و ئازارو پەراوێزبوونیان تێ پەڕاندووە و بە تەواوەتی مەشرووعیەتی خۆی پاراستووە و بەراستی بچووکترین رووداو و هەواڵ لە دەستی قەڵەمەکانیان قوتار نابێتو لە روویی ئازادی راگەیاندن و دیموکراسیشەوە بە تەواوی ئازادو سەربەخۆن و هیج هێزیک ناتوانێت کونترۆڵیان بکات، چونکە گەورەترین ئامانجی دەسەڵاتی چوارەم مەسەلەی چاکسازی و بە دیموکراسی کردنی شێواز و نۆرمەکانی ناو کۆمەڵگایە. هەروەها هۆشیارکردنەوەی خەڵک و گەیاندنی هەواڵی دەستە هەوەڵ بۆ هەرێمی ژیانی جەماوەر.

## ئەزموون و مێژووی چەمکی دەسەڵاتی چوارەم لە کۆمەڵگای کوردستاندا:

ئەکرێت رۆژنامەگەریی (تاراوگە) نشینی بە یەکەمین ئەزموون و هەنگاوی کورد دانرێت و بیگومان بەدرخانەکان بە ئاڵا هەڵگری دادەنرێن. بەدرخانەکان لە سەردەمێکدا ئەم بزاڤەیان هەڵگیرساند کە بە پێچەوانەی ئەم قوناخەی کورد کە ئێستا لە باشوور ئازادی‌یەکی نسبی هەیە،ئەو کات کورد لە سەردەمی تاراوگەنشینی‌دا و لە سایەی بنەماڵەی بەدرخانەکان بەشدارییان لە زمانی راگەیاندن کردووە. ئەکرێت یەکێک لە هەوڵەکانی بەدرخانیەکان لە مەڕ

ئەوەیکە راگەیاندنیان وەکوو میتۆدی خەباتی خۆیان داناوە لە بەر ئەوە بووبێت کە هەستیان بە کاریگەریی و دەوری ئەو دەسەڵاتە بە هێزەیان کردبێت. بەڵام کێشە لەوەدایە کە خودی کورد کە زەمانێک هەم زمانەکەی و هەم مێشکیشی کۆلۆنیا کرابوو، لەم سەردەمەدا و لە بەردەم دەروازەی هەزارەی سێهەمدا بۆ خۆی وشەکان زیندانی دەکا و ڕێگا نادات کە چەمکی راگەیاندن کە دەسەڵاتی چوارەمە بە سەربەخۆیی کار بکات،بەڵکوو هەوڵی بە پاشکۆکردنی دەدرێت بۆ ئەوەی ئەخلاق و پرنسیبەکانی میدیا یان راگەیاندن بخرێتە ژێر پێ و ئیتر کاریگەریی خۆی لە دەست بدات.

قۆناخی دووەمی بەرجەستەکردنەوەی راگەیاندنی کورد دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتە ساواو (١١) مانگیەکەی کۆماری کورستان لە مەهاباد (١٩٤٦) کە لە ماوەی کورتی خۆیدا توانی گڕوتینێکی بەرچاو بدا بە بواری بڵاوکراوەی کوردی. لەو سەردەمەدا گەڵێک گۆڤار و رۆژنامە بە ئازاد بڵاوبوونەوە.

قۆناخی سێهەمی راگەیاندنی کورد دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی شاخ کە هەڵبەت ئەم قۆناخە بە حوکمی ئەو سەردەمەی کاری تێداکراوە نابێ چاوەروانیەکی زیاترمان لێ هەبێ، بەڵام دەخوازم بێژم کە رادیۆکانی شاخ کاریگەرییان زۆرتر بووە تاکوو بڵاوکراوەکان.

گرنگترین و سەردەمیانەترین ئەزموونی واقەعی کورد کە دەسەڵاتی چوارەم تێدا رۆڵی خۆی گێڕاوە ،باشووری کوردستانە. واتە باشوورێک کە لە رووی ناخ و روحەوە ئازادە کەچی تاکوو هەنووکە نەتەنیا خوێندنەوەیەکی کوردی و سەردەمی بۆ ئەو چەمکە نەکراوە بەڵکوو من پێم وایە پاش ١٤ ساڵ مومارسەکردنی ئازادی هیشتا خودی ئازادی لەم وڵاتە بچووکەدا زیندانیە؟!

گرنگترین و بەرچاوترین خەسڵەتێک کە ڕاگەیاندن بە بێ ئەوە ناتوانێ ببێتە خاوەنی هیچ کاریگەریەک، مەسەڵەی ئازادی و ئازادبوونی ڕاگەیاندنە. هەرکاتێک دەسەڵاتێکی حکوومەتی دەوڵەتی یان حزبی بیەوێ بە بیانووی پڕو پۆچ بەربەست یان سانسور لەبەردەم چەمکی ڕاگەیاندن دروست بکات ئەوە نیشانەی بێ ئەملاو ئەولای پێشیلکردنی میدیا یان ڕاگەیاندنە. ئەگەر ئەو پێوانەیە ڕاست بێ ئەوا لە باشووری کوردستان ئەو پرنسیبانە پێشێلکراون.

## ئامانج و کاریگەریی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا:

ڕاگەیاندن لە کوردستاندا بەتەواوەتی حیزبی‌یە و ئایدولوژیاو عەقلیەتی تەسکی حیزبایەتی گوتاری باڵادەستە و سنوورێکی دیاریکراو هەیە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ پەیڤەکانی خۆیان پێشکەش بکەن. بە مانایەکی ڕوونتر ڕاگەیاندنی ئەمروی کوردستان ناتوانێ تەعبیر لە تەواوی ڕەنگەکان بکات، واتە لە خزمەتی تاک،هاوڵاتی و پروسەی بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگای کوردستان نیە. بەڵکوو زیاتر وەکوو دەزگایەکی حیزبی دێتە پێش چاو تاکوو ناوەندیکی سەربەخۆی مەدەنی. ڕەنگە یەکێک لە هەوڵەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی لە باشوری کوردستان زیاتر بۆ ئەوە بێ کە قەڵەمەکان و نوخبەکانی کۆمەڵگا بە هەرشیوەیەک بووە لە دەوری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیان کۆبکەنەوەو بیانخەنە خزمەتی بەرەوپێشبردنی پلان‌و پرۆژەکانی حیزب. بۆ وێنە لە باشوری کوردستاندا جگە لە دەیان ڕادیو،تەلەفزیون و بڵاوکراوەی لۆکاڵی، خاوەنی چەند دانە تەلەفزیوونن کە بەرچاوترینیان بریتین لە(کوردستان تیڤی) و (کوردسات).

ئـــەم کانالانـــە دەورێکـــی زۆریـــان بینیـــوە بـــۆ هۆشـــیارکردنەوەی جـــەمـــاوەری کورد، هـەوڵـدان بـۆ دروسـتکردنی دەنـگو رەنـگی کـورد و خـەونـی پێکهێنـانی دەوڵەتی کوردی. لە باری کولتووریی و هونەریشەوە سەنتەرێکی گرنـگبوون بەمەبەستی نواندن و دەرخستنی توانا هونەرییەکانی ناو کۆمەڵگا. بەڵام ئـەوەی لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیەکە ئەو تەلەفزیۆنانە نەیانتوانیووە ببنـە دەنگی هەموو کوردەکانی دونیا. ئەویش لـەبەر ئـەو سنووورە دەستکردانەی کـە بەڕێوەبەرانی تەلەفزیوونە مانگیلەییەکان دایان ناوە.

## کوردستان تیڤی و کوردسات:

ئەو دوو تەلەفزیوونە بەرنامەکانی خۆیان لە باشوری کوردستان پـەخش و بڵاو دەکەنەوە . لە راستیدا لە سەردەستی دوو هێزی گـەورەی باشوور واتـە( پـارتی دیموکراتی کوردستان) و(یەکیەتی نیشتمانی کوردستان) دانراون. بە داخەوە ئەم دەزگایانە نەیانتووانیوە ببنە زمـانی جـەمـاوەر، یـان ئـەوەنـدە سـەربـەخۆ نـین کـە پێنووسی کورد و رۆژنامەوانان بتوانن دیالۆگێکی مەعریفی و عـەقڵانـی لـە گـەڵ دەسەڵاتی کوردیدا سازبکەن. تاکوو ئێستا نـەتوانراوە لـە رێگـای ئـەو کانالانـەوە ئەو مەنهەجە رەخنەییەی کە بەشێکی گرنـگە لە ئـەخلاق و پرنـسیبی راگـەیانـدن بەدی بێت. ئـەمەش وایکردووە کە زۆر جار جەماوەر نـەتوانن هـەمـوو پـەیڤ و ئاخافتنەکانی خۆیان پێشکەش بکەن.

دیارە نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە (کوردسات) لـە روویـی گوتـاریی رەخنـەیی و فرە رەنگیەیەوە ئازادترە لە (کوردستان تیڤی). لەبەرئەوەی لە کوردستان تیڤیـدا مرۆڤ ناتوانێ رەخنە لە سەرۆک بگرێ، یان باس لە کۆمەڵێـک پرسیار بکرێت

کە ئەمڕۆ لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە کراون بە جۆرێک لە تابوو. بەڵام کوردسات بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ئازادی ڕاگەیاندنی تێدایە.

شتێکی جێگای باس کە حەز ئەکەم لەو بارەوە ئاماژەی پێ بکەم باری نەتەوەیی ئەم تەلەفزیۆنانەیە. لە باری نەتەوەییەوە هەردووک تەلەفزیوونەکە جێگا ڕەخنەیە و نەیانتوانیووە ببنە ئاوێنەیەک کە نەتەوەیی پارچەکراوی کورد لە بەشەکانی دیکە بتوانن خۆیانی تێدا ببینن. بۆ وێنە کوردەکانی ڕۆژهەڵات کە هیچ تەلەفزیۆنێکی مانگیلەییان نیە ڕێگایان پێ نەدراوە کەڵک لەو میدیا نەتەوەییە وەربگرن. جارو بار شاهیدی هەنگاوی بچووکین لە روویی بەشداری کردنی کوردەکانی ڕۆژهەلات لە پروگرامەکانی ئەو تەلەفزیۆنانەدا، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە چاوپۆشی لە رەخنەکانمان بکەین. لە رووی بەشداری پارتەکانی ڕۆژهەڵاتەوە لە ناوەندەکانی راگەیاندنی باشووری کوردستان و بە تایبەتی تەلەفزیۆنەکان بەداخەوە تاکوو ئێستا ڕێگایان پێ نەدراوە دەنگو ڕەنگی خۆیان پیشان بدەن.

## دەسەڵاتی چوارەم و کورد:

ڕۆژنامەگەریی بەدرێژای مێژوو ئەو چەکە راستگۆیە بووە کە لە تەراژیدیایترین کات و ساتەکانی زەماندا زمانێک بووە بۆ ئاشکراکردنی راستیەکان و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییە باڵاکانی جەماوەر. ڕۆژنامەنووسان بەلەبەرچاوگرتنی پرنسیبە دیارەکانی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەریی لە گەڵ هەواڵ و ڕووداوەکاندا هەڵسووکەوت دەکەن و هەڵوێستەکانیشیان گوزارشت لەو ستراکتورانە دەکەن کە کەسی ڕۆژنامەنووس بۆ ئاراستەکردنی گوتاریی خۆی پشتی پێ دەبەستێ، ئەویش ئازادی نووسین و رادەربڕینە کە بەبێ ئەو خەسڵەتانە ڕۆژنامەنووس ناتوانێ حەرەکەتەکانی دەسەڵات بخاتە ژێر کونترۆڵی

خۆییەوە. بەڵام با بزانین ئایا کورد تاکوو ئێستا توانیوویەتی ببێتە خاوەنی دەسەڵاتی چوارەم و ئەگەر بووە داخوا دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە، یان بەشێکە لە خودی ئەو دەسەڵاتەی کە رۆژنامەنووسی کوردی دەیەوێ لە گەڵیدا ململانێ بکات؟

لەراستیدا ئەو کورتیلە خوێندنەوەمان بۆ ئاشکراکردنی رۆژنامەگەریی ئازاد ئەکرێ بە چەند رەهەندی جیا جیا شرۆڤەبکرێت. چونکە لەم باسەدا مەبەستی زیاتری من تێشک خستنەسەری رۆژنامەگەرییە لە باشوری کوردستان کە بە واقع ١٤ ساڵ ئەزموونی نوێی هەیە.

ئەگەر بە روانگەیەکی رەخنەگرانە و ژێربینانەوە سەیری ئەزموونی ١٤ ساڵی رابردوو لە کاری رۆژنامەگەریی لە باشور بکەین، بەو ئەنجامە دەگەین کە وێرای بوونی ئەو هەموو بڵاوکراوانە کەچی بەداخەوە زۆربەیان گوزارشت لە خودی دەسەڵاتی حیزبی دەکەن تاکوو تاک وهاوڵاتی.

دەسەڵاتی چوارەم لەو ناوچەیەدا ئازاد نیە، کەواتە رۆژنامەنووسەکانی ئێمە خاوەنی گوتاری ڕەخنەیی و هەڵوێستی بوێرانە نیەن کە بتوانن بە قەڵەمەکانیان پرسیارە گرنگەکان بوروژێنن و جەماوەر هانبدەن کە لە کاتە چارەنووس سازەکاندا بێنە ناو شەقامی کوردی. نەهاتنە ناو شەقامی کوردی و هەڵوێست نەگرتن لە بەرانبەر دەسەڵاتەکانی بەریووەبەریدا، دەبێتە هۆی پێکهێنانی سایەی دیکتاتۆریەت لە ناو کۆمەڵگادا. لە هەمووی گرنگتر رۆژنامەنووس شەرعیەتی خۆی لە دەست ئەدات و ئیتر ناتوانێ ببێتە چەکی هۆشیارکەرەوە کە بتوانێ کاریگەریی هەبێ، یان گۆڕان دروستبکات.

ئازادنەبوونی دەسەڵاتی چوارەم، کارەساتە. کارەساتە لەبەر ئەوەی یەکێک لە گرنگترین دەسەڵاتەکانی خەڵک زیندانیە کە خودی رۆژنامەیە. کەواتە لە

ماوەی ئەو هەموو ساڵەدا یەکێک لە فاکتەرەکانی دروستکردنی ئەو هەموو تابووانە، لەبەر نەبوونی رۆژنامەگەریی ئازاد بووە. ئەگەر پرۆسەی دەسەڵات تاکوو ئێستا زانستی نەکراوەتەوە و ئەگەر تاکوو ئێستا نەمانتوانیووە پێناسەیەکی کونکریت و خودیمان بۆ دیموکراسی هەبێ هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئێمە هەنووکە نەبووینەتە خاوەنی گوتارێکی رەخنەیی بنیاتنەر لە بەرانبەر گوتاری باڵادەستی بەرێوەبەرانی وڵات. ئەشێت ئەمەش بە گرفتێکی ئەو ناوچەیە بزانین کە ئەوەندە لەبیری بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی حیزبی خۆیان بوونە، ئەوەندە خەمی کۆمەڵگای مەدەنی و بە دیموکراسی کردنی راگەیاندن بە گشتی و رۆژنامەگەریی بە تایبەتی نەبوون.

تا ئەو کاتەی دەسەڵات چوارەم لە کوردستاندا بە میتۆدی ئازاد و سەربەخۆ کارناکات، ناتوانرێ ئەو کاریگەریە هەبێ کە لەلایەک پشتی جەماوەر بگیردرێ و لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگای کوردستان بەرەو مەدەنیەت،سکولاریزم و مودیرنیتە هانبدرێ. بە کورتی رۆژنامەنووسەکانی ئێمە ناتوانن بە قەڵەمەکانیان سیستەمێک بگۆرن یان سیستەمێک ناچار بکەن بە دەست لە کار کێشانەوە، یان خود ئەو چەکە گرنگە بن کە دەسەڵات لێی بترسێ بۆ ئەوەی نەتوانێ بە مەیلی خۆی قەرار لە سەر تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا بدات، کەواتە پێویستە راگەیاندن بە تەواوەتی لە رووی سابجێکتەوە رەهاو ئازاد بێ.

ژێدەر:

Massmedier av: Stiga Hadenium

Media historia.av: Kirsten M.Fol.Protner

بیری نوێ.ژمارە٣٢، ساڵی٢٠٠٤

# کۆپلە بیر



فەرۆخ نێعمەتپوور

## ـ رۆحی دیاردەـ

کاراکتێری سەرەکی " ئەدگار ئالێن پۆ"  لە چیرۆکی "وێنەیەکی خر" بە توش تابلۆیەکەوە دەبێ کە نیگاری کچێکی جوانە. لە بەسەرهاتی تابلۆکەدا دەگوترێ کە وێنەکێشی ئاشق کاتێک وێنای ئەم کچە دەکاو سیما و هەیکەلی بۆ ناو تابلۆکە دەگوازێتەوە، وردە وردە ژیانی لێ دەستێنێ. سەرئەنجام لە گەڵ تەواوبوونی کارەکەی، لە بەرامبەر تابلۆیەکی هونەری‌دا لەشی مردووی کچێک دەمێنێتەوە.

پۆ دەیەوێ چ بڵێ؟ رەنگە ئەوەی کە هونەر بریتیە لە گواستنەوەی جەستەو ژیان لە مەیدانە راستەقینەکانی بوونەوە بۆ سەر پەڕەکان. یا خود ئەوەی کە هونەر داگیرکردنی جیهانی دەرەوەیە لە رێگای بە دەروونی کردنیەوە. بەڵام رەنگە بەر لە هەموو شتێک دەیەوێ بڵێ کە هونەر جۆرێکە لە قەتڵ. هونەر، کوشتنە. کوشتنی ئەو راستیانەی کە رقمان لێیانە، یا خود

کوشتنی ئەو دیاردانەی کە خۆشمان دەوێن، بەڵام ناتوانین ببینە خاوەنیـان. جـا داخۆ هونەرمەند بکوژ نیە؟

زۆربەی کورتە چیرۆکەکانی جیهان، بـۆ وێنـە چیرۆکـەکانی چخـۆف، لـە نەگبەتیو نەهامـەتیو بەدبـەختی مـرۆڤ دەدوێـن. لـە راسـتیدا نەهامەتیـەکان دەگەنە ترۆپکی خۆیان بۆ ئەوەی بمرن. لێرەدا نووسـەرەکان دەبنـە بکـوژانی مرۆڤ دۆست. بەڵام داخۆ پۆ لەم چیرۆکەی دا وەک بکوژێکی مـرۆڤدۆسـت دەردەکـەوێ؟ بـە پێچەوانـەوە، پـۆ وەک بکـوژێکی خۆویـست دەردەکـەوێ. جوانێکی رئاڵ دەمرێ بۆ ئەوەی لە وێنەیەکی هونـەریدا ئەبـەدی بکرێـت. پـۆ جوانیی تەنیا لە هونەردا خۆش دەوێ. لە تابلۆکەدایە کە بۆ هەمیشە ئەو جوانیـە لای وی دەمێنێتەوە. لێرەدا نەگبەتیەک ناگاتە ترۆپکی خۆی بۆ ئـەوەی بمـرێ، بەڵکو جوانیەک دەگەیەنرێتە ترۆپک بۆ ئەوەی لە ژیانی رئالدا بمرێ.

لێرەدا دیسان دەردەکەوێ کـە هونـەر کوشـتنی رئاڵـە. رئـاڵ دەمـرێ بـۆ ئەوەی بە ئەبەدی بکرێت. مردنێکی وەها بۆ هەمیشە زیندووی رادەگرێ!




## - غەریزەش دەمرێ-

لــە چیرۆکــی" یــەرمولایو ژنی ئاشەوان" لە نووسینی تۆرگێنیـوڤ، ژیـان وەک ئەوەی کە هەیە دەبینین: سروشت، مـرۆڤ، رەنـج، درۆو تەنـدوتیژی. لـەم چیرۆکەدا چەندین کەسایەتی دەبیندرێ. لــە گــەڵ ئــەوەی " یــەرمولای" و ژنی ئاشـــەوانەکە کـــە نـــاوی ئارینایـــە، سـەرەکیترین کـاراکتێری چیرۆکەکـەن، بەڵـام دوو کـاراکتێری دیکـەش

دەبیندرێن کە ئەوانیش پانتاییەکی بەرچاو داگیر دەکەن. گەمەی بەردەوامی کاراکتێرەکانی دیکە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەم چیرۆکە بنەمایەکی بە هێزی بۆ ڕۆمان تێدایە.

ئارینا لە منداڵیەوە ژنە دەوڵەمەندێک بەو مەبەستە بەخێوی دەکا، کە کاتێک گەورە بوو ببێتە قەرەواشی. یانی زڕدایک دەیخەملێنێ بۆ ئەوەی ببێتە کەنیزەکی. وەک دەبینین سەرئەنجام دەبێتە قەرەواشی، تەنانەت لە ناو کەنیزەکەکاندا پلەی یەکەمی پێ دەبخشرێ!

زڕدایک کە دڵێکی خۆشی لە قەرەواشەکانی دیکەی نیە، بیر لە پرۆژەی درێژخایەنی پەروەردەکردنی نۆکەر دەکاتەوە، پەروەردەکردنێک کە هەر لە منداڵیەوە بێت. ئەو قەرەواشی داهاتووی، لە ئامێزی خۆیدا پەروەردە دەکا. دایکایەتی دەکاتە ئامراز. زڕدایک پێی وایە کە ئاوێتە کردنی سۆزی دایکایەتیو ویستی قەرەواشی، بۆ هەمیشە منداڵە قەرەواشەکەی لادەهێڵێتەوەو نۆکەرێکی سەداسەد بە ئەمەگی پێکەش دەکا. بەڵام ئەگەر لای ئەو غەریزەی دایکایەتی لەبەر ویستی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی چۆک دادەدا، ئەوا دیسان هەر ویستە غەریزیەکانە کە منداڵە قەرەواشەکەی لێ دوور دەخاتەوە. ئارینا ئاشق دەبێو دەیەوێ شوو بکا. ئەمە لای زڕدایک کفرێکی گەورەیە. ئەمە بە ئەمەگ نەناسیو نمەکبەحەرامی لە قەڵەم دەدا. ئەو تەنانەت ئارینا بەوە تاوانبار دەکا کە ڕێزی هەستی دایکایەتی ئەوی نەگرتووە! گەمەیەکی ترسناکە! تەنانەت هەستی دایکایەتیش نەیتوانی نۆکەری تا سەر بە ئەمەگ پەروەردە بکا. مرۆڤ زۆربەی کات هی خۆیەتیو لە گەڵ خۆیەتی.

## - حەقی کوشتن لە پێناوی مافدا -

لە رۆمانی " دان چەرموو" سکات کە یەکێک لە کاراکتێرەکانی ناو رۆمانەکەیە، تیکە گۆشتێک بۆ دان چەرموو دەهاوێ کە بیخوا، بەڵام یەکێک لە سەگەکانی دیکەی هەوڵی خوارنی دەدا. دان چەرموو لێی خۆش نابێت، بۆیە وەها زەبرێکی لێدەدا کە سەگەکە سەرئەنجام دەتۆپێ. " مات" هەڤاڵی " سکات" پێی وایە کە دان چەرموو تەنیا لە سەر مافی خۆی هەڵیداوە، بەڵام سکات دەڵێ: " بەڵێ، کەس نابێ لە مافی خۆی خۆش بێت، بەڵام مافیش سنووری هەیە." (لاپەڕەی208 )

لێرەدا سنوور چیە؟ سنوور بریتیە لەوەی کە دان چەرموو مافی ئەوەی نیە لە پێناوی مافی خۆیدا ئەوی دی بکوژێ. لێرەدا بوونەوەر پلەیەکی بەرزتری لە ماف هەیە. سکات یاسا ئاکارییەکان بۆ ناو جیهانی ئاژەڵان دەگوازێتەوە. لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە سکات مەبەستی ئەوەیە کە مرۆڤ لە پێناوی مافدا مافی ئەوەی نیە کە ئەوی دی بکوژێ. ماف بە بوونەوەرەوە بەستراوەتەوە، نەک بوونەوەر بە مافەوە. ماف ئەگەرچی وەک مانایەکی دابڕاو ( انتزاعی) دەکرێ پێناسە بکرێو بوونی خۆی وەربگرێ، بەڵام بە بوونەوەرەوە دوا مانای خۆی وەردەگرێ. کەواتە ماف ناتوانێ لە پێناوی خۆی ئەوی دی بسڕێتەوە. لێرەدا مافی ژیان بەرزترین پلە وەردەگرێ لە ناو هەموو مافەکانی دیکەدا.

## - جوانی، مانەوەی دوای مەرگە-

لە چیرۆکی "مردن لە دارستاندا" کە لە نووسینی" شرود ئاندرسن" ە، باس لە پیرێژنێک دەکرێ کە ژیانێکی زۆر هەژارانەو پڕ لە گیرو گرفتی هەیە. تا لە ژیاندایە تەنیا ئەرکی خزمەت کردنی سەگو مریشکو ئەسپو مێردو کوڕە نەگبەتو تووڕەکانیەتی. تەنانەت دوای ئەوەی کە لە رۆژێکی

ساردو تووش‌دا له ناو دارستان ده‌مرێ، جانتاکه‌ی سه‌ر کۆڵی پڕیه‌تی له‌و خواردنانه‌ی که له گونده‌که‌ی ته‌نیشتیان کڕیونی. شرود ده‌ڵێ ژیانی ئه‌م پیرێژنه بریتی بوو له نان‌دان، ته‌نانه‌ت دوای مه‌رگیشی هه‌ر خه‌ریکی ئه‌م کاره بوو! نووسه‌ر ده‌ڵێ که له ته‌مه‌نی منداڵی‌و گه‌نجیه‌تی خۆی کاتێک که مه‌رگی ئه‌م پیرێژنه رووی‌داوه هه‌ستی به‌م مه‌سه‌له‌یه نه‌کردووه، واته "نان‌دانی دوای مه‌رگ"، دواتر که به‌ره‌و ته‌مه‌نێکی به‌رزتر هه‌ڵکشاوه، له‌م مه‌سه‌له‌یه گه‌یشتووه.

چیرۆک بردنی رووداوێکه له گه‌نجییه‌تییه‌وه به‌ره‌و ته‌مه‌نی پیری‌و کامڵی. چیرۆک بیره‌وه‌رییه، سه‌رله‌نوێ ناسینه‌وه‌ی ناسراوه‌کانه، دۆزینه‌وه‌ی ئه‌وانه‌یه که کاتی خۆی نه‌ماندۆزینه‌وه. چیرۆک، بیرکردنه‌وه له مانه‌وه‌ی دوای مه‌رگه.

## - چیرۆک، له نزیک روانینه -

" ڤیرجینیا ووڵف" له چیرۆکی "میرات"دا باس له ژنێکی مێرددار ده‌کا که خۆی ده‌کوژێ. مێرده‌که‌ی له چۆنیه‌تی رووداوه‌که ئاگادار نیه‌و نازانێ که بۆچی هاوسه‌ره‌که‌ی خۆی کوشتووه. ته‌نیا دووای خوێندنه‌وه‌ی ده‌فته‌ریادداشته‌کانه که تێده‌گا خۆشه‌ویستی هۆکاری خۆکوژیه‌که بووه. هاوسه‌ره‌که‌ی ئاشق بووه‌و دوای تێپه‌ڕینی دوو هه‌فته به سه‌ر خۆکوژی دڵداره‌که‌یدا، ئه‌ویش کۆتایی به ژیانی خۆی دێنێ.

پیاوێک ساڵانی ساڵ له گه‌ڵ ژنه‌که‌ی دژی بێ ئه‌وه‌ی قه‌ت له ده‌روونی تێبگا، ته‌نانه‌ت کاتێک که ئه‌شقیش ده‌رگای دڵی ده‌کوتێ‌و ده‌بێ به میوانی، هێشتا هه‌ر تێناگا. داخۆ ئه‌مه هۆکاره‌که‌ی خۆمه‌شغوڵیه، یاخود فێڵی ئه‌شقه کاتێک هه‌ست به مه‌ترسی ده‌کا؟ یاخود ره‌نگه عاده‌ت کردن بێ به ژیانی

ئاسایی رۆژانە، کاتێک کە ئیتر مرۆڤ بڕوا بەوە دێنێ کە خۆشبەختەو ئیدی پێویست بەوە ناکا کە بوومەلەرزەیەکی تر روو لە ژیانی بکاتەوە؟

وولف دەڵێ کە چیرۆک دۆزینەوەی بوومەلەرزەکانی دوای هەستی خۆشبەختیە، دۆزینەوەی ئەو شتە دیارانەی کە بە هۆی عادەتەوە نادیار دەبن، چیرۆک دژە عادەتبوونە، هەمیشە بینینەوەی یەک دیاردەیە، چیرۆک لە نزیک روانینە.

## - بەرزەخی نێوان ژیانی رۆژانەو ئایدیا کۆمەڵایەتییەکان -

" رووداوی دڵتەزێن " یەکێک لە چیرۆکەکانی "جیمز جۆیس" ە. لەم چیرۆکەدا " جیمز دوفی" عاشقی خاتوو " ئیمیلی سیتیکو" دەبێ. ئەم ئەشقە ناکام دەبێت و هۆکارەکەیشی "جیمز" خۆیەتی. سەرئەنجام دوای چەندین ساڵ خاتوو خۆی دەکوژێ. " جیمز دوفی" ش کە مرۆڤێکی تەنیایە، بەم مەرگە زیاتر لە جاران هەست بە تەنیایی خۆی دەکا.

جیمز دۆفی فرمانبەری بانکە. هیچ دۆستو ئاشناو رۆشنایەکی نیە، نە دەچێ بۆ کلیساو نە بڕوای بە هیچ دینو ئیمانێک هەیە. تەنانەت کاتی خۆی کە لە کۆبوونەوەکانی حیزبی سۆسیالیستدا بەشداری کردووە، بەردەوام لە ناو کرێکارە جیددیو بە ئیرادەکاندا هەستی بە تەنیاییو غەریبی خۆی کردووە. رەشبینەو پێی وایە کە تا چەند سەدەی دیکەش هیچ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی لە دوبلین روونادات. هەروەها لە گەرمەی پەیوەندییەکانی لە گەڵ خاتوو " ئیمیلی"دا دەنگێک لە ناخیەوە هاواری لێ دەکا کە: " ئێمە ناتوانین هی کەسی دیکە بین، تەنیا هی خۆمانین."

کەواتە کاراکتێری سەرەکی چیرۆکەکە مرۆفێکی تەنیای رەشبینە. نە ئەشق ئەو تەنیاییەی لێ دەستێنێو نە ئایدیای شۆڕشی کۆمەڵایەتی. مرۆڤێکە

که تەنیایی لای وی نەک هەستێک، بەڵکو بیرو جیهانبینیە. تەنیا ڕێگایەکە کە سەرەتاو کۆتایی ژیانی پەکەوە گرێ دەدا.

کاتێک مرۆڤ تەنیا هی خۆی بوو، ئاشکرایە هەمو ئەو مانایانەی کە دەرخەری پەیوندیە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤن( وەک ئەشقو وەک شۆڕشی کۆمەڵایەتی) بێ ماناو بێ ناوەرۆک دەبن. کاتێک مرۆڤ تەنیا هی خۆیبوو، دەرەوە بزر دەبێ. بۆ مرۆڤێکی وا تەنیا ژیانی ڕۆژانە مانای دەمێنێ، ئەویش لە ناو هەستێکی کرو ماتو سەهۆڵ ئاسادا. لە دۆخێکی وادا مرۆڤ دەبێ بە ماشینێکی دووپاتکەرەوە بە درێژایی هەموو ڕۆژەکان. کە تەنانەت لەم دووپات بوونەوەشدا بەرە بەرە ژیانی ڕۆژانەش مانای نامێنێ.

جیمز دوفی مرۆڤی بەرزەخی نێوان ژیانی ڕۆژانەو ئایدیا کۆمەڵایتییەکانە. ئەو نە بە شتی ڕۆژانە دڵی خۆشەو نە بە ئایدیا کۆمەڵایەتییەکان. ئەو تەنیا هەست بە خۆی دەکا، خۆی وەک زاتو بوونێکی تەنیا.

## - بێدەنگیو نووسەری -

خاتوو " پەرل ئیس باک" چیرۆکنووسی ئامریکایی کە لەساڵی ١٩٣٨ خەڵاتی نۆبلی لە ئەدەبییاتدا وەرگرتووە، لە سەر ئەو بڕوایەیە کە نووسەری کردەیەکی ناکۆمەڵایەتییەو مرۆڤ لە بنەماڵەو لە دۆستانی جیا دەکاتەوە. کاتێک نووسەر دەرگا لە سەر خۆی دادەخاو نوقمی بیرکردنەوەو نووسین دەبێ، ئەوانی دی خەریکی درێژەدان بە ژیانی بەختەوەرانەی خۆیانن. بەڵام سەیر ئەوەیە کە هەر لەو کاتەدا پێی وایە کە بە بێ نووسین ئەو ناتوانێ هەست بە خۆشبەختی بکا. کەواتە نووسەری تراژیدیای پێکەوە گرێدانی

خۆشبەختیو ناخۆشبەختییە، گەڕانەوەیە بۆ خۆشبەختییەکی تاقانە، پشت کردنە لە ڕەوتی ئاسایی ژیان.

بەڵام لە سەر ئەوەی کە نووسەری کردەیەکی ناکۆمەڵایەتییە، خاتوو باک دیارە مەبەستی جۆری پەیوەنی جەستەیی نووسەر لە گەڵ ئەوانی دیکەیە. نووسەر زۆرتر تەنیایەو جەستەی کەمتر لە گەڵ ئەوانی دیکەدایە. بەڵام پێدەچێ ئەم وەسفەی خاتوو بۆ بیرو زەینی نووسەر زۆر ڕاست نەبێ. زەینو بیری نووسەر کۆمەڵایەتیترین جۆری بوونە. هەروەک چۆن بۆخۆیشی یەکێک لە باشترین پیشاندەرەکانی ژیانو خەباتی گەلی چین لە پێناوی ئازادیدا بووە.

هەڵبەت نابێ شتێکی دیکەشمان لە بیر بچێت، ئەویش بریتیە لە بێدەنگیو کاتە کرەکانی زەمەنی نووسین. نووسەر کاتێ کە دەنووسێ( واتە لە کاتی کۆمەڵایەتیترین کردەدا)، ناو بە ناو بێدەنگییەکی سامناک دادەبەزێتە سەریو لە خۆیدا نوقمی دەکا. ڕەنگە ئەم بێدەنگییە ئەو پنتە بێت کە هەموو دیاردە هەستپێکراوەکانی دەوروبەر وەها بزر دەکا کە خاتوو" باک" بەرەو ئەم مانا ترسناکە دەبا، واتە ئەوەی کە نووسەری کردەیەکی ناکۆمەڵایەتییە.

## - ڕووداو، ناخی هونەر -

لە چیرۆکی " تابلۆ" ی " ئاڵدوس هاکسلی" مشتەرییەک بە مەبەستی کرینی تابلۆیەکی بایەخداری کۆن دەچێ بۆ دوکانێک. لەوێ تابلۆی ئافرەتێک دەبینێ. تابلۆکەی زۆر لا پەسند دەبێ، بەڵام لە سەر کڕینی زۆر ساغ نیە. بەڵام دوای ئەوەی کە دووکاندارەکە بە سەرهاتی چۆنیەتی خوڵقانی تابلۆکەی بۆ دەگێڕێتەوە، مشتەرییەکە حازر دەبێ کە بە پارەیەکی باش بیکڕێ.

هونەری چیرۆک لێرەدا هونەری نیگارکێشی دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. نیگارکێشی شەرعییەتی بوونی خۆی لە چیرۆک وەردەگرێ. ڕووداوە ڕئاڵی یا خود خەیاڵییەکان وەک خەرمانە دەوری تابلۆکە دەدەنو گەشی دەکەنو مێژوویەکی پێ دەبەخشن. وێنەی ژنەکە لەڕێگای چیرۆکەوە زیندوو

دەبێتەوە. ئیتر تەنیا پەیکەرێکی بێ گیـان نیـە، دەبـزوێو بـە هـەموو هەسـتو سۆزو گەرمی لەشو خوێنی خۆیەوە، جیهانی مشتەرییەکە داگیر دەکا.چیرۆک دەبێ بە دایک.ژیان رووداوە. رووداوە ئاسایی یا خود سیحراوییەکان. ئالدوس هاکسلی پێمان دەڵێ کە هەر هونەرێک گەر بە جۆرێک ئاماژە بۆ رووداوەکانی ژیان نەبێت ، هونەر نیە. هەموو هونەرێک لە ناخی خۆیدا راگواستنی رووداوە. رەنگە چیرۆکیش نزیکترین هونەر بێت بە رووداو.

## - قۆناغی دڵەراوکێو ترس -

" ئالین روپ گریە" و " دوناڵد بارتلمە" لە سەر ئـەو بڕوایـەن کـە جیهـانی چیرۆک چوارچێوە کۆنەکان بە جێ بێـڵێو شـێوازێکی دیکـە چـێ بکـا. ئـەوان شوێن ئەم کـارە کـەوتنو چەنـدەها چیرۆکیـان لـەم بـوارەدا پێـشکەش کـرد. بنەمای جیهانبینی ئەم ئاڵو گۆڕە ئەوەیە کە جیهانی نوێ ئاڵۆزەو سیـستەمێکی پێکەوە گرێدراوو یـەکانگیری نیـە. مـرۆڤ ئیتـر نـە ناوەنـد، بەڵـکو بـوونێکی لاوەکیە. ئەم ئاڵو گۆڕە لـە دەیـەی ٦٠ و ٧٠ ی سـەدەی بیـستەمەوە دەسـت پێدەکا. واتـە لـەو دەورانـەوە کـە دیـاردەی ئـەنفورماتیک دێتـە ئـاراوە. لـەم دۆخەدا ئیتر مرۆڤ تەنیا لە ژێر سریمەی تەنیا شار یا ناوچەی خۆی نیە، بەڵـکو لە ئاستی جیهانیدا بومبارانی رووداو دەکرێ. وێنەو رووداو بە پڕتاوو بە لێـشاو بە بێ ئەوەی مەجال بە بیرکردنەوە بدەن، خۆ بە ژووریدا دەکەن. ئیتر هەموو شتێک بە رووالەت پچڕپچڕەو لە سیستەمێکدا کۆ نابنەوە.

بەڵـام خـودی ئـەم دژەسیـستەم بوونـەش خـۆی لـە خۆیـدا جۆرێـک لـە سیستەمە، سیستەمێک کە چوارچێوەی چیرۆکـی نـوێ دیـاری دەکـاو لـەوەش زیاتر دەربڕی شێوە روانینێکی تایبەتە بـە دنیـا. رووداو و وێنـە لێکترازاوەکـان لەم جۆرە چیرۆکانەدا خوێنـەر بـەرەو دەرەوی چیرۆکەکـە پـەلکێش دەکـەنو ئایدیایـەکی ئەبـستراکتی تێـدا چـێدەکـەن. بەڵـام بـۆ وێنـە لـە چیرۆکـەکانی

چخۆفدا بە هۆی پەیوەندی ئاسایی‌و لێک گرێدراوی ڕووداوەکانەوە، خوێنەر هەر لە فەزای چیرۆکەکەدا دەمێنێتەوەو لەوێیە کە هەموو شتێک ڕوودەدا.



لێکترازاویی ڕووداو و وێنە دەتوانێ لە باری دەروونییەوە پەیام هێنەری قۆناغی دڵەراوکێ‌و ترس بێت. وێنە تۆکمەکان بزر دەبن‌و لە گەڵیا ئەو جیهانە بەرین‌و باوەڕپێکراوانەش کە هەر کەسێک بە جۆرێک تێیدا هەستی بە جۆرێک لە ئارامی‌و متمانە دەکرد، بزر دەبن. چیرۆکی نوێ، چیرۆکی قۆناچی دڵەراوکێ‌و ترسە.

## - ژیان، ڕێکەوتە -

" دۆنالد بارتلمە" لە چیرۆکی "قوتابخانە" دا بە شێوەیەکی پچڕپچڕ باس لە درەخت، مار، باغچە، ماسی، سەگ‌و منداڵێک دەکا. هیچ شتێک ئەم ڕووداوانە پێکەوە گرێ نادەن، جگە لەوەی کە لە قوتابخانەیەک ڕوو دودەن‌و جگە لەوەی کە سەرئەنجام هەموویان دەمرن. ئەوە تەنیا "شوێن"و "ئەنجام "ە، کە هەموو ئەم دیاردەو ڕووداوانە پێکەوە گرێ دەدەن."شوێن" بەو مانایە کە ڕووداو مەجبوورە لە شوێنێکدا هەبێ‌و "ئەنجام"یش بەو مانایە کە "ڕووداو" لە زەمەنێکی دیاریکراودا دەژی. کەواتە هۆو هۆکار( علت و معلول) بە شێوەیەکی گشتی تەنیا لە شوێن‌و کاتدایەو نە لە هیچی دیکەدا. شتەکان لەم دنیایەدا تەنیا لە پاڵ یەکتر دانراون و ئیتر هیچ پەیوەندییەک بوونی نیە. ئەگەر هەشبێ بە ڕێکەوتە، ژیان ڕێکەوتە.

٢٠٠٣

پەراوێز-

تەواوی ئەم چیرۆکانە لە کتێبی " مرگ در جنگل" لە وەرگێڕانی سفدر تقی‌زادە وەرگیراون.

# له زاره‌کییه‌وه بۆ نووسین ١٥٠٠- ٨٠٠

**وه‌رگێڕانی له‌ نه‌رویجییه‌وه: فه‌روخ نێعمه‌ت‌پوور**

## *سه‌رده‌می کۆن*
## *ڤیکینگه‌کان‌و هونه‌ری نووسین*

**یه‌که‌مین نه‌وه‌ی کۆچبه‌ران ده‌هه‌زار ساڵ پێش له‌ زایین روویان له‌ نه‌رویج کرد. به‌ڵام ئه‌وه‌ هه‌زاران ساڵ دواتر واته‌ له‌ سه‌رده‌می ڤیکینگه‌کان‌دا بوو ( ٨٠٠ تا ١٠٦٦ ی دوای زایین) که‌ ده‌ستیان به‌ هۆنینه‌وه‌ی شیعرو داهێنانی چیرۆک کرد. له‌ راستیدا هیچ زانیاریه‌کمان له‌ سه‌ر شاعیرو چیرۆک‌بێژه‌ سه‌ره‌تاییه‌کان له‌ به‌ر ده‌ست‌دا نیه‌، به‌ڵام ناوی گه‌لێک له‌وانه‌ ده‌زانین که‌ له‌ سه‌ده‌ی نۆهه‌م‌دا ژیاون.**

**ڤیکینگه‌کان به‌وه‌ ناسراون که‌ زۆر حه‌زیان به‌ شه‌ڕ بووه‌، به‌ڵام هه‌ر له‌وکاته‌دا گه‌لێک هۆگری کارو چالاکیی ئاشتی خوازانه‌ی وه‌ک مامه‌ڵه‌و داهێنانی هونه‌ری بوونه‌. له‌و سه‌رده‌مه‌دا شیعرو چیرۆک زاره‌کی بوونه‌و خه‌ڵک بۆ یه‌کتریان گێڕاوه‌ته‌وه‌، له‌م نه‌وه‌وه‌ بۆ ئه‌وی دی راگوێزراون، بێ**

ئەوەی نووسرابێتنەوە. بەم شێوەیە تۆزی زەمان بزری نەکردوون‌و لە بیر نەچوونەتەوە.

لە سەرەتای چاخی ڤیکینگەکاندا نەرویج لە چەندین میرنشینی بچوک پێک هاتبوو. لە دەوروبەری سەدەی نۆیەمدا "هارالد هۆر فارگە"( پاشای نەرویجی لە نێوان ساڵەکانی ٩٣٣-٨٦٥ ) کۆتایی بەم چەند پارچەییە هێناو وڵاتێکی یەکگرتووی لێ پێک هێنان. لە ساڵەکانی پاش‌و پێشی ئەم رووداوەدا ژمارەیەکی زۆر لە نەرویجیەکان وڵاتیان جێ هێشت و روویان لە ئیسلەند کردو لەوێ کۆمەڵگایەکی نوێیان دامەزراند. لەم کۆمەڵگایە نوێیەش‌دا ئەدەب زۆرتر بە شێوەی زارەکی بووەو دواتر بەرە بەرە فۆرمی نووسینی لە خۆ گرتووە.

## ئەدەبی "نورون"

نورون ناوی زمانی کۆنی نەرویجیەکانە. ئەو زمانەیە کە پێی دەدوان‌و پێیان دەنووسی. هەروەها لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٠-٧٠٠ زمانی باوی ناو ئیسلەند بووە. بە ئەدەبی ئەو سەردەمەش هەر دەڵێن ئەدەبی نورون. ئیسلەندییەکان گەلێک حەزیان بە هۆنینەوەی شیعر بووەو لەم بوارەدا لە هەمووان زیرەکتر بوونە. لە مێژووی ئەدەبی نەرویجی، ئەدەبی ئەم دەورانەی ئیسلەندییەکان وەک بەشێک لەئەدەبی نەرویجی سەیر دەکرێ.

رەنگە ئەمە سەیر بنوێنێ، بەڵام دەتوانین لێرەدا هۆکارەکانی دەست‌نیشان بکەین.بۆ وێنە دەتوانین بڵێین کە لە هەر دوو وڵات‌دا زمانێکی هاوبەش لە گۆڕێدا بووە، یاخود کۆمەڵگای ئیسلەندی پەیوەندییەکی گەلێک نزیکی بە کۆمەڵگای نەرویجیەوە هەبووە. لە راستیدا لە هەر دوو کۆمەڵگاکەدا زمان‌و کەلتورێکی هاوبەش لە ئارادا بوون.کەواتە دەتوانین بڵێین کە ئەدەبی نورون ئەدەبێکی هاوبەشی نەرویجی – ئیسلەندیە.

یەکەمین شیعرەکان زارەکین. لە راستیدا لەم دەورانەدا هەم شیعری زارەکیمان هەبووەو هەم پەخشانی زارەکی.لە بابەت شیعری زارەکیەوە تا رادەیەکی بەرچاو زانیاریمان لە بەر دەستدایە، بەڵام لە بابەت پەخشانەوە زانیاریەکانمان کەمترن.بەو هۆیەوە کە لەبەرکردنی شیعر گەلێک ئاسانتر بووە، تێکستە شیعریەکان گەلێک کەمتر گۆڕانیان بە سەردا هاتووە.دەتوانین بڵێین ئەو شیعرانەی کە لە ساڵەکانی ۱۱۰۰ ەوە نووسرانەوە، زیاتر لە دەقە ئەسڵیەکانیان دەکەن. لە لایەکی ترەوە دەبینین کە تێکستە پەخشانیەکان گۆڕانی زیاتریان بە سەردا هاتووە. بە درێژایی زەمان گەلێک شتیان لێ دەرهاویشتراوە، یا خود پێیان زیاد کراوە. بەڵام دەتوانین بڵێین کە سەرەڕای هەر ئاڵو گۆڕێک کاکڵەکەیان هەر ئەوانەن کە لە فۆڕمی زارەکیاندا هاتووە.

## روونە

روونە کۆنترین ئەلفو بێی نەرویجییە. روونە گەلێک شێوەی هاوبەشی لە گەڵ ئەلفو بێی یۆنانیو لاتیندا هەیەو لە سەردەمی ڤیکینگەکاندا پێی نووسراوەو لە بیست و چوار پیت پێک هاتووە. ئەم پیتانە تەنیا لە هێڵی راست پێک هاتوونو لە سەر تەختەو دارو ئێسکو بەردو مێتاڵ هەڵکۆڵراون. زۆربەی ئەو نووسینانەی کە بەم ئەلفو بێیە نووسراون لە سەر چەکو ئامێرو کێلو شمەکی جوانکاری دۆزراونەتەوە. درێژترین دەق کە لەبەر دەستدایە لە۷۲۵ پیت پێک هاتووە.

روونەکان دوو رۆڵ و کردەی سەرەکیان هەبووە: یەکەم خاوەن کردەیەکی جادوویی بوونە، واتە ئەو سەردەمە خەڵک پێیان وابووە کە روونە لە هێزێکی جادووی بەهرەمەندەو بۆ وێنە دەتوانن لە بەرامبەر نەخۆشیدا بیانپارێزن، یا خود لە کاتی راودا یارمەتیدەریان بێت. دووهەمین کردەی روونەکان بریتی بووە لە کردەی وەبیرهێنانەوەو یاد. دەتوانین ئەم رۆڵە لە

نووسینی سەر کێلی گۆڕەکان ببینینەوە، واتە کێلی قەبری پاشاو سەرۆک خێڵو گەورەپیاوانی دی.

دەقی ئەدەبی کە بەم ئەلفو بێیە نووسرابن، یەکجار کەمن.

## مەسیحییەتو نووسین

بە هاتنی مەسیحییەت، ئیسلەندو نەرویج بوون بە خاوەنی یەک زمانی نووسین. ئەلفو بێی ئەم زمانە لە لاتینەوە وەرگیرابوو. بە یامەتی ئەم ئەلفو بێیە زمانی نورون لە زارەکییەوە بوو بە زمانی نوسین، کە دواتر زۆر خێرا بوو بە زمانی ئەدەبیش. لە دەوروبەری ساڵی ۱۲۰۰ ەوە ئەدەبی زارەکی کۆن بە شێوەی نورون لە لایەن نەوەکانی ئەو سەردەمەوە نووسراوەتەوە. ئیسلەندییەکان لەم بوارەدا پێشڕەو بوون و زووتر لە نەرویجیەکان ئەم کارەیان دەست پێ کردووە.

## شیعری نورون

شیعری نورون بە سەر دوو گروپدا دابەش دەکرێ: شیعری ئێداو، شیعری سکالّدە. لە بابەت شیعری ئێداوە دەبێ بڵین کە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆمان لە بەردەستدا نیە کە کێ داهێنەری بووە، بەڵام لە بابەت شیعری سکالّدەوە بە پێچەوانەوە، زانیاریمان لە بەردەستدایە.

### شیعری ئێدا

دوو کتێبی کۆن سەرچاوەی شیعری ئێدان. یەکەمیان کتێبێکە کە لە دەوروبەری ساڵی ۱۲۰۰ ەوە بۆمان ماوەتەوەو نووسەرەکەی ئیسلەندییەکە بە ناوی سنورە ستورلاسون( ۱۲٤۱ _ ۱۱۷۹). ئەم کتێبە کۆمەڵێکی زۆر

شیعری ئێدای لە خۆ گرتووەو هەر بەم هۆیەوە ناوی ئێدای لێنراوە. دواتر تەواوی ئەو شیعرانەی کە شاعیرەکانیان نەناسراوبوون بە شیعری ئێدا ناوزەد کران.

سەرچاوەی دووهەم، کتێبێکی چەرمی ئیسلەندییە کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی سێزدەهەمەوە بۆمان ماوەتەوە. هەڵبەت ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار لە ناوەراستی سەدەی هەفدەهەم دۆزرایەوە. شیعرەکان لە لایەن ستورلاسون ەوە نووسراونەتەوەو کتێبەکە لەوەی پێشوو کۆنترە، هەربۆیە بەمەیان دەڵێن ئێدای کۆنو بەوەی دیکەیان دەڵێن ئێدای نوێ!



شیعری ئێدا بە سەر دوو گروپدا دابەش دەکرێ: شیعری خودایی‌و شیعری پاڵەوانەتی. شیعری خودایی لە سەر میتولۆژیای کۆنی نورون چێ کراوە،کە بە ناوبانگترین شیعری ئەم کۆمەڵە شیعرییە ڤولوسپۆیە.

ڤولوسپۆ بە مانای پیرێژنی داهاتووبین یا خود جادووگەرە، واتە ئەو ژنەی کە دەزانێ چی لە ئایندەدا روودەدات. لە ڤولوسپۆدا باس لە پێشبینییەکانی پیرێژنی جادووگەر دەکرێ. ئەفراندنی دنیاو وێنەیەکی نگەتیف لەو سەردەمە کاکڵی ئەم شیعرەن.ئەو پێی وایە کە جیهان شوێنێکی یەکجار خراپ‌و شێواوە، هەر بۆیە دەبێ نوقم بکرێ. پیرێژنی جادووگەر لە درێژەی شیعرەکەیدا وێنەیەکی درامایی لە نوقم‌بوونی جیهان پێشکەش دەکا، کە لە میتولۆژیای نورون پێی دەگوترێ" راگنارۆک" واتە دوارۆژی دنیا.

هۆڤامۆل سەردێڕی شیعرێکی دیکەی ئێدایە کە بە مانای گوتـەی بـەرزە، کە مەبەست لەمە گوتەی ئۆدین Odin یەکێک لە خوداکانی ئـەو سـەردەمەیە. لەم بەشەدا باس لە پەندەکانی ئۆدین دەکرێ. ئـودین مـرۆڤ دەدوێنـێو پێـی دەڵێ کە چلـۆن بـژیو چلـۆن لـە گـەڵ کەسـانی دیکـە هەڵـسو کـەوت بکـا. ئەمرۆکە گەلێک لەو بایەخانەی کە لەم شیعرەدا باسیان لێکراوە هـەرگرینگیی خۆیان پاراستووە. کە بـۆ نمونـە دەتـوانین بـاس لـە بایەخـەکانی دۆسـتایەتیو میوانداری بکەین.

ڤولوسپۆ و هۆڤامۆل لە چاو شیعرەکانی دیکەی ئـەم بەشـە شـیعرییەدا لـە ئاستێکی بەرزتردان. هەروەها شیعری گاڵتەشیان تێدایە کـە دەتـوانین ئامـاژە بە تریمس کڤادە بکەین، کە تێیدا باس لە رووداوەکـانی پـاش لـە دەسـتدانی چەکوچەکەی" تور" دەکرێ( تـور یـەکێک لـە خودایـانی ئـەو سـەردەمەیە کـە خاوەن چەکوچێکی جادوویی‌یەو بە خودای بارانو هەورە تریشقە ناسراوە).

شیعری پاڵەوانەتی لە سەر بنـەمای " سـاگن" ەکـان Sagn بنیـاتنـراون( ساگن جۆرە ئەفسانەیەکی کـورتی قەدیمیـە). ئـەم جـۆرە شـیعرە بەسـەرهاتی شەڕی پیاوەکان یاخود شـەڕی نێـوان ئـەوانو دێـوو بوونـەوەرە ترسـناکەکانە. بەڵام لە لایەکی ترەوە باسی خۆشەویستیو ئێرەییشیان تێدایە. زۆر جـار ئـەوە ژنەکانن کە هۆکاری شاراوەی رووداوو بەسەرهاتە خوێناوییەکانن.

دوو موتیڤی سەرەکی ئەم شیعرانە بریتین لە تۆڵەسـەندنەوەو کوشـتن لـە سەر شەرەف. شیعرەکان تەژین لە رووداوو بەسەرهاتی دڵتەزێنو ناخۆش. بۆ وێنە لە شیعری ئاتلە کڤادە دا باس لە ژنێک دەکرێ کە زۆر بێبەزەییانە تۆڵـە لــە مێردەکــەی خــۆی دەکاتــەوە. وەک لــە شــیعرەکەدا هــاتووە، رۆژێــک مێردەکــەی بــێحورمــەتی بــە دووبراکــەی دەکــاو ئــەویش بــە مەبەســتی تۆڵەسەندنەوە هەردوو کوڕەکەی خۆی دەکوژێ. دواتر جەستەیان لەتو پەت دەکـرێو وەک خـواردن بـێ ئـەوەی مێردەکـەی تـێبگـات لـە سـەر مێـزی نانخوارن لە بەردەمیا دادەنرێ.

# شیعری سکاڵدە

ئـەم شـیعرە بـۆ پیاهەڵـگوتنی پاشـاکانو گـەورەپیاوانی خـێڵ بـووەو شاعیرەکانیان بۆ هۆنینەوەی هەر پارچە شیعرێک خەڵـات کـراون. کـۆنترین دەقی ئەم جـۆرە شـیعرە کـە لەبـەر دەسـتدایە، هـی سـەدەی نۆیـەمی زایینـە. یەکەمین سکاڵدەکان نەرویجی بوون، بەڵام زۆر خێرا ئیسلەندییەکان دەسـتیان بەسەر ئەم شیعرەشدا گرت. کەواتە ئەو سکاڵدانەی کە بۆمان ماونەتـەوە هـەر هەموویان ئیسلەنین. هونەری سکاڵدە لە سەدەی سێزدەهەمی زایـین کۆتـایی پێهات.

ئێستاکە، ناوی زیاتر لە ٢٥٠ شیعری سکاڵدەمان لە بەردەسـتدایە. ئـەم هونەرە وەک ئیشو کارێکی پیاوانـە سـەیری دەکـرا، بەڵـام حـەوت دانـە لـەو سکاڵدانەی کە لەبەر دەستدان لە لایەن ژنانەوە هۆنراونەتەوە.

جیاوازی ئەم شیعرە لەگەڵ ئێدا ئەوەیە کە لە بابەت مرۆڤە گرینگـەکانی مێـژووەوە دەدوێ. رەنگـە بتـوانین خەسـڵەتی ژۆرنالیـستیان بخەینـە پـاڵ! هەڵبەت ئەمە بەومانایە نیە کە تەواوی ئەو شتانەی کە لەم شـیعرانەدا هـاتوون، راستن. بۆ ئەو کەسەی کە دەیویست رووداوو بەسەرهاتەکان بە شێوەی خـۆی بگێڕێتـەوە ئـەم جـۆرە شـیعرە بنـەماو خەسـڵەتی تایبـەتی خـۆی هـەبوو و یارمەتیدەرێکی باش بوو. لە کاتی هۆنینـەوەی ئـەم جـۆرە شـیعرەدا شـاعیران ئەوەندە زیرەکو وریا بوون کە خۆیان لـە گوتنـەوەی ئـەو شـتانە ببـوێرن کـە پاشاو سەرۆک خێڵەکان بە دڵیان نەبوو.

# پەخشانی نورون" ساگا"

ساگا نووسراوەیەکی پەخشانئاسای ئەو سەردەمەیە. ئیـسلەندییەکان لـەم بوارەشدا پێشڕەو بوون. زۆربەی ئەو ساگایانەی کە لەبەر دەستدان، باس لـە ئیسلەندی سەردەمی ڤیکینگەکان دەکـەن. بەڵـام هـەن ئەوانـەی کـە بـاس لـە

سەدەی دوانزەو سیانزەش دەکەن. ساگا سەرەتاییەکان لـە سـەدەی دوانـزەدا نووسراونەتەوە.

ساگاکان جۆراوجۆرن، بەڵـام بـە گـشتی دەتـوانین بـە سـەر سـێ بـواردا دابەشیان بکەین:

_ پاشاساگاکان، واتە ئـەو سـاگایانەی کـە بـاس لـە ژیـان و بەسـەرهاتی پاشاکان دەکەن.

_ ساگای ئیسلەندی، واتە ئەوانەی وا باس لە ئیسلەند دەکەن.

_ سەرئەنجام ئەوانەی کە بەسەرهاتە هەرە کۆنەکانو ژیانی شۆڕەسواران هەوێنی بابەتەکانیانن.




ساگاکانی بەشی یەکەمو دووهـەم تـەژین لـە بەسـەرهاتی مرۆڤـە ناودارەکـان، واتـە ئـەو مـرۆڤو رووداوانـەی کـە بەراسـتی هـەبوونو روویان داوە. بەڵـام هـەوێنی سـاگاکانی بەشـی سـێهەم خەیاڵـینو بـە دوورن لـە رووداوە راستەقینەکان.

## پاشاساگاکان

نووسینی پاشاساگاکان لەو سـەردەمەدا لـە بـاکووری ئـەورووپا بـاو بـووە، بەڵـام زیـاتر لـە هـەر شـوێنێکی دیکـە لـە ئیـسلەند گرینگـی پـێدراوە. ئیسلەندییەکانیش لە بەر ئەوەی کە بۆ خۆیان پاشایان نەبووە لە ساگادا باسـیان لە پاشاکانی نەرویج کردووە.

مەزنترین پاشاساگا ناوی بریتیە لە " ئولاف، ساگای مەزن" لە نووسـینی " سنۆرە ستورلاسونس" . کە دواتـر نـاوبراو لـەم سـاگایە کەڵـکی وەرگـرت بـۆ نووسـینی بەرهەمـە مەزنەکـەی خـۆی کـە نـاوی " هـەیم سـکرینگلا" یـە. لـەم بەرهەمـەدا بـاس لـە پاشـا کۆنـەکانی نـەرویج دەکـرێ. ئـەم سـاگایە لـە نـاو بەرهەمەکانی دیکەدا گرینگترین شوێنی بۆ خۆی تەرخان کردووە.

داخۆ " هەیم سکرینگلا" تەنیا نووسراوەیەکە، یان بەرهـەمێکی مێژوویـی گرینگـە؟ ساڵـانێکی زۆر لـە سـەر ئـەم پرسـیارە ، بـیرورا ئـاڵو گـۆڕ کـراوە. "سنۆرە" بۆ خۆی پێـی وایـە کـە مێژوونووسـە.بەڵـام ئـەو رووداوانـەی کـە لـەم کتێبەدا باسیان لـێکـراوە، رووداوی مێژوویـی راسـتەقینە نـین. مێژوونووسـانی سەردەمی نوێ لـە ئاسـتێکی بـەرزدا خۆیـان بـە رووداوەکانـەوە گـرێ دەدەن، دیاردەیەک کە " سنۆرە" زۆر گوێی نەداوەتێ.

شێوەی نووسینی ئەم کتێبە خۆی لە بەرهەمی ئەدەبی نزیـک دەکاتـەوە. ئەو کەسەی کە ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە، خۆر خێرا بەو ئاکامە دەگا کە نووسـەر هونەرمەندێکی بواری ئەدەبییە. نووسەر قورسایی خـۆی دەخاتـە سـەر لایەنـە درامابیەکانو، وەها بە شێوەیەکی زیندوو و ورد باسیان لێدەکا کە خوێنەر پێی وایـە نووسـەر خـۆی راسـتەوخۆ رووداوەکـانی بینیـوەو ئـەزموونی کـردوون. هەروەها باس لـە گـەلێک رووداوی بچـوک دەکـاو راسـتەوخۆ کەسـایەتیەکان دەدوێنێ. واتە تایبەتمەندییەک کە لـە سکاڵـدەکانەوە وەریگرتـووە. جـا بـەم شێوەیە مێژوو بە شێوەیەکی زیندوو نیشانی ئێمە دەدا.

## ساگای ئیسلەندی

ئەم جۆرە ساگایانەش خـۆ لـە رووداوە راسـتەقینەکان نزیـک دەکەنـەوەو هەرە ناسـراوەکانیان لـە سـەدەی سـێزدەا نووسـراونەتەوە. رووداوەکـان هـی ئیسلەندی سەردەمی ڤیکینگەکانن. هەروەها فەزاو کەشو هـەوای ناویـان هـی دووسەد ساڵ بەر لە خۆیانن.

وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی ناتوانین پشت بە ساگای ئیسلەندی ببەستین. لە راستیدا ساگاکان ئەو بەسەرهاتانەن کە لە لایەن شاعیرە بە تواناکانەوە هۆنراونەتەوە، کە دواتر سینە بە سینە لەم بەرەیەوە بۆ ئەوی دی راگوێزراون.

ساگای ئیسلەندی دوای ئەوەی کە مەسیحیەت رووی لە نەرویجو ئیسلەند کرد، نووسراونەتەوە. بەڵام بەهەرحاڵ پێمان دەڵێن کە ئەو سەردەمانە خەڵک چۆن ژیاون، چۆن هەستیان کردووەو سەرئەنجام چلۆن بیریان کردووەتەوە. بە هاتنی مەسیحیەت، خوداو مەسیح جێگای "ئودین" Odinو "تور" Torیان گرتەوە.(ئەم دووانە دوو خودای کۆنی باکووری ئەورووپان)، بەڵام هاتنی مەسیحیەت گۆڕانێکی زۆری لە ئاکارو کردەوەی ئەواندا پێک نەهێنا. مرۆڤی ئەو سەردەمە بەردەوام لە ژیانێکی سەختو پڕ لە دژواریو بێبەزەییانەدا بەسەری دەبرد.

## شەرەفو کوشتن لەسەر شەرف

ڤیکینگەکان شەرەفپەرەستوتۆڵەسێنەربوون. هەر چەشنە دەستدرێژییەک، لە گەڵ تۆڵە رووبەروو دەبووەوە. تۆڵە تەنیا ئەرکی سەرشانی تاک نەبوو، بەڵکو ئەرکی سەرشانی هەموو خێڵو خزمان بوو. گەر کەسێک بکوژرایە، ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو ئەندامانی خێڵو تایفە بوو کە تۆڵەی بستێننەوە. ئەو سەردەمە بەمە دەگوترا: " تۆڵەی خوێن".

هەروەها تۆڵە تەنیا ئەوەی نەدەگرتەوە کە هەستابوو بە کوشتنی کەسێکی دیکە. ئەگەر کۆیلەیەک مرۆڤێکی ئازادی بکوشتایە، تەنیا بە کوشتنەوەی کۆیلەکە کارەکە کۆتایی پێنەدەهات، بەڵکو خاوەنەکەیشی تاوانبار بوو و دەبا سزا بدرایە. کوشتن لە پێناوی شەرەف بەرەو کوشتنێکی دی هەڵیدەداو بەم شێوەیە دەکرا چەندین نەوە بگرێتەوە.

ڤیکینگەکان سەبارەت بە خۆیان گەلێک سەختگیر بوون. ترسنۆکی لە ناویاندا عەیبێکی هەرە گەورە بوو. بە لایانەوە کردە لە گوتە گرنگتر بوو. ڤیکینگە بەساڵا چووەکان زۆریان قسە نەدەکرد، بەڵام تەواو باوەڕیان بەوەی هەبوو کە دەیانگوت( ئەمە گوتەی ناو ساگاکانە). بە لایانەوە گلەیی‌و گازندە، خوو و خەدەیەکی ژنانە بوو. لە بەرەورووبوونەوە لە گەڵ مەرگ، قەت نەدەشڵەژان!

لە پاشاساگاکان‌و ساگای ئیسلەندی‌دا لەم بارەیەوە نموونەمان زۆرن. بە ناوبانگترینیان لە " ئولاڤ، ساگای‌مەزن" دایە. لە مەیدانی شەڕدا پاڵەوانێک دەپێکرێ. تیرێک لە دڵی دەدا، بەڵام بە بێ ئەوەی بترسێ یا خود لە ئێش‌و ژانی خۆی هاوار بکا، تیرەکە دەردێنێ‌و پڕ بە گەرووی دەنرکێنێ‌و دەڵێ:" پاشامان بەرزو پایەدار بێت کە ئاوا بە خێوی کردووین! دڵم توێژاڵێک لە چەوری گرتوویەتی!" ئەمە دەڵێ‌و دەکەوێ‌و دەمرێ.

بەم شێوەیە گوتەی پاڵەوانەکانی ناو ساگاکان لە گەڵ شەرەف‌پەرستیی ڤیکینگەکان تێکەڵ دەبێ‌و پێمان دەڵێن کە لەو سەردەمانەدا چلۆن بیریان کردووەتەوە. ئەوان شەرەفی خۆیان لە هەر شتێکی دی بەلاوە گرینگتر بووە. مردنی بە شەرەف‌و بە دوور لە گلەیی‌و گازندە دەیتوانی بۆ هەمیشە ناوو ناوبانگیان پێ ببەخشێت.

## تایبەتمەندییەکانی پیاو بوون

ساگاکان بە جوانی ئەوە دەردەخەن کە کۆمەڵگا ی سەردەمی ڤیکینگەکان، کۆمەڵگایەکی پیاوسالارانە بووە. پیاوو ژن ئەرکی جۆراوجۆریان لە سەر شان بووەو ئەوەی ئەمەی قبوڵ نەکردایە، بە چاوێکی سووک سەیری دەکرا. پیاو نە خواردنی ساز دەکردو نە شیری ئاژەڵی دەدۆشی. وەک ژن خۆنواندن، یا خود هەڵس‌وکەوت کردن خراپترین شت بووە. پیاو دەبا لە وەرزش‌دا زیرەک‌و لێهاتوو بووایەو هەردەم ئازاو ئامادەی جەنگ بایە.

ئەم تایبەتمەندییانە  بۆ پیاو پێویستو زەروور بوون، کەواتە دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵگای ڤیکینگی، کۆمەڵگایەکی توندوتیژی بوو. هەڵبەت لەم کۆمەڵگایەدا بۆ تایبەتمەندییەکانی دیکەش جێو رێ هەبوو، بۆ وێنە بۆ شاعیرەکان.

پاڵەوانانی ناو ساگاکان تا رادەیەکی بەرچاو خۆیان بێ بەزەییو  بە دوور لە هەست نیشان دەدەن. بەڵام لە ساگاکاندا هەمیشە بە توش هەستو بایەخی دیکەشەوە دەبین. بۆ وێنە تاسە، هەستی هاوخەمیو ئاشتی خوازی. لە " ئێگیل ساگا" باس لەوە دەکرێ کە چلۆن ئێگیل Egil واز لە خواردن دێنێ، بۆ ئەوەی هەستی هاوخەمیی خۆی بەرامبەر بە مردنی یەکێک لە کوڕەکانی نیشان بدات. هەروەها لە ساگایەکی دیکەدا Njåls  Saga ئەوەمان نیشان دەدرێت کە پیاوان هەر هەموویان تووندوتیژ نین. بۆ وێنە یەکێک لە پاڵەوانەکان دەڵێت:" رەنگە من بە قەدەر ئەوانی تر ئازا نەبم، چونکە ئەوەندە بە ئاسانی ناتوانم کەسێکی دی بکوژم."

## شوێنو پلەو پایەی ژن

ئەگەرچی ئەوە پیاوان بوون کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو، بەڵام بەخوێندنەوەی ساگاکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ژنانیش شوێنی تایبەتی خۆیان لە ناو کۆمەڵگادا هەبووە. هەڵبەت تەنیا لە یەکێک لە ساگاکاندا ژن رۆڵی سەرەکی هەیە، بەڵام کاتێک ئەوانی دی دەخوێنینەوە، دەبینین کە ژنان رۆڵی گرنگی تیا دەبینن. هەندێک جار ژنان لەم بەرهەمانەدا لە هێزو توانای جادوویی بەهرەمەندن، بەڵام هەر لەو کاتەدا زۆربەیان هاوسەری ئەو پیاوانەن کە لە ناو کۆمەڵگادا خاوەن پلەو پایەیەکی تایبەتین.

ژنی بێهاوسەر، خاوەن پلەیەکی نزم بووە. ئەوە پیاوانن کە لە رێگای هاوسەرەتییەوە پلەو پایە بە ژنان دەبەخشن. ئەو ژنەی کە هاوسەرەکەی لە کۆمەڵدا شوێنی دیارتری هەیە، ئەوا لە دۆخێکی باشتر بەهرەمەندە. ئەگەرچی

ئـەوە پیـاوانن کـە بـڕیار دەدەنو بـەڕێوە دەبـەن، بەڵـام ژنـانیش دەتـوانن یارمەتیدەرێکی باش بن بۆ وێنە لە کاتی تۆڵەسەندنەوەدا.

پیاوی ناو ساگاکان ژنانیان بەلاوە بەرزەو بە جـوانی ژن سەرسـام دەبـن. ژنان دەبا جوانو بەهرەمەند لە خەسڵەتی ژنانە بان. لە بەرکردنی جـلوبـەرگی پیاوانە بۆیان قەدەغـە بـوو. ئەگـەرچی هاوسـەرێتی، گرینگییـەکی تایبـەتی لـە لایەن کۆمەڵگاوە پێدەدرا، بەڵام ئەمە بەو مانایە نەبوو کە ژنان بە زۆر بە شـوو دەدران. هـەموو بەڵـگەکان ئـەوە نیـشان دەدەن کـە پەیوەنـدیی سـێکس بـۆ هەردوولا گرینگ بووەو پیاوان پێیان وابووە کە بۆ سێکس کـردن ڕەزامەنـدی هەردوولا پێویستە. ئەو هاوسەرانەی کە ڕێزی یـەکتریان دەگـرتو هاوکـاریی یـەکتریان دەکـرد، لـە ئاسـتێکی هـەرە بـەرزدا ڕێزیـان لـێدەگـیراو بـەرز دەنرخێنران. سـاگاکان بـە جـوانی ئـەم حاڵـەت پیـشان دەدەن. لـە هەنـدێک ساگادا ژنان پشتی پیاوان ناگرنو بەم شێوەیە دۆخەکە بەرەو کارەسات دەڕوا.

***

سەرچاوە:
Spor, Teoribok VK I og VK II
تێبینی _ دەقی سەرەکی کەمێک دەستکاری کراوە.

# فریشتەی منداڵێک

فەریدە نەقشی
ئۆستralیا



منداڵێک لە کاتی لە دایکبوونیدا چووە لای خوداو لێی پرسی:

_ خوایە! بیستومە کە سبەی بۆ ژیان کردن دەمنێریتە سەر زەوی. باشە منی بچکۆلەو لاواز، دوور لە یارمەتی تۆ چۆن دەتوانم لەوێ بژیم؟

خودا وەڵامی دایەوە:

_ یەکێک لە فریشتەکانم بۆ تۆ لەبەرچاو گرتووە. ئەو چاوەڕوانی تۆیەو هەر ئەویشە کە چاوەدێریت دەکا.

لە کاتێکدا کە هێشتا منداڵەکە لە چوون بۆ سەر زەوی گومانی هەبوو، گوتی:

_ لێرە لە بەهەشت من کارێکم بە غەیری گاڵو گغە، گرِوگاڵو پێکەنین نیەو ئەوانەش بۆ من شادیهێنەرن، ئارامیو ئاسوودەیم پێدەبەخشن.

خوا بزەیەکی کردو گوتی:

_ فریشتەکەت گۆرانیت بۆ دەڵێ، سبەینان بە هۆنراوەو ئێواران بە لایلایی راتدەژێنێ. خۆشەویستیت پیشان دەدا، دەتلاوێنێو دەتخەملێنێ.

ئەمجارە منداڵەکە گوتی:

_ من زمانی ئەم خەڵکە نازانم، باشە کاتێک کە ئەوان دەدوێن من چۆن دەتوانم تێیان بگەم؟

خودا دڵی دایەوەو گوتی:

_ فریشتەکەت بە ئارامیو بە هێواشی شیرینترینو رازاوەترین وشە بە گوێتدا دەخوێنێو بە باشترین شێوە فێری ئاخاوتنت دەکا.

منداڵەکە بە پەژارەوە پرسی:

_ باشە کاتێک کە بمهەوێ لە گەڵ تۆ بدوێم چی بکەم؟

خودا بۆ ئەم پرسیارەش وەڵامی هەبوو، گوتی:

_ فریشتەکەت، دەستە خنجیلانەکەت لە کن یەک دادەنێو فێرت دەکا چۆن لە گەڵ من بدوێی.

منداڵەکە بە دڵتەنگییەوە ئاورێکی دایەوەو گوتی:

_ بیستوومە کە لە سەر زەوی مرۆڤی خراپیش ژیان دەکەن، باشە کێ هەیە کە چاوەدێریو بەرگری لە من بکا؟

خودا وەڵامی دایەوە:

_ فریشتەکەت تەنانەت بە نرخی گیانیشی بێت بەرگریت لێ دەکا، دەتپارێزێو لە سەرماو گەرمادا لە باوەشی خۆییت دەگرێ.

منداڵەکە بەپەژارەوە درێژەی دایەو گوتی:

_ بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە ئیتر ناتوانم تۆ ببینم دڵتەنگ دەبم.

خودا پێکەنیو گوتی:

_ ئەگەرچی من هەموو کات لە دەوروبەرت دەبم،بەڵام فریشتەکەت بەردەوام لە سەر من لە گەڵت دەدوێ، باسی من و تەنانەت باسی گەڕانەوە بۆ لای منیشت بۆ دەکا.

لەو کاتەدا بەهەشت ئارام بوو، دەنگە دەنگێک لە زەوییەوە بە گوێ دەگەیشت. منداڵەکە دەیزانی کە بە زوویی کۆچەکەی دەست پێدەکا. بە ئارامیو لە سەرەخۆ پرسیارێکی تریشی لە خوا پرسی:

_ خوایە! ئەگەر ئیستا دەبێ بڕوم تکایە ناوی فریشتەکەم پێ بڵێ!

خودا بە ئارامی دەستێکی بە سەر سەریدا هێناو گوتی:

_ ناوی فریشتەکەت گرینگ نیە، بە شێنەیی دەتوانی بە دایە بانگی بکەی.

***

٠٩,٠٥,٢٠٠٤

# گەڕانەوە

پێت هامیل
وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە:  هێرش هاشمی
نۆروێژ



**سێ کوڕو سێ کچ بوون. لە ناو پاسێکدا لە شاری نیۆیۆرکەوە بەرەو فلۆریدا دەڕۆیشتن. لە ناو کۆڵەپشتیەکانیاندا ساندویچ و بوتڵی شەرابی تێدا بوو. ڕێگا گەلیک دوور بوو، بەڵام قەیچ دەکا، گەنجیەتیو مەستی! بە حەزێکی زۆرەوە لە گەڵ یەک دەدوانو خەونیان بە قەراغە ئاڵتوناویەکانی ئێوارانی دەریاوە دەبینی.**

**کاتێک بە ناو شاری نیۆجێرسیدا تێپەڕین، هەستیان بەوە کرد کە ڤینگۆ تەنانەت بۆ جارێکیش بێت لە جێگای خۆی نەبزواوە. ئەو لە پێشەوە دانیشتبوو. روخساری تۆزاوی، تەمەنی شاردبۆوە. جلوبەرگێکی لەبەردا بوو کە پێی نەدەخوارد. بە هۆی سیگار کیشانی زۆرەوە پەنجەکانی زەرد هەڵگەڕابوون. بەردەوام خەریکی جوینی لێوی خۆی بوو . تاقە وشەیەک چییە نەیدەدرکاند.**

شەو درەنگان پاسەکە لە کافەییەکی قەراغ جادە لایدا. جگە لە ڤینگۆ، هەر هەموویان دابەزین. لاوەکان دەستیان کرد بە قسەکردن لە بارەی ڤینگۆوە. هەوڵیاندا لە ژیانی تێبگەنو بیهێننە پێش چاوی خۆیان. رەنگە دەریاوان بێت. رەنگە لە دەست ژنەکەی هەڵاتبێت. یان سەربازێکی پیر، کە دەیەوێت بچێتەوە بۆ ماڵ. یان رەنگە قەسابێکی تەنیا بێت.

کاتێک بۆ ناو پاسەکە گەڕانەوە، یەکێک لە کچەکان لە تەنیشت ڤینگۆوە دانیشتو خۆی ناساند.

ـ ئێمە بۆ فلۆریدا دەچین.

کچەکە کتوپڕ دنیای خەیاڵی شێواندبوو.

_ تۆ بۆ کوێ دەچی؟

ڤینگۆ بە بێ مەیلی وەڵامی دایەوە:

_ نازانم!

ـ من قەت لەوێ نەبووم. کچەکە وتی. بیستوومە دەڵێن زۆر خۆشە.

ـ راستە، وایە!

هەرچەندە هەندێک بیرەوەری ئازاری دەدا، بەڵام ڤینگۆ هێشتا پێی وابوو کە فلۆریدا جێگاییێکی خۆشە.

ـ تۆ لەوێ دەژی؟

ـ من لەوێ لە هێزی دەریاییدا بووم.

کچەکە گوتی:

ـ شەراب دەخۆیەوە؟

بە زەردەخەنەیێکەوە بوتڵە شەرابەکەی لێ وەرگرتو پاش ئەوەی قومێکی لێدا بە ئارامی دایەوە دەستی کچەکە. پاشان سوپاسی کردوو گەڕایەوە ناو دنیای بێدەنگی خۆی.لە بەرەبەیانیدا پاسەکە لای کافەییێکیتر لایدایەوە. ئەمجارەیان ڤینگۆ چووە خوارەوە. کچە گەنجەکە داوایلێکرد لەگەڵ ئەوان دانیشێت. ئەو زۆر شەرمن دیار بوو. قاوەیەکی تۆخی داوا کردوو و بە دڵەڕاوکەوە خەریکی سیگار کێشان بوو. لاوەکانیش بە خۆشحاڵیەوە باسی خەوتنی شەوانەی قەراخ دەریای فلۆریدایان دەکرد.

کاتێک چوونەوە ناو پاسەکە، کچەکە لە تەنیشت فینگۆ دانیشتەوە. زۆری حەز دەکرد سەبارەت بە ڤینگۆ شتی زیاتر بزانێ. دووای ساتەکەمێک ڤینگۆ بە هێواشیو ئازارەوە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆی کرد. لەم چوارساڵەی دوواییدا لە زیندانی نیۆیۆڕک بووەو ئێستاش دەیویست بەرەو ماڵەوە بگەڕیتەوە.

ـ ژنت هەیە؟

ـ نازانم.

ـ نازانیت!؟

کچەکە بە سەرسووڕماویەوە لێی ڕوانی. ڤینگۆ درێژەی بە قسەکانی دایەوە:

ـ کاتێک کە لە ناو زینداندا بووم، نامەیەکم بۆ خێزانم نووسیو پێم گووت کە من حاڵی دەبمو تێدەگەم کە ئەگەر نایهەوێت چیتر وەک هاوسەری من بمێنێتەوە. لە نامەکەدا بۆم نووسی کە من بۆ ماوەیێکی زۆر لە ناو زینداندا

دەبم، ئەگەر ئەو ناتوانێت ئەوەندە چاوەڕوان بێت، ئەگەر منداڵەکان بەردەوام لە بارەی منەوە پرسیاری لێدەکەنو ئەمەش ئازاری دەدا، دەتوانێ من لەبیرکاتو شوو بکاتەوە. هەروەها بۆم نووسی کە ئەو پێویست ناکات نامەم بۆ بنووسێتو لێم بپرسێت. جا ئەوە ماوەی سێ ساڵو نیوە نە لێی پرسیومو نە نامەی بۆ نووسیوم.

ـ ئێستا تۆ دەڕۆیەوە ماڵێ بێ ئەوەی هیچ شتێک سەبارەت بە ماڵو منداڵت بزانی؟

به حاڵەتێکی گاڵتەوە گووتی:

_ بەڵێ!

ـ بەڵام حەفتەی پێشوو کاتیک کە زانیم لە زیندان دێمە دەرێ نامەیێکم بۆ نووسی. لە نامەکەدا بۆم نووسی کە ئەگەر ئەو مێردی هەیە من تێدەگەم. بەڵام ئەگەر ئەو مێردی نیەو ئامادەیە من وەرگرێتەوە، پێویستە من ئاگادار بکاتەوە. پێش زیندان ئەوکات ئێمە لە شاری برونوەیک دەژیاین. لەوێ لە دەرەوە پێش ئەوەی بچیە ناو شار، دارێکی گەورەی لێیە. بۆم نووسی کە ئەگەر ئەو حەز دەکات من بچمەوە لای، دەسماڵێکی زەرد بە دارەکەوە هەڵواسێ. ئەوکات ئیتر من دەچمەوە لایان، ئەگەریش منی نەوێت ئەوکات هیچ دەسماڵێکی زەرد بە دارەکەوە نابێتو ئیتر من لە سەفەرەکەی خۆم بەردەوام دەبم.

ـ ئاووا. چ داستانێک!

کچەکە بەسەرهاتەکەی بۆ ئەوانەیتر گێڕایەوەو پاشان ئەوانیتریش هاتن لە لای ڤینگۆ دانیشتنو سەیری وێنەی ژنو منداڵەکەیان کرد.

کاتێک پاسەکە بیست میلی مابوو بۆ برۆنسویک، کوڕو کچە لاوەکان چوونە لای دەستی راستی پاسەکەوەو لە لای پەنجەرەکانەوە دانیشتنو چاوەڕێی دەرکەوتنی دارە گەورەکە بوون.

ڤینگۆ لە تەماشاکردن راوەستاو روخساری گرژ هەڵگەڕاوی چاوەڕوانی بەدبەختیەکیتری دەکرد.

دە میل... پاشان پێنج میل... ڤینگۆ دەستی کرد بە لەرزین. دەنگو هەرای ناو پاسەکە وردە وردە کەم دەبۆوەو هەر بەو رادەیەش پاسەکە ئارامتر دەڕۆیشت. کتوپڕ لاوەکان لە جێگای خۆیان راپەڕینو دەستیان کرد بە هاتو هاوار، هەندێکیان فرمێسک لە چاوانیان هاتە خوارو هەندێکی دیکەیان دەستیان



کرد بە سەماو هەڵپەڕکیو پلکە لێدان. بەڵام ڤینگۆ بە پێچەوانەی ئەوانەوە لە جێگای خۆی دانیشتبوو و سەیری دارەکەی دەکرد. دارەکە بە دەسماڵی زەرد داپۆشرابوو. دارەکە وەک نیشانەیێکی بەخەبەرهاتنەوە راوەستابوو و بە دەم باوە دەشەکایەوە. کاتێک لاوەکان بێدەنگ بوون، ڤینگۆ بە هێواشی لە جێگەی خۆی هەستاو شتەکانی خۆی کۆ کردەوە. ئیستا ئیتر بەڕاستی بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە.

***

# تیری. لەی. لەم

عەزیز نەسین
وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: ئارام حەمەشەریف
فینلاند

**هەبوو نەبوو. بە جوانی نازانین چ سەردەمانێك ، بەڵام لەکاتێکی نەزانراودا، دەوڵەتێکی نەناسراو لەم دونیا ناسراوەدا هەبووە. برسییەکانی ئەم دەوڵەتە لە تێرەکانی زیاترو، بیریارەکانی لە نەزانەکانی کەمتربوونە. دواتر بەرە بەرە دەوڵەمەندەکانی تووشی هەژاری هاتوون.**

**هەموو سەریان بەسەر سنگیاندا لار بۆتەوەو، چاویان رووی لە ناخیان کردووە، دڵیان لەئاست ئەوەی کەلە دەوریاندا رووی‌داوە بەستراوە.**

لەسەرەوەی ئەم دەوڵەتەدا کەسێک هەبووە بە" سەرگەورە "(١) ناوبراوە. کەس لەم دەوڵەتەدا لە ڕیزی دەرنەچووە. ئەم نەریتە لەباوانەوە بۆ نەوەکانی دی بە درێژایی ساڵان ڕاگوێزراوەو ماوەتەوە.

فرمانەکانی سەرگەورە بەشێوەیەک زیادیکردووە کەکۆتاییان نەبووە. وای لێهاتووە دانیشتوانی ئەم وڵاتە بەرگەی ئەم ژمارە زۆرە لە فرمانیان نەگرتووە. لەلایەکی تریشەوە نەیانزانیوە چۆن ڕووبەڕووی ئەم دوخە دژوارە ببنەوە. خوراگرتن بەراستی دژوار بووە.

بە زیادبوونی فشارەکان خەڵک دەستیانکردووە بەبیرکردنەوە و بەخۆیان گوتووە: "چیبکەین باشە ؟ "

فاڵچییەک لەناویاندا دەرکەوتووەو گوتوویەتی:

_ با بەناو کەلتورماندا بگەڕێین. بزانین لە کاتی وادا باپیرانمان چیانکردووە، با وەکو ئەوانبکەین.

ئەم قسەیان لا پەسند بووەو، بە مێژوویاندا گەڕاون. بەدییانکردووە کە باپیرانیان کاتیخۆی لە بەرامبەر زەخت و زوردا برۆیان گرژ و خۆیان مۆنکردووە.

گەلێك بەوەی کە سەرئەنجام توانیوویانە وانەیەکی باش لە کلتوری خویاندا بدوزنەوە خۆشحاڵ بوون. تێکڕا گوتوویانە: "چمان لەبەردەمدا نییە جگە لە برۆ گرژکردنەوە و، خۆ مۆن پیشاندان!".

ئەوسا ئیتر برۆیان گرژ و خویان مۆنکردووە. بەڵام ئەمکارە فشارەکانی سەرگەورەی کەم نەکردۆتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەر لەزیادبووندابووە. چەند فشارەکان زیادبوون،برۆکان زیاتر گرژبوونەتەوە و خویان زیاتر

مۆنکردووە. تا وای لێهاتوە ئیتر برۆکانیان لەوەندە زیاتر گرژنەبووە و دەموچاویان لەوەندە زیاتر مۆننەبووە.

لەدەم وچاویاندا شوێن نەماوە گرژ و مۆنیان نەکردبێت. تا وای لێهاتووە وڵات ئیتر بووە بە وڵاتی برۆگرژ و روخسار مۆنەکان.

چەند ساڵ دواتر، بە یەکجاری خەڵک لەو دەوڵەتەدا پێکەنین وخۆشییان لەبیرچۆتەوە.

کەسیان لەناودا نەماوە بزانێ پێکەنین چییە و مرۆڤ چۆن پێدەکەنێ.

یەکێ لە ناویاندا دەرکەوتووەو گوتوویەتی:

_ ئێمە دەرگامان لەسەر خۆمان داخستووە. نازانین لەدەرەوەی وڵاتەکەمان چ دەگوزەرێ.. با سێ کەس لە رۆشنبیرانی گەنجی ناو خۆمان هەڵبژێرین و بەنهێنی بیاننێرین بۆ سێ ناوچەی جیاواز. بۆ ئەوەی لەمەڕ رەفتاری خەڵکی ئەو ناوە لەبەرامبەر یاسا سەرکوتکەرەکاندا لێکۆڵینەوە بکەن و بگەڕێنەوە بە ئێمەی رابگەیەنن و ئێمەش رەچاویان بکەین.

سێ گەنجەکە لەسێ دەوڵەتی بێگانەدا بو سێ ساڵ ماونەتەوە. ئەوەی کە خەڵک لەوێ کردوویانە وەریان گرتووە و، گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتەکەیان. خەڵک لەگەڵیاندا کۆبوونەتەوەو لێیان پرسیوون:

_ چیتان بینیوە بۆمان باس بکەن!

گەنجی یەکەم گوتوویەتی:

_ "برۆ گرژکردنەوەم لەوێ بەدی نەکرد. خەڵک لەوێ پێدەکەنن و دەڵێن:"تیری. لەی . لەم!" ئێمەش گەر بمانەوێ لە زوڵمی سەرگەورە رزگاربین، دەبێت بڵێین:

"تیری. لەی. لەم.. تیری. لەی. لەم!" ئەوسا بە دەمییەوە پێبکەنین و سەما بکەین.

گەنجی دووەمیش گوتوویەتی:

_ هەروەها منیش یەک کەسی مۆنم نەبینی. ئەو خەڵکانەی کە لەم دەوڵەتەدا دەژین پێدەکەنن و دەڵێن:

"لەی. لەم. تیری. لەی. لەم. تیری!" ئێمەش گەربمانەوێ لە زوڵمی سەرگەورە رزگارمان ببێت، دەبێت هاوار بکەین و بڵێین "لەی . لەم. تیری.. لەی. لەم. تیری!" و پێبکەنین و گاڵتەوگەپ بکەین.

گەنجی سێهەمیش گوتوویەتی:

_ ئەو جێگایەی کەمن بۆی چووم کەسی تێیدا دڵتەنگ و مۆن نەبوو. ئەوانەی لەوێ دەژیان دەیان گووت: " لەم. تیری. لەی..لەم. تیری. لەی! " و پێدەکەنین، ئەگەر ئەمانەوێت لە زوڵمی سەرگەورە رزگاربین کەتادێت توندتر دەبێتو چیتر بەرگەی ناگیرین، دەبێت بڵێین:

"لەم . تیری. لەی ..لەم. تیری. لەی!" و پێبکەنین.

_ راستە، بەڵام چۆن پێبکەنین ئەگەر مانای ئەوەی دەیڵێین نەیزانین؟ نەتانزانی مانای ئەم تەری لەیلانە چیە؟

گەنجی یەکەم وەڵامی داوەتەوە و گوتوویەتی:

_ ئەیچون، خو من بە بەتاڵی نەڕۆیشتوم و هەرواش نەگەڕاومەتەوە. مانای "تیری. لەی. لەم" بە وەڕینی سەگێک بە هەموو کەسێ جگە لەخاوەنەکەی دەوترێ، کاتێ کە ئەم وەڕینە بەیەک دەنگ و یەک ئاواز دەردەچێ: "تیری لەی لەم!"

گەنجی دووەمیش ئەوها باسی لێکردوە:

_ بەڵام مانای " لەی. لەم. تیری! " ئەوەیە کاتێ ئاڵتون لەتای تەرازوویەک دادەنێن و پڕاوپڕ هەمان کێش لە چەو(٢) لە تای بەرامبەری دادەنێین، هەردوو تای تەرازووەکە بەڕێزەوە لەبەرامبەر یەکتردا دەچەمنەوە، بەم حاڵەتە دەوترێت" لەی. لەم. تیری!" گەنجی سێهەمیش گوتوویەتی:

سەبارەت بەمانای" لەم تیری لەی!": بەکرداری جیاکردنەوەی کۆیلەو خاوەنەکەی دەوترێ، کاتێ کە لەحەمامدا جلەکانیان دادەکەنن .

_ خۆشبەختبووین بەوەی کە ئەم شتانەمان زانی. با رۆشنبیران کاربکەن لەسەر شیکردنەوەی ئەم وتانە بۆ خەڵک. ئێمەش وەک وڵاتانی تر با بڵێین:" تیری. لەی. لەم.. لەی. لەم. تیری.. لەم. تیری.لەی! " و پێبکەنین و دڵخۆش‌بین.

هەرسێ رۆشنبیرەکە بڵاوبونەتەوە بەناو خەڵکیدا. ئەوەی کە بڕیاری لەسەردراوە کردوویانە.

_ تیری. لەی. لەم..!

_ لەی. لەم. تیری..!

_ لەم. تیری. لەی..!

لە هەموو جێگەو ماڵ و گۆڕەپانێک، دەنگ بەرزبووەتەوەو گوتوویانە:

"تیری لەی لەم... لەی لەم تیری... لەم تیری لەی!"

کاتێ کە سەرگەورە ئەم شتەی گوێ لێبووە برۆکانی گرژو دەموچاوی مۆنکردووە. گووتیان گوایە زۆر بەم دەنگانە توڕە بووە و، هەر دوو گوێچکەی

گرتووە. بەڵام سوودی نەبووە. لەو دیو دیواری زۆر ئەستورەوە دانیشتووە، دیسان ئەمەش کەڵکی نەبووە. نەیتوانیووە بەهیچ شێوەیەک لەدەست ئەم دەنگانەی کە زەوی‌و ئاسمانی لەرزاندوە خۆی رزگاربکات. چەندە پێکەنینی هاوڵاتیان زیادی کردووە، دەم و چاوی سەرگەورە مۆن‌تر بووە . چەندێک دەموچاوی خەڵك کراوەتەوە، دەموچاوی ئەو زیاتر مۆن بووە. برۆی گرژبووە. تا ئاستێک مۆن‌بووە کە ئیتر لەوە زیاتر مەجال نەبووە. لەودەمەدا بڕیارێکی تازەی دەرکردووە:




"گوتنی تیری لەی لەم.. لەی لەم تیری.. لەم تیری لەی! قەدەغەکراوە . هەرکەسێ ئەم دروشمە بلێتەوە بۆماوەی دەساڵ زیندانی دەکرێ!"

بەڵام خەڵک لەسەر هاوارکردن و پێکەنین راهاتوون، بە شێوەیەک کە ئیتر گوێیان بەم بڕیارە نەداوە. خەڵک پێکەوە هەموو لەیەک کاتدا هاواریان کردووە. بویە نەیانتوانیوە دەستنیشانی کەس بکەن و بیانگرن. بە ناچار سەرگەورە سزاکەی گەورەتر کردووە:

_ ئەوانەی پێدەکەنن گولەباران دەکرێن.

ئەم کارەش ترسی دروست نەکردووە.

بـەهـۆی ئـەمـەوە سـەرگـەورە بیـری لـەفێڵێکـی ژیرانـە کردۆتـەوە. ئـەو رۆشنبیرەی بۆکۆشـک بانگهێشت کردووە کـەخـەڵکی فێری" تیری لـەی لـەم" کردووە، تاپێی بڵێ:

_ من زۆر خۆشبەختم بە بیستنی دەنگی تیری لەی لەم. ئێوە وادەزانن کـەمن دژیـم! کـێ ئـەمـەی گوتـووە؟ بێگومـان دەبێت خـەڵـک بڵـێن تیـری لـەی لـەم و پێبکـەنـن، بـەڵام داوایـەکم لێتـان هـەیـە. ئـەویش ئـەوەیـە کـە تیـری لـەی لـەم دووردودرێژە، گەلەکەمان لەتوانایدا نیە رستەی ئاوها دووردودرێژ لـەبـەربکـات. ئاخۆ، لەتواناتاندا نیە کە دوو دەستەواژە لە پێناسەکەی لابەرن بەتـەنـها لـەپێنـاو ئاسان بوونی کارەکە لەسەرگـەل! لـەبـەرامبـەر ئـەم کـارەشتدا مانگانـە دووسـەد لیرەی ئاڵتون بۆ پێداویستییەکانت دەبڕمەوە.

رۆشنبیرەکە باوەڕی بەم پێشنیارە کردووەو گوتوویەتی:

_ باشە.

دواتـر روشـنبیرەکـە دوو دەسـتەواژەی لابـردووەو، ئـەم پێناسـە نوێیـەی بـە خەڵک گوتووە :

_ بە وەڕینی سەگ بەهەمووکەس جگەلەخـاوەنـەکـەی دەگوترێت تیری لـەی لەم..

سـەرگـەورە رۆشـنبیری دووەمـی بانـگکـردووەو هـەنـدێ پێـشەکـی بـۆ هێنـاوەتـەوەو داوای لێکـردووە دوو دەسـتەواژە لـەپێناسـەی لـەی لـەم تیـری دەربهاوێ. ئەمە لەبەرئەوەی گەل ناتوانێ دەستەواژەی ئاوها درێژ لەبەربکـات، ئەویش رازیبووەو لـەبـەرامبـەر ئـەمـەدا مانگانـە دووسـەد لیرەی ئـاڵتوونی بـو دابین کراوە. دواتر پێناسەی "لەی لەم تیری " بەم شێوەیە لێکردووە:

_ لاربونـەوەی دوو تـای تـەرازوویـەک لـەبـەرامبـەر یـەکدا کـاتێ ئـاڵتون و چـەو دەکێشین.

سەرگەورە رۆشنبیری سێهەمیشی هەڵخەڵەتاندووە. ئەویش لە بەرامبەر دووسەد لیرەی ئاڵتون‌دا بەخەڵکی گوتووە:

_ بە داکەندنی جلەکانی کۆیلە و خاوەنەکەی لەحەمامدا دەوترێ لەم تیری لەی..

خەڵک هەر پێکەنیون و گوتوویانە: " تیری لەی لەم.. لەی لەم تیری.. لەم تیری لەی ". بەڵام پێکەنین وەکو جاران نەبووە. بە ڕادەی دوو دەستەواژەکە پێکەنینیش کەمی‌کردووە. دەم وچاوی سەرگەورەش وەک جاران مۆن نەبووە. مۆنی بەقەدەر دوو دەستەواژەکە لابراوەکە کەمی‌کردبوو.

جارێکی‌تر سەرگەورە رۆشنبیری یەکەم بانگ دەکاتەوەو پێی دەڵێت:

_ ئایا ناتوانین دوو دەستەواژەی تریش لابدەین؟ نیازی من ئەوەیە کە گەل فێری پێناسەیەکی ئاسانتر بێت. وە لەبەندی مەسروفاتەکاندا دووسەد لیرەی ئاڵتونی ترت بۆدادەنێم. رۆشنبیر لە وەڵامدا گوتوویەتی:

_ باشە.

رۆشنبیری دووەم و سێهەمیش رازی بوون.

وای لێهاتووە تیری لەی لەم بووە بە: وەڕینی سەگ..

لەی لەم تیری بووە بە: کێشی ئاڵتون و....

لەم تیری لەی بووە بە: داکەندنی جلوبەرگ لەحەمامدا.

خەڵک هەر پێکەنیوون و گوتوویانە :" تیری لەی لەم.. لەی لەم تیری.. لەم تیری لەی" بەڵام پێکەنینەکەیان وەک جاران نەبووە، لەبەرامبەردا سەرگەورە باشتر پێکەنیووە. سەرگەورە هەر سێ رۆشنبیرەکەی بۆ کۆشک بانگکردۆتەوە و بەهەر یەکەیانی گوتووە:

_ دەمەوێت کارەکە لەسەر گەل سوک بکەم. ناتوانرێ پێناسەکە تەواو لابرێ و هەر " تیری لەی لەم.. لەی لەم تیری.. لەم تیری لەی " بمێنێتەوە. تێمدەگەن وانیە؟ ئەوەی من گەرەکمە ئاسان کردنیەتی بۆ گەل. لەبەرامبەر ئەم کارەشتاندا لەبەندی مەسروفات هەریەکەی مانگانە دووسەد لیرەی ترتان بۆ زیادەکەم.

رۆشنبیران ئەم پێشنیارەیان بەباش زانیووە.. لەگەڵ کورتکردنەوەی دەستەواژەکان، لەپێناسەکە هیچ وشەییەک نەماوەتەوە.. ئەوەی ماوەتەوە تەنها " تیری لەی لەم.. لەی لەم تیری.. لەم تیری لەی" بووە.

خەڵک ئیتر مانای ئەم وشانەیان نەزانیوە و دەموچاویان زیاترمۆن بووە. تا وایان لێهاتەوە ئەوانەی لەم وڵاتەدا ژیاون لەجاران زیاتر مۆن بوون . لەولاشەوە سەرگەورە لەوانەبووە لەپێکەنیندا بمرێ. خەڵک مۆن بوون، دەموچاویان داوە بەیەکدا، بێئەوەی مانای ئەوەی دەیڵێن بیزانن. پێکەوە هاواریانکردووە و گووتیانە:

_ تیری لەی لەم..

_ لەی لەم تیری..

_ لەم تیری لەی..

**بەم شێوەیە لەو ڕۆژەوە لەو وڵاتەدا ، لەلایەک خەڵکی هاواردەکەن: " تیری لەی لەم.. لەی لەم تیری.. لەم تیری لەی.." و لەلایەکی تریشەوە سەرگەورە چێژ لەژیان وەردەگرێ.**

**_ تیری..**

**_ لەی..**

**_ لەم..**

***

١. سەرگەورە : سەرۆک
٢. چەو : (خڕکە بەرد)